بۆ مێژوو

# فرمێسکی ڕۆشنا

## تراجیدیای عەشقێکی بێ ئاکام

ترا

نووسینی

مامۆستا محەمەد باقی سەعید

چاپی یەکەم ٢٠١٧

-

ناوی کتێب : فرمێسکی ڕۆشنا

ناوی نووسەر:  مامۆستا محەمەد باقی سەعید

تایپ و دیزاین : مەریوان مارف

تیراژ: ( ٥٠٠ ) دانە

چاپخانە : کارۆ

ژمارەی سپاردن :لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ( ١٨٢٠ ) ی ساڵی ( ٢٠١٧ ) ی پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

لەسەر ئەرکی نووسەر بە چاپ گەیەنراوە

# پێشکەش

پێشکەشە بەگیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی بزافی ڕزگاری خوازی نیشتمانی کوردستان . پێشکەشە بەدایکان وباوکان وبرایان وخوشکان وکەس وکاری جگەرسوتاو بۆ رۆڵە ئەنفال کراوەکانیان وشەهیدەکانیان ، ئەوانەی کەتائەمڕۆ ، دڵ بیریان ویادەوەریان ئاڕاستەیەو لەچاوەڕوانیدان دەم بەپرسیارن . تۆبڵێی تائەمڕۆ مابن ؟. نازانن رۆڵەکانیان چیان بەسەرداهات ، بەچی شێوەیەک لەناوبران ولەکوێ تیرۆرکران وجەستەکانیان بەژێرخۆڵەوە کران ؟ ! ئەی چیان لێکرا ؟ .
ئەوتاوانەو جینۆسایدە بێوێنەیە ، کەبەنیازی قڕکردن ولەناوبردنی کوردبوو بەیەکجاری ، بەدەستی چەپەڵی خوێناوی پڕلە تاوانی بەعسیە دڕندە بەشەریەکانی شۆفێنیزمی عەرەب ئەنجامدرا . کەبەدرێژایی مێژووی نەتەوەی کورد تاوانی بەوشیوە یەو ئەو کۆمەڵکوژیەی بەخۆیەوە نەدیوەو بەسەریدا نەهاتوە.
پێشکەشە بەگیانی پاکی ئەوشەهیدانە ، کەنازانرێت ، پێش ئەنفال کردنیان چیان لێکرا چیئازارو ئەشکەنجەیەکیان بەدەستیانەوە چێشت ، بەچی شێوەیەک کۆمەڵکوژ کران ؟. لەوکاتانەدا بێگومان هاوارو فۆغان وزایەڵەو زریکەو گریان وئاهو نزولەیان بوو ، بۆ فریاد ڕەسێک کەفریایان بکەوێت ؟. ئایا کەسێک بەدەنگیانەوە هات ؟. کەتەنها ویردی سەر زمانیان ئەوەبوو ، کە بەدەم ئازارو ئەشکەنجەی زۆرەوە ئەکڕوزانە ودوا هەناسەی نائومێدیان ئەوەبوو، تا ئاە ونزولەو پاڕانەوەیان بگاتە بارەگای یەزدان ، بەزەیی بێتەوە کەئەیان وتەوە :(خودایە ئیمە چی تاوانێکمان کردوە ! تابەم دەردە ببرێین، ! خودایە توگەورەیی خۆت بەدەنگماوە بێ وفریامان بکەوە ! هۆیەک نازڵبکە تافریاد ڕەسمان بێت ،! سنورێک دابنی بۆ ئەم تاوانانە! .
پێشکەشە: بەڕێبازو ڕۆشنا کە دوڵاوی کوردبوون کرانە نموونە یەکی زیندو بۆ هەرتاکێکی کورد ، بۆ ئەو لاوە ئەنفال کراوانەی کورد ، کە لەوساڵانەدا کەسێکی کورد دەستنەئەکەوت ونەمابوو کە بەدەستی بەعس وشۆڤێنیزمی عەرەب توشی زوڵم وئەشکەنجەو کارەسات وداماوی دەردی سەری نەبوبێت ،یان وزیندە بەچاڵ نەکرابێت پێشکەشە بەهەموو کوردێکی نیشتمانپەروەری ڕاست ودڵسۆزو ، دەستپاک .

# پێشەکی :

کاتی خۆی ئێمە مامۆستابووین لەدێی (دەرە توو) وەک مامۆستاو هاوڕیی خوێندکاران ، چەند ساڵیک لەوێ ماینەوە ، بەهەموو تواناو دڵسۆزی وبیری نەتەوەیی وکوردایەتی ، ئەوکاتانەمان بردە سەر و تەرخانکردبوو بۆخزمەتکردنیان ، هەرچی لەتوانامان‌دا هەبوو پێشکەشی ڕۆڵەکانی ئاواییەکەو خەڵکەکەمان کرد وئاڕاستەمانکردن ، بۆخەبات وکوردایەتی وکاری چاکەو ڕیزگرتن وبرایەتی وگیانی یارمەتی وئاشتی وخۆشەویستی ولێبوردەیی تەبایی وهاوکاری .

زۆر دڵمان خۆشبوو ئارامبوو ، کەلەدێیەکی وادا بتوانین خزمەتبکەین خۆمان بگونجێنین لەگەڵ دانیشتوانی ناودێ وببینە تاکێک لەوان وجیگەی بڕوایان بین وپشتمان پێببەستن ، هەرکۆسپ و تەگەرەو گیروگرفتێک لەژیانیاندا کەهەبێت ، پرس وڕاوێژمان پێبکەن ، زۆر ناکۆکی نێوانیان ئەگەر هەبوو ،چارەیان بکەین . خوێندکارەکانمان خۆش ئەویست وەک هاوڕێ لەگەڵیاندا ڕەفتارمان ئەکرد ، لەوخویندکارانەی کە لێمانەوە زۆر نزیکبوون ، لاوێکی تازە پێگەیشتوو بوو بەناوی (ڕێبازەوە) تەمەنێکی هەبوو گەورە بوو بەلام هەر لەخوێندن بەردەوام بوو ، وریاو زیرەک ولێهاتوو بوو ، ڕۆژانە لەگەڵماندا لەپەیوەندیدا بوو ولەدەورمان بوو ، حەزی بەخوێندنەوە بوو ، هەردەم پرسیاری ئەکرد ، ئێمەیش زۆر زانیاریمان بۆ ڕونئەکردەوە ، کەحەزی بەمێژوو وئەدەب بوو .

هەستمان کردبوو ، کەدڵی بەلای خزمێکیەوە بوو کە ئەویش خوێندکار بوو ، ناوی (ڕۆشنا) بوو ، تازە پێئەگەیشت نمونەیەک بوو لەجوانی وریایی . هەردوکیان لەپۆلی شەشەمدا دەوامیان ئەکرد. ئەویش حەزی بەخۆێندنەوە بوو ، هەردەم دەربارەی زانیاری هەمەجۆر پرسیاری ئەکرد ، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بەمێژووی نەتەوەی کوردەوە هەبوو. زۆرجار پرسیاری ئەوەی لێئەکردین لێرە ئێمەی کورد بۆحکومەتی تایبەتی خۆمان نیەو ژێر دەستەی عەرەبین ، هۆی چیە ؟. لەسەرو ئەوەشەوە ، ئەی بۆچی ئەمڕۆ لەعێراقدا عەرەب دوژمنایەتیمان ئەکەن وکۆمەڵکوژمان ئەکەن ، ناهێڵن بەئاشتی وهێمنی بژین ، خۆئێمە بەرامبەر ئەوان

خراپەو دەستدرێژیمان نەکردوە ، ئەی تاوانمان چیە؟. نەتەوەیەکی بێ وەیین لەوان کەمتر نین؟. ئەمڕۆ تەنها پیشمەرگەیە ، بەرگری وپارێزگاریمان لێئەکەن . ئەمانەوێت وەک هەموو گەلانی تر بەئاسودەیی وسەربەستی لەوڵاتی خۆماندا بەئازادی بژین .
دانیشتوانی دێی دەرەتوە ، وەک هەموو دێهاتەکان وناوچەکانی تری کوردستان هەموو وەک خێزانێکی بەختیار پێکەوە ئەژیان ، وەک هەموو دێهاتەکانی تری کوردستان بەکشت وکاڵ وئاژەڵداریەوە خەریکبوون.
لێرەدا نامانەوێت لەوەزیاتر بەدورو درێژی باسی بەسەرهاتیان بکەین. ئەی هێڵینەوە بۆ خوێننەری بەڕێز. ئێمەی مامۆستاش ماوەیەکی زۆر خزمەتی خوێندکاران وخەڵکی ناو دێمانکرد ، وامان بەباشزانی یادەوەریمان دەربارەی ناودێ و ڕۆشناو ڕێباز وبەسەرهاتیان بنووسینەوە ، بەتایبەت کە هەردوکیان دڵداری وعەشقێکی بێوێنە کۆیئەکردنەوە ، ئێمە هەر زو دەرکمانکردبوو بەوشێوە دڵداریە پاکەی کە لەنێوانیاندا هەبوو .
بەسەرهات وژیانی هەردوکیان ودانیشتوانی ناودێ بۆخوێنەری بەڕێز بەجێ ئەهێلین . لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەدوای هەواڵیانەوە بووین ،تا دواساتی کۆتایی ئەم ڕۆمانە ، کاتێک هەموو لاکانی ڕوداوەکەو بەسەرهاتی ژیانیان ڕوونبووەوە.
پەیوندیمانکرد بەهەموو ئەوکەسانەی کەلەناو ڕووداوەکاندا ژیابوون و ولەگەڵیاندا ژیابوون ، خزم و کەس وکاریانبوون . دەستمانکرد بەکۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی بەسەرهات وژیانیان ، زانیاری زۆرمان وەرگرت وکۆمانکردنەوە ، دوایی دەستمانکرد بەڕێکخستن ونووسینەوەی وگێڕانەوەی ساڵ بەساڵی ژیانیان وبەسەرهاتیان وئاوایی ، وەک ئەوەی ئەمڕۆ لەبەردەستدایە.
هیوادارین خوێنەری بەڕێز خۆی دوای بکەوێت وهەمووی بخوێنێتەوە ،کەلەداستانی مەم وزین ، خەج وسیامەند ، شیرین وفەرهاد، کەمترنیە واژووی مامۆستایانی دێی دەرە توولەجیاتیان

**مامۆستا محەمەد باقی سەعید**

**سلێمانی ساڵی ١٩٨٨**

# بەشی یەکەم

## ئاوایی داره توو

دێی دەرەتوو یەکێک بوو لەدێهاتەکانی کوردستان، لەدۆڵێکدا لە ناوچەیەکی شاخاویدا هەڵکەوتبوو ، لەبەردەمی دۆڵەکەدا دەشتاییەک هەبوو ، خەڵکی ئاوایی بۆکشت وکاڵ وبژێوی وبەردەوامی ژیانیان کەلکیان لێوەرئەگرت، ماڵەکانیش لـەقـولایی دۆڵـەکـەدا بەبەرزاییەوە، بەدەم شاخەکەوە ،هەڵکەوتبوون دروستکرابوون ، زۆرترینی ماڵەکـان بەسەر یەکتریدا ئەیانڕوانی . هەموو دانیشتوانی ناودێ لەماڵەکانیانەوە ، بەتـایبەت لەبانیژەکانیانەوە بەردەوام یەکتریان ئەبینی ، بەتایبەت لەوەرزی هاویندا ولەهەندێک مانگی بەهارو پایزدا ، ئەگەر خەڵکی ناودێ لەدەرەوە لەسەربانیژەکانیاندا دابنیشتنایە. خەڵکەکە بەزۆری بەکشت وکاڵ وئاژەڵداریـەوە ئـاڵ وگـۆڕو فرۆشـتنی بەروبـوومەوە خەریکبوون .

بەیانیان دیمەنی ئاوایی شێوەیەکی تری وەرئەگرت، هەرکەسـە بـەکـارو فرمانێکـەوە خەریکبوو، سەر قاڵی چوونە سەرکاربوون ، بەیانیـان جووتیـارەکـان ئـەبینـران ولە ماڵەکانیـانەوە دەرئەچـوون، بـەشـێکیان ئـاژەڵ و وڵاخـەکانیـان داوەتـە پێـشخۆیان بەتوێشەبەرەوە بەرەو کێڵگەکانیان ئەچن ، یان بێڵیان بەشانەوەیە لەگەڵ پاچەکۆڵە ، بەشێک بەئامێری جووتەوە وڵاخەکانیـان پێـشخۆیان داوە ، بـەرەو کێڵگـەو شـوێنی کاریان بەڕێوەن. شوانەکان مەڕومالاتیان بەرخۆیانداوە بەرەوخوار ئەڕۆن بۆلەوەڕاندنیان لە ناو پاوەنەکاندا . خەڵکی کەی ئاوایش هەر یەکەیان بەرەو کاری خۆیان بەڕێوەن. منـدالانی نـاو دێ لەکـوڕان وکچـان ئەبینـران بەیـاری وڕاکـردن بەرەو خوێنـدنگە بەڕێوەبوون.

لەدراوی دێیەکەدا مزگەوتەکەیان دروستکرابوو ،کەلەخوار کانیەکەی ئاواییەکەوە بوو . هەندێک لەخەڵکەکە هەر لەدەوری مزگەوتەکە ، لەخوار ئاواییەوە، چەند دوکانێکیان دروسـتکردبوو، کـەبـەشـێک بـوون لەخانووەکانیـان ، کەلە نزیـک مزگـەوتـەکـەوە جیاکرابوونەوە، بەشیکیشیان هەر لە مزگەوتەکە جیاکرابوونەوە .

لەبەردەم مزگەوتەکەدا گۆڕەپانێکی گەورەی نزیک هەبوو ، لایـەکـی ئـەو گـۆڕەپـانـە جیاکرابووەوە وەک پەچەی گاگەڵ بۆحەوانەوەی مەڕومالات بەکارئەهێنـرا . لایەکەی

کەی خەڵکی ئاوایی ولاوان ، هەردەم لەوناوەدابوون ، زۆر جار بەیاریەوە خەریکبوون .
لەپەنای مزگەوتەکەدا کانیەکی پڕئاوی سازگاری لێبوو ، کرابوو بەدوبەشەوە بەشێکی بۆ ناو مزگەوتەکە ئەچوو ، بەشێکی کەی تایبەت بوو بۆکانی ژنان ، کەلە تەنیشتی خواروی مزگەوتەکەدابوو .
ئاوی کانیەکە لەدراوی دێیەکەدا بۆ بەرهەم هێنانی بەروبوومی کشت وکاڵی پێویست بۆخەڵکی ئاوایی بەکار ئەهێنرا ، بەتایبەت بۆ وەبەرهێنانی سەوزە ، لەسلق کەوەرو کەرەوز تورو شێلم وبامێ وتەماتەوبایەنجان .
قەدپاڵەکان وپێدەشتەکانیش بەڕەزو باخ ومیوەهاتی هەمە جۆر ودارستانی سروشتی ڕازابوو نەوە ، قەبر سانەکەیش لەسەرگردێکی خوار دەراوی دێ بوو .
لەخوار دێکە لە نزیک مزگەوتەکە ، خوێندنەگەکەی ئاوایی لەشوێنێکی تەختاییدا دروستکرابوو . سێ مامۆستا لەگەڵ بەڕێوەبەری خوێندنگەکە وانەیان تیائەوتەوە ، ڕۆژانە قوتابیانی ناو ئاوایی بەیانیان بەکتێب وتورەکەو جانتاکانیانەوە بەکۆمەڵ بەرەوخوار ئەبوونەوە ، بەرەو خوێندنگە ئەچوون . لەبەرکەمی مامۆستا ، هەر دو پۆلی قوتابی لە ژورێکدا کۆکرابوونەوە ، کەبەهەموو سێ ژوری خوێندنیان داگیرکردبوو. بەیانیان مندالآنی ناودێ بەکوڕوکچەوە پۆل پۆل بەرەو قوتابخانە ئەبوونەوە ، کە ئەگیشتنەیەک بەڕویەکی خۆش ودەم بەپێکەنینەوە بەیاریەوە بەرو ڕوی یەکتر ئەچوون ، بە پرسینی هەواڵی وانەکان وتاقیکردنەوە وچۆنی وچاکی وڕۆژباش وتەوقەوە خەریکئەبوون ، بەدەم یاری وڕاکردن وهاوارو وقسەی خۆشەوە ، کاتی پێش دەستپێکردنی خوێندنیان بەسەرئەبرد . لەولاشەوە کۆمەڵێک کچوڵە لەگەورەو بچوک ئەبینرێن ، کۆمەڵبوون بەیەکەوە بەکتێب ودەفتەرو پێویستی قوتابخانە بەدەستەوە بەشانیانەوە بەڕێوەن ، هەموو لەبەردەم قوتابخانەدا یەکئەگرنەوە ، بەکۆمەڵ ئەچنە ژوری پۆلەکانی قوتابخانە .
ڕۆشنای مامە وەیسە: یەکێکە لە قوتابیانی پۆلی شەشەم لەگەڵ هاوڕێکانیاندا ، لە گەڵ کوڕوکاڵی ناودێ هەموو بەیەکەوە ئەخوێنن .ڕێبازی مام ڕۆستەم : یەکێکە لەولاوە تازە پێگەیشتوانە کە قوتابی پۆلی شەشەمە، هەموو بەخۆشیەوە بەڕویەکی پڕ

له زەردە خەنەی ساكاری بێخەمی دنیایی ودڵنیاییەوە، بەدڵێكی پڕ لەهیواوە، هەریەكە لەپۆلەكەیدا لەشوێنی خۆی لەسەر مێزەكەی دائەنیشێت . وەک باسكرا خوێندنگەكە كەوتبووە دەراوی دێ ، لەبەركەمی مامۆستاو كەمی ژمارەی قوتابیان ، هەموویان لە سێ ژوردا كۆكرابوونەوە یەک ودوو بەیەكەوە لەژورێكدا كۆكرابوونەوە ، هەروەها سێو چوار بەیەكەوە ، قوتابیانی پۆلی پێنجەم وشەشەم كرابوون بەیەک پۆل ، هەرپۆلە لەسەر ڕیزە كورسیەكی ئەم بەرو ئەوبەری پۆلەكە دانیشتبوون .

ڕۆشنا لەڕیزی دوەمی كورسی پێشەوەی پۆلی شەشەم دانیشتبوو ، ڕێبازیش لەڕیزی سێیەمی دوای ئەودا، لای پەنجەرەكەوە دانیشتبوو ، وەک باسكرا لەقوتابیە دەركەوتووەكانی ناودێ وخوێندنگە بوو .

ڕۆشنای مامە وەیسە: كەلەپۆلی شەشەمدا دەوامی ئەكرد لەقوتابیە زیرەک ودەركەوتوەكان بوو تەمەنی بەسیازدەساڵ مەزەنە ئەكرا ، كچیكی كەڵەگەت بوو تازەهەڵیدابوو ، قژ زەردو ڕومەت ئاڵ ودەم وچاو پڕو سپی پێستبوو ، بەدوچاوی گەشی شینی سەوزباویەوە پارچەیەک بوو لەجوانی . بەهەموو بەیەكەوە ڕۆشنایان كردبووە پەیكەرو نەخشێكی ساكاری سروشتی خواكردی جوانی لادێ ، بەودەم وچاوەگەشە خواكردەیەوە وێنەیەكی بێهاوتای پێوەدیاربوو ، زەردەخەنەی سەرلێوی ئاڵی قەیتانی گەهەرگیز لەدەم وچاوی جیانەئەبووەوە ، دڵی هەموو یەكێكی ڕائەكێشا بۆلای خۆی وخۆشی بووێت . هەردەم دەستی بەخۆیدائەهێنا. بەوشیوەو جوانیەی دڵی بینەران ودڵدارانی ئەبردە دنیای خەیاڵ وخۆشیەوە ، بەلەش ولاری میسری گۆشت وشۆخ وشەنگی وبەو بەژن وباڵایەوە ، نمونەی هەیكەلی یۆنانی ئەهێنایەوە یاد، بەلەنجەولاری وگوزەروهات وچۆی هەموو مەرجەكانی شاجوانی كچەكوردێكی هەڵكەوتوی دڵفرێنی تازەپێگەیشتوی لادێی وتەواوئەكرد .

هەردەم بەكراسێكی گوڵ گوڵی سەوزو سورو زەردو وەنەوشەییەوە، بەسوخمەی ئاڵی تەسک وپڕ جەستەی ناسكیەوە بەوباڵا ڕێک وپێكەیەوە ، تابلۆیەكی كردگاری بێوێنەبوو ، بەعیشوەو نازەوە كەگوزەری ئەكرد. نمونەی شاگوڵێكی گەشاوەی ئەفسانەیی كچەكوردێكی لاوی لادێی سادەو ساكاری سروشتی بوو، وەک وتمان

تەمەنی بەسیازدەسال زیاتر مەزەنەئەکرا ، بەڵام بە ناسنامەی شارستانی تەمەنی لەوە کەمتر دانرابوو.

**ڕێبازی مام ڕۆستەم :** لاوێکی تازە پێگەیشتوی ئاواییەکەبوو تەمەنی لە پازدەساڵ تێپەڕبوو بەڵام لە ناسنامەی شارستانیدا بەکەمتر دانرابوو ، کەلەهەموو دێهاتەکانی کوردستاندا واباوبوو ، خوێندکارەکان تەمەنیان ، زیاتر بوو لەوەی کە بەفەرمی تۆمارکرابوون ، بەڵام ئەگەر سەیری بەژن وبالای ڕێباز ولەش ولاری وڕواڵەتی بکرایە ، تەمەنی لەوەزیاتر مەزەنە ئەکرا ونیشانەی هەرزەیی پێوە دیاربوو ، کراسێکی سپی لەبەردابوو ، لەگەڵ شەرواڵێکی رەنگ خۆڵەمێشی ، جوتێک کڵاشی دۆمی لەپێئەکرد ، نمونەی لاوێکی لەسەرخۆو وریابوو، خوێندکاری پۆلی شەشەم بوو ، زیرەک وریابوو ڕەفتاری پیاوانەبوو . هەردەم بەخۆێندنەوەی مێژوو جوگرافیاو زانست ودیوانی شاعیرانی کوردەوە خەریکبوو ، مامۆستاکان خۆشیان ئەویست ، هەردەم وەک هاوڕێ لەگەڵیدابوون وهاوکاری بوون ، لەخوێندنەوەدا یارمەتیان ئەدا ، هەر بەو ئاقارەدا ئاڕاستەیان ئەکرد ، تابێتەلاوێکی پڕ هەستی نیشتمان پەروەری ودڵسۆزی ، ڕۆشن بیرو شارەزا لەمێژوو نەتەوەی کورد دا ، ڕۆژانە وەرامی هەموو پرسیارەکانیان ئەدایەوە ، وڕێزیان لێئەگرت ، لاوێکی ڕوخوش وقسەخۆشبوو لەناو هاوڕێکانیدا وخەڵکی ئاوایی خۆشەویست بوو ، زۆر ڕێزیان لێئەگرت.

**بەهاردا لە ڕۆژێکی دەستپێکردنی خوێندندا دەوام ئاسایی بوو :** بەیانیەک لەوکاتەدا کەخوێندکاران لەشوێنی خۆیان لەپۆلەکانیاندا دانیشتبوون ،چاوەڕوانی هاتنە ژورەوەی مامۆستا بەڕێزەکانیان ئەکرد . لەپڕ مامۆستای مێژوو وجوگرافیا دێتەپۆلی شەشەمەوە ، نەخشەیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بەدەستەوەبوو ، لەدوای ڕۆژباش وماوەیەک بێدەنگی ، دەستئەکات بەهەلواسینی نەخشەکە بەسەر تەختە ڕەشەکەدا و دەستئەکات بەوتنەوەی وانەکەی ، ئاماژەئەکات بەوشوێنانەی کەکوردی تیائەژین ، هەر بەو پێیەو بۆچوونەی کەمەبەستی بوو ، جوگرافیای کوردستان وسنوورەکانی بۆ خوێندکارەکان دەستنیشان بکات ، بەپەنجە پێشانی خوێندکارەکانی بدات ، بەڕونی دیارییکات .هەر دوای چەند خولەکێک . لەدەرگای پۆلەکە ئەدرێت وبەڕێوەبەری

قوتابخانـــەکە داوا لـــەمامۆســـتا ئـــەکـــات کـــەڕێگـــەی بـــدات بێتـــەژورەوە .
لەگەڵ هاتنە ژورەوەیدا چەند لاپەڕەیەکی نووسراوی بەدەستەوەیە ، داوای لێبووردن لەمامۆستا ئەکات ، داوائەکات کەڕێگەی بدات لەگەڵ خوێندکاراندا ، بۆماوەیەک گفت وگۆبکات تا ئامۆژگاری وچەند خاڵێکی لە بیردایە، ئەیەوێت بەخوێندکارانی ڕابگەیەنێت بەڕێوەبـەری قوتابخانـە پێـی ڕاگەیانـدن : کەتـاقیکردنەوەی گـشتی پـۆلی شەشـەم بەڕێوەیە وبەوهۆیەوە دەستئەکات بەئامۆژگاری کردنی خوێندکاران ، کەلەوانەکانیاندا بەجـەختـبن و هـەردەم بەپیـاچوونەوەی وانەکانیانـدا وخوێنـدنەوەیان وخـەریکـبن ، لەدواییدا دەستئەکـات بـەخوێندنـەوەی ئـەولاپـەڕانـەی کـە بـەدەستیەوەبـوو، نـاوی ئەوقوتابیانەی تیابوو، کەهاوبەش ئەبن لەتاقیکردنەوەی گشتی پۆلی شەشەمدا ، کە لەسەنتەری ناحیەدا لەمانگی حوزەیراندا ئەنجامئەدرێت ، ڕۆشناو ڕێباز لەوخوێندکارانە بوون کەهاوبەش ئەبن لەتاقی کردنەوەی گشتیدا ، بەڕێوەبەر خشتەیەکی دەرهێنـاو دەستیکرد بەنووسینەوەی خشتەیەک لەسەر تەختە ڕەشەکە ، ئامارەبوو بۆ ڕۆژانـی تاقیکرنەوەی وانەکان .دواجار ئامۆژگـاری کـردنەوە، کەبـەخوێندنـەوەو لەبەرکردنـی وانەکانیانەوە زۆر خەریکبن ، ڕۆژانەکۆششی زۆربکەن ، بـەهیـوای ئـەوەی هـەمـوو نومرەیەکی باش بەدەستبهێنن وتابەو شێوەیە سەرمان بەرزبکەنەوە و بە ئەنجامەکەی ئیمەیش سەربەرزبین . ئێوەی خوێندکاریش تابەو هـۆیەوە لەژیانـدا سـەرکەوتووبن. وتی :ئەوەش بزانن کە مامۆستاکان زۆرترین کاتیان تەرخانئەکەن بۆ وتنەوەی وانەو وەرامدانەوەی هەر پرسیارو ڕونکردنەوەیەک وگیروگرفتێک ئەگەر هەتان بێت هەستتان کردبێت کەتێگەیشتنی ئاسان نیە وتی ؛ ئەبێت هەمووتان ، لەڕۆژانی تاقیکردنەوەدا لەکاتی خۆیدا بێدواکەوتن زوو ئامادەبن ، بەڕێ ببن تا لەهاوبەشکردنی تاقیکردنەوەدا دوانەکەون وبیبەش نەبن. لەمانگی حوزەیراندا لەڕۆژانی تاقیکردنەوەدا ،خوێندکاران ئەبووایە بەیانیان زوو ئامادە ببونایە ، مـاوەیـەک بـەپـێ بـەرەو جـادەی سـەرەکـی برۆشتنایە ، تا لەوێوە لەکاتی گونجاودا بەئۆتۆمۆبیل بەرەو سەنتەری ناحیە بچوونایە ڕۆشناو ڕێباز بـەهـۆی خزمایـەتیـەوە لـەڕێگـەدا بـەیـەکـەوەبـوون ، لـەگـەڵ هـەمـوو خوێندکارەکاندا ڕۆژانە زۆر زو لە ناودێوە بەرەو شەقامی سەرەکی بەڕێئەبوون ، لەوێوە

هەرچیان دەستبکەوتایە لەهۆی هات وچۆ، سواریئەبوون بەرەو ناحیە ئەچوون ، زۆرجاریش هەردوکیان تاکئەبوونەوە بەقسەی خۆش وباسی تاقیکرنەوە وپرسیارو وەڵامەکانەوە خەریکئەبوون .

لەو سێرەو تەمەنەدا خۆشیەکی زۆر بوو بۆ هەردولایان کە ئەوساتانە ، بەیەکەوە بەقسەو نوکتەی خۆش و باس وخوازی ڕۆژانە بەسەربەرن ، تا وایلێهات هەردوکیان هۆگری یەکتر ببن ، حەز بەوساتانە بکەن کەبەیەکەوە تەنیا ئەبنەوە . لەناودڵ ودەرونی هەریەکێکیاندا وزەیەکی بزوێنەری بەهێزی بێوێنەی لاوێتی وهەرزەیی جۆشیئەخوارد ، نەیان ئەزانی چی سرێکە ووزەیەکەو هێزێکی پەنهانیە بووەتە هۆ وپاڵپێوەنەریان ، لەیەکتری نزیکیان ئەکاتەوە ودڵی هەریەکیکیان بۆلای یەکتری ڕائەکێشێت ، واکاری تێکردون کەحەزئەکەن هەردەم بەیەکەوەبن ، بەدەستی خۆیان نیە ، هێزێکی پەنهانی ئەیان بزوێنێت ورایان ئەکێشێت بۆلای یەکتری و بەرەو دنیایەکی خەیاڵی پڕلەخۆشی وئارەزو ئەیانبات .

نەیانئەزانی کەوزەو سروشتێکی ئەزەلیە لەلەش ودڵ ودەرون وگیانی هەموو مرۆڤێکداو گیانلەبەرێکدا هەیە ، لەتەمەنێکدا لەدەرون وگیان وهەستیانداگەشە ئەکات وجۆشئەخوات . لەئیرادەیان بەهێزترەو ، کەئەو وزەو خۆشی وئارەزوە ، لەگیانی هەموو مرۆڤێکدایەو بەرجەستەیە ، لە هەموو گیان لەبەرێکیشدا هەیە . کەهۆو بەردەوامی ژیانە ونوێ کردنەوەیەتی ، لەناو دڵ وجەرگ ودەرونی هەموو گیان لە بەرێکدایە ، هیچ هێزێک نیە ڕێگەی لێبگرێت بەرەو ڕوی بێتەوە وبیرەوێنێتەوە مرۆڤ لەئاستیدا بێئیرادەیە و کەسێکیش نیە بەرگەی بگرێت .

ئارەزویەکی خۆشی ودڵداری باڵیکێشا بەسەر بیرو هۆشی هەردوکیاندا و بەرە بەرە کەوتنە داوی دڵداری وخۆشەویستیەوە بێئەوەی وشەیەک لەلای یەکتری بدرکێنن . ڕۆژانی تاقیکردنەوە وهات وچۆی ڕۆژانەو ڕێگەوبان ، بووە خۆشکەری سۆزی دڵداری وخۆشەویستیان ،هەموو دەربڕینی هەستی خۆشەویستیان بەرامبەر بەیەک ، هاتە سەر سەیرکردنی یەکتری ، تێر نەخواردنی چاویان . هەرنیگارێکی چاوی ڕۆشنا ، بروسکەیەکی پڕ لەتیشک وگەرمایی خۆشەویستی ئەنارد بۆ ناودڵی ڕێبازی هاوڕیی ،

کاریئەکردە سەرناخی، لەناو دڵی هەریەکێکیاندا ئەیچەسپاندو بەڵێنی هەتا هـەتـایی وتارمایی وخۆشی ئەدا بەدڵی هەر یەکێکیاندا ، کە هەرگیزو بـەردەوام وزەبـەخـشی خۆشـەویـستیان بێـت لـەنـەخـشی بـەردیـش بـەردەوامتربێـت کوژانـدنەوەی نەبێـت. هاوین هات وئەنجامی تاقیکردنەوە بڵاوکرایەوە ، ڕۆشناو ڕێباز لەڕێزی دەرچووان بوون . کەبەیەکەوە هەریەکەیان بیریان لەدوا ڕۆژی خۆیان ئەکردەوە ، ئەوهاوێنە فرسەتێک بوو بۆ هەردوکیان بۆبینینی یەکترو ، دانیـشتن وگـەڕان بـەنـاو بـاخ وبێـستان ونـاو ڕەزەکان وناو خەرماناندا . لـەوشـووێنانەدا ئـەوهاوێنـەیـان بـەخۆشـیٚ بـردەسـەر ، هەرساتێکیان بۆیان هەڵکەوتایە، ئەیانکردە لانەیەکی دڵـداری وخۆشـی ، هـەمـوو کاتەکانیان بەژوان وخۆشەویستی ودڵداری وخەندەو پێکەنین وخوێندنـەوەی پارچـە شیعری دڵداری بەسەرئەبرد ، کەتائەم ساتەیش خۆشەویستیان بەرامبەر یەکتر ئاشکرا نەکردبوو ، ڕازی دڵیان بۆیەکتری باسنەکردبوو نەدرکاندبوو ، دەرنـەبڕیبـوو تەنهـا ئەوهەستەیان یەکی خستبوون.

## ژیان لە ئاوایی دارە توودا

زۆرترین دانیشتوانی ئاواییەکە خزمی یەکتری بوون ، مزگەوتەکەی ناودێ لەبەشی خواروی ئاوایی دروستکرابوو. لەبەردەمیدا گۆڕەپانیکی گەورەهەبوو دانیشتوانی ئاواییەکە بەشیوەیەک بەشێکیان ڕێکیانخستبوو کەبۆ دانیشتن وکۆبوونەوە دەستبدات ، خەڵکی ناو ئاوایی هەردەم لەبەردەم و لەناو مزگەوتەکەدا کۆئەبوونەوە ،وبەیکەوەبوون وهات وچۆیان بوو. لەدوای ئەوەی لەکارو فرمانەکانیان ئەبوونەوە ، لەوێ کەکۆئەبوونەوە خەریکی ڕازو خوازو باس وگلەیی دنیایی وقسەی خۆشبوون ، لەگەڵ ئەوەشدا هەردەم خەریکی گێڕانەوەی دەنگ وباس وهەڕەشەو کاری نامەردانەو تاوانەکانی دام ودەستگای بەعسی بوون ، کەدژی گەلی کوردمان بەردەوام ئەنجامیانئەدا . زۆر جاریش بەباسی سەرکەوتنەکان وجم وجوڵ و چالاکیەکانی پێشمەرگەوە خەریکئەبوون .

وەک باسکرا لەدەراوی دێدا هەندێک لە دانیشتوانی ئاوایی بەشێک لەخانووەکانیان جیاکردبووەوە وەک دوکان بۆفرۆشتنی هەندێک پێویستی ژیانی ڕۆژانەی دانیشتوانی ناو دێ ، وچایخانەیەکیان بەشێوەیەکی سادە لە مزگەوتەکەدا جیاکردبووەوە ، رۆژانە کوڕوکاڵ وخەڵکانی ناودێ کاتیان تیا بەسەرئەبرد.

لەوکاتەدا هێرش ودەستدرێژی بەعس ولەشکرە تاوانکارەکەی بۆسەرکوردستان لەئارادابوو ، لەشکری عێراق تازە لەشەڕی ئێران بوو بووە وە دەستی بەتاڵبوو . سەدامی خوێن ڕێژ کە لەئەو بارەگرانە دەستکردە دوژمنایەتیەی دژی ئێران بەرپای کردبوو ، بێئەنجام بڕایەوە، بۆشەڕوتاوانێکی تر ئەگەڕا . بەهەلی زانی ئەم جارە دژی نەتەوەی کورد ئەنجامیبدات . هەر بەو نیازە دەستیکرد بەکۆکردنەوەی هەموو لەشکرەکەی ، وەک وترا بەمەبەستی ئەنجامدانی نیازەگڵاوەکەی دژی نەتەوەی کورد وئاڕاستەکردنی بەرەو کوردستان ، دوای ئامادەباشی تەواو ، بەوهەموو چەکە کۆمەڵکوژیەکەیەوە کەهەیبوو، لەشکرەکەی بەرو کوردستان بەڕێکردو ئاڕاستەکرد ، بۆ کۆمەڵکوژی و (جینۆسایدی)و لەناوبردنی گەلی کوردو قڕکردنی بەیەکجاری . قۆناغ بە قۆناغ ئەم تاوانەیان ئەنجامئەدا ، هەر قۆناغێکیان بەناوی ئایەتێکی

قورئانیەوە ئەنجامئەدا ، کەهەموی لەژیر ناوی (ئەنفال )دا بوو ، کە ئایەتێکی قورئانیە ، لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئاایینی ئیسلامیدا نووسرابوو وترابوو .بەم مانایەبوو ( کەلەشکر کەشی بکەن ئامادە باشی تەواوی چەک پێویست جەنگ ئامادەبکەن دژو بەرامبەر بەکافران وئەوانەی کەدوژمنی خوداو ئێوەن لەگەڵ ئاایینی ئیسلامدانین دژی ئەم دینەن)، بەشیوەیەکی وەحشیانە تاوانەکانیان ئەنجامئەدا ، کە دەقاو دەقی ئەو ئایەتە ئەوەیە ئەڵێت (هەرچی لەبەر لەدەستدا هەیە لەهێز وچەک و وڵاخی بەرزە بەکاری بهێنن دژی ئەوانەی کە لەسەردێنی ئیسلام نین وکافرن بۆئەوەی دوژمنانی خوداو ئێوەی پێ بترسێنن) بەپێی ئەو ئایەتە قورئانیە موسوڵمان بۆیانهەبوو ، دەست بەسەر هەموو مال هۆی ژیانی کافراندا بگرن ، ئەیان وت : ژن ومنداڵیان عەیالیان هەموو حەڵاڵی ئێوەیە، سەریان بۆئێوەیە چیان لێئەکەن بەئارەزوی خۆتانەو بەدەست خۆتانەو سەربەستن خوا حەڵاڵی کردوە بۆتان ، ئەگەر لەخۆیانەوە تەسلیمبوون وبوونە موسوڵمان باشترە، ئەوانەی عەرەب نین هەرچەندە موسوڵمانیش بن ئەبێت هەر سەرانە بدەن، ئەگەر نەبنە موسوڵمان بکوژرێن ، وهەرچیان هەیە لەموڵک ومالّ وخێزان لە ژن ومندال بۆ خۆتانە ، دابەشیان بکەن بەسەر خۆتاندا. ئەم ئایەتە لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا هاتەخواری ، بۆ یەکەم جار بەرامبەر بەکافران بوو، پیاوی عەرەبی وەها هەبوو دەستی بەسەر موڵک ومالّ وخێزانی کافراندا گرتبوو ،موڵک و مالّ وکۆمەڵێک ژن ومنداڵی کافرانی بەرکەوتبوو .

بەڵام ئەم جارە بەرامبەر نەتەوەی کورد ئەم ئایەتە نوێکرایەوە وەک یەکەم هەنگاو وبەرامبەر بەنەتەوەی کورد بەکارهێنراو ئەنجامدرا. بەبەڵگەی مێژوویی ساغکراوە هەیەو ولەڕاستی وکرداردا وایە، نەتەوەی کورد لە عەرەبە جاهیلەکان زیاتر پەیوەندی بەدینەکەیەوە هەبووە وهەیەتی پاراستویەتی ولەوان باشتر پەیڕەوی کردوەو،بەدینترین بووە . کە ئەوان ئەمڕۆ ئێمە لەڕیزی کافراندا دائەنێن ، بەپێچەوانەوە خۆیان کافرن . لەتەڕی بەهاری ئەوساڵەدا خەڵکی ناو دێ هەستیان بە مەترسیەکی زۆر ئەکرد. هەر لەبیرو لەتاوتوێی کاتی پەلامارو ئەنجامدان ودەستدرێژی وجەورو ستەمی بەعسدابوون ، کەی هێرش ئەهێنن ، نیازە گڵاوەکانیان کەی جێبەجێ ئەکەن ؟، پەلاماریان ئەدەن .

دانیشتوانی ناو دێ هەموو ئێوارەیەک لەدوای تەواو بوونی کارو فرمـانی ڕۆژانـەیـان لەبەردەم مزگەوتەکەدا ، کۆئەبوونـەوە بـەبـاس وخـوازی دنیـایی ورِوداوی ڕۆژانـەوە ودەوروبەر وناوچەکەو وڵاتیان خەریکبوون تائێوارەیەکی درەنگ ئەمانەوە .

## باخ و بێستانەکەی ماڵی ڕۆشنا

باخ وبێستان وڕەزەکەی ماڵی باوکی ڕۆشنا ئەکەوتە خوارئاواییەکەوە، بەقەد پاڵەکەوە بوو بەرەو دەشتاییەکەی دەراوی دێ درێژ ئەبووەوە ،ماڵی باوکی ڕۆشنا لـەدامێنـی باخەکەدا کەپرو کۆختەیەکیان دروستکردبوو ، بـۆ حـەواندنـەوە لـەگـەرمـای هـاوین وسەرمای زستان ، وڕاپەڕاندنی کارو پێویستی باخ وبیستانەکەیان وبۆپاراستنی کەل وپەل وپێویستی کشت وکاڵی ناو باخەکەیان ، بەشی خوارەوەی باخەکە نزیک سەرە ڕێـــی ســـەرەکـــی ، هـــات وچـــۆی دانیـــشتوانی نـــاو ئاواییـــەکـــەبـــوو.

ڕۆژانە ڕوشنا لەگەڵ برابچکۆلەکەیدا ئەهاتن بۆ ناو باخەکەیان ، لەژێـر کـەپـرەکـەدا دائەنیشتن کارو بەرخیان ئەلەوەڕاند وچاودێری باخـەکـەیـان ئـەکـرد ، زۆرجـار بـرا بچکۆلەکەی بەدوای کارو بەرخەکانەوە بوو، هـەلێکی ڕەخـساوبوو بـۆ ڕێبـاز ڕۆژانـە ســـەردانیـــان بکـــات ، مـــاوەیـــەک بـــەخۆشـــی لـــەگـــەڵیانـــدا دابنیـــشێت . کات بەسەر بەرێت .

ڕیباز زۆر حەزی بەخوێندنەوەی کتێب بـوو ، هـەردەم کتێبێکـی بـەدەستـەوەبـوو ، دەربارەی مێژوو جوگرافیاو دیوانی شاعیرانی کورد ، کەسەردانی ڕۆشنای ئـەکـرد ، ناوەڕۆکی ئەوکتێبەی بۆ ڕۆشنا باسئەکرد ، ڕۆژانە بەخواردنی فەریکەنـۆک وتـرۆزی وکاڵــەک وبــەروبــوومی ئەو وەرزەی بــاخ و ڕەزەکـــەیانــەوە خــەریــک ئــەبــوون . خوشەویستی وهۆگری یـەکتـر بـەشـێوەیـەک باڵیکێشا بـەسـەر هـەر یـەکێکیانـدا ، کەیەکتریان ئەدی ماوەیەک سەرسام وبێدەنگ ئەبوون ، ڕەنگیان هەڵئەبزڕکاو ، بـۆ ساتێک مات وبێدەنگئەبوون ، سەیری یەکتریان ئەکرد ، دوای ماوەیەک ، ئـەهاتنـە گوفتارو باس وخواز ، ئەوساتەی بەیەک ئەگەیشتن هەردولا تێک ئەچوون ، بەتایبەت ڕیباز کەخۆشەویستی وحەزێکی بێئەندازە بۆڕۆشنا لەدڵ ودەرونیدا جۆشیئەخوارد ، زاتی ئەوەی نیەو ناتوانێت هەستی دەرونی بۆ ڕۆشنای یارو هۆگری ژیانی دەرببڕێت ، شەوانەیش هەر بەخەیـاڵی ئەوەوە ڕۆژی ئەکـردەوە ،خۆشـیەکی بێئەنـدازە هەنـاوی پرکردبوو . پارچە شێعرە شاکارەکەی ئەحمەد هەردی شاعێر . باشترین ئاوێنەبوو بۆ دەربڕین و بەرجەستەکردنی وێنەی ئەوحاڵەی کەڕێبازو ڕۆشنا تێیکەوتبون ، کە پـڕ

بەپڕ ئەو خۆشەویستیەیان لەهەمان دەربڕین ومانای شیعرەکەیە ، کەبەجوانترین شیوە وێنەی دڵداری کێشاوە وشەکانی ئەڕازێنێتەوە وپڕ بەدڵی هەردوکیانە کەئەڵێت: زۆرکەڕەت وام لێئەکات داخی دەرونی پڕگرم.

* بێمەلات بۆتی هەڵرێژم سکاڵای ناوسکی گەرم وگوڕم گیانەکەم کاتێک کە دێمە لات واقی وڕم .

* وام ئەشێوێنی بەجاری نایەڵی هیچ دەربڕم بەیانیەک کاتیک ڕۆشنا لەناو باخ وبیستانەکەدا ئەسوڕایەوە خەریکی هەندێک کاربوو برابچکۆلەکەشی خەریکی لەوەڕاندنی کاروبەرخەکانبوو ، کەڕۆشنا سەرنجی ڕێگەیدا لەدورەوە ڕێبازی بەدیکرد کە بەرەو خوار دێت، ڕۆشنا لە بەردەم کۆختەکەداو لەژێر کەپرەکەدا دانیشت ، چاوەڕوانبوو کەڕێباز بگاتە ئاستی ، کەنزیک بووەوە ، دی هەندێک شتی بەدەستەوە بوو ، وادیار بوو بەنیاز بوو بۆشوێنێک بچێت ، ڕێباز سەری هەڵبڕی وسەیری کەپرەکەی کرد ، ڕۆشنای لەبەردەم کەپرەکەدا بەدیکرد کەچاوەڕوانێتی ، لایداو خێرا بەرەوکەپرەکە هات ، سڵاوی لەڕۆشناکردو وتی : تۆ چۆنێت ئەم شەو لە بانیژەکەوە هەرسەیری ماڵی ئێوەم ئەکرد تۆش هەر هات وچۆت بوو . رۆشنا وەرامی دایەوە :زۆر باشم لەوەئەچێت نیازی شوێنێک یان کارێکت هەبێت بۆ لایەک بچیت بۆیەو ئەوشتانەت بەدەستەوەیە .

ڕێباز وەرامی دایەوە وتی : ئەرێ لەڕاستیدا بەنیازم ئەمڕۆ بچم بۆشار بۆماڵی مامم لەسلێمانی . هیچ ڕاسپاردە وکارێک وپێویستیەکتان نیە لەشار جێبەجێیبکەم ، یان لەشار بۆتانی بهێنم ڕۆشنا وەرامی دایەوە وتی : زۆر سوپاست ئەکەم هەر داوام ئەوەیە سەرکەوتوبیت . نازانم بەچی مەبەستێک بۆسلێمانی ئەچیت ؟. هەربەهیوای خۆشی وسەلامەتیتان ، خوائاگای لێت بێت ، هەربەخوشی وسەلامەتی بگەڕێیتەوە، بەڵام زۆر مەمێنەرەوە زوو وەرەوە .

ئەمەیەکەم وشەی ڕۆشنابوو بەرامبەر بەڕێباز کەدەریبڕێت ، کە ئامازە بێت بۆ خۆشەویستی و پەرۆشی ڕۆشنا. کەوتی زۆر مەمێنەرەوە زوو وەرەوە ، بۆیەکەم جار ئەو هەستە دەرونیەی خۆی وبەتەنگەوەهاتن وخۆشەویستی خۆی بەم شێوەیە بۆ ڕێباز

دەربرپێت . ڕێباز وەرامی دایەوە : بەسەرچاو ، ئەوەی ڕاست بێت ، باوکم ئەلێت ؛ حەز ئەکەم درێژە بەخوێندن بدەیت، کەلێرە خوێندنگەی ئەوتۆ نیە تیابخاێنێت ، بچۆ بۆسلێمانی بزانە ئەتوانیت لە ماڵی مامت بمێنیتەوە لەخوێندنگەیەک ، ناو نووسی خۆت بکەیت وداخڵ ببیت تالەوی بخوێنیت .

ڕوشنا وتی : بیرۆکەیەکی باشەو پەسەندە هیوادارم سەرکەوتوبیت ، دوعا خوازی بەگەرمی لێکردو تاسەر ڕێگەکە لەگەڵی هات وڕەوانەیکرد.

بۆسبەی بەیانی لای نیوەڕۆ بوو ، ڕوشنا لەناو ڕەزەکەیاندا بەکاری باخەکەوە خەریکبوو ، لەدورەوە ڕێبازی بەدیکرد بەرەو ژور ئەبووەوە ،دیاربوو لەسڵێمانیەوە ئەگەڕایەوە ، کەگەیشەئاستی باخەکە لایداو بەرەولای ڕۆشنا سەرکەوت وهات ، ڕۆشنا کە لە بەردەم کەپرەکەدا وەستابوو چاوەڕوان بوو ،خێرا بەرەو پیری ڕێبازهات وبەزەردەخەنەو دەم بەپێکەنینەوە سڵاوی لێکردو هەواڵی پرسی و بە خۆشیەوە بەخێر هاتنەوەی لێکرد.

ڕێباز وتی: لەسلێمانی زۆر خۆم ڕانەگرت وبەرگەمنەگرت ، زوگەڕامەوە، دڵم بەسلێمانی نەکرایەوە ، ئەت وت لەسەر ئاگرم، کارەکەم ئەنجامداو خۆم ناونووسکرد لەخوێندنگەی میدیا . ئەمەیەکەم وەرامبوو کەشیوەیەکی دەربڕینی خۆشەویستی وهەستی دەرونی خۆی بەم شێوەیە ، بۆ ڕۆشنا تیادەرببرێت .

ڕۆشنا وتی : چاکت کرد هیوای سەرکەوتنت بۆ ئەخوازم ، وەرە لەلامان دانیشە تۆزێک بحەوێرەوە . ڕێباز وتی: ببورە ناتوانم دانیشم برسیمەو ئەمەوێت بچمە مالەوە پارویەک نانبخۆم . رۆشنا وتی : بۆچی ئەڕۆیتەوە ، خۆلای ئێمە نان وپەنیر هەیە وچام لێناوە ودەمیکێشاوە و ئامادەیە ،.دانیشە هەموو بەیەوکوە نانی بەیانی ئەخۆین.

ڕێباز وتی: بەخوا بیرۆکەیەکی باشە منیش لەسلێمانیەوە خورمام لەگەڵ خۆم هێناوە، نان وپەنیرو خورمابەیەکەوە ئەخۆین ، کەخواردنێکی خۆشی بەهاریە بەتایبەت لەم دەرو دەشتەدا ..ڕیباز وتی: وەک پێم ڕاگەیاندیت ، مژدەبێت بۆ بۆساڵی خوێندنی نوێ لەشار ئەخوێنم ، لەخویندنگەی میدیای ناوەندی وەر ئەگیرێم ، لەماڵی مامم ئەمێنمەوە درێژە بەخوێندن ئەدەم .

ڕۆشنا وتی : ئەمەکارێکی باشە وپیرۆزە وپێم خۆشە هیوای سەرکەوتنت بۆ ئەخوازم ، بەداخەوە من وەک تۆ خزمی نزیکی ئەمین وخەم خۆری ئەوتۆم لەوێنیە . کەپشتیان پێببەستین و بچم لەماڵیان بمێنمەوە ولەسلێمانی بخوێنم ، بەوهۆیەوە باوکم ودایکم لەناردنم دودڵن ، توانای ئەوتۆیان نیە، خەرجێ خوێندنم بۆ دابینبکەن ، هیوادارم تۆ لەخویندن بەردەوام بیت . هەردوکیان بەیەکەوە لەگەڵ برا بچکۆلەکەی لەوکەش وهەوا خۆشەدا لەو خواردنە خۆشە تێریانخوارد . خواردن ودانیشتنەکەیان بەشیوەیەک بوو کەهەرگیز لەبیریان نەچیتەوە ، ببێتە یادگارێک ، بەدەم خواردنەوە ، هەرسەیری یەکتریان ئەکردو چاویان نەئەتروکاند ، هەریەکەیان تیشکی خۆشەویستی ئەناردە دەرون وهەناوی ئەوی کەیان ، هەستی دڵ وناخی هەریەکێکیان هاتبووە زمان ئەی چرپاند بەگوێیاندا : کەتێر نەبووم وتێرنابم لەسەیرکردنت خۆزگە بەردەوام بەرامبەرت دابنیشتمایە .

لەماوەی دانیشتنەکەشدا خەریکی گێڕانەوەی قسەی خۆش باس وخوازو هیوای دوا ڕۆژبوون. ڕیباز وتی : بەتەمام لەخوێندن بەردەوام بم تا ئەگەمە پلەیەکی بەرزی خوێندن. رۆشانا وەرامی دایەوە وتی: ئەمەبیرۆکەو کارێکی زۆر باشە وپیرۆزە ، منیش پێمخۆشە برا بچکۆلەکەی بەلەوەڕاندنی کارو بەرخەکانەوە وبەسەرکردنەوەیانەوە خەریکبوو، بەوهۆیەوە هەردوکیان تاکئەبوونەوە ، رێباز بەرامبەر بەڕۆشنا لەبن کەپرەکەدا چوار مشقی دانیشتبوو ،هەردوکیان چاویان بڕیبووە یەکتر ، ڕێباز کەوتبووە خۆشیەکی بێوێنەوە، شای بەسەپانی خۆی نەئەزانی ، کتێبێکی بەدەستەوەبوو ، دەستیکرد بەپەڕە پەڕەکردنی . ڕۆشنا لێپرسی وتی : ئەوکتێبە باسی چی ئەکات ؟

. ڕێباز وتی : دیوانی شاعیرێکە ، شیعری نیشتمانی ودڵداری بەنرخی زۆری تیایە ئەم جارە لەسلێمانی کڕیومە. ئەوەش هەندێک دیاری سادەیە کەبۆم هێنایت .

ڕۆشنا وتی: کەهاتیت لەدورەوە دیم ئەم کتێبەت بەدەستەوەبوو لاپەڕەیەکت کردبووەوە ، هەر سەیرت ئەکرد کەگەیشتیت هەر بەولاپەڕەوە بەکراوەیی داتنا ، بەئەرک نەبێت ئەو لاپەڕەیەم بۆ ناخوێنیتەوە. بزانم باسی چیئەکات ، ڕێبازیش هەر مەبەستی بوو ئەولاپەڕەیەی بۆ بخوێنێتەوە. کتێبەکەی هەڵگرت ودەستیکرد بەخوێندنەوەی ،

کەپارچە شێعرێکی دڵداری بوو ، ڕۆشـنا بـەبـی دەنگیـەوە گـوێی شـلکردبوو گـوێی لێگرتبوو ، کەبەرامبەر بەڕێباز دانیشتبوو ،هەردو چاوێشی تێبڕیبوو نەی ئەتروکاند ، ڕێبازیش بەسۆزەوە بۆی ئەخەێندەوە ، وەک دڵداری لەگەلدا بکات وهەستی دەرونی خۆی بۆی یەکالآبکاتەوە وابوو ، وادەر ئەکەوت کەمەبەستی بوو خۆشەویستی خۆی بەوهۆیەوە بۆ ڕۆشنا بدرکێنێت . ڕۆشناش بەڕویەکی خۆشەوەو دەمێکی پڕ لەزەردە خەنەو پێکەنینەوە بەحەزو ئارەزویەکەوە ، مـت وبێـدەنـگ دانیـشتبوو، جارجـارەش بەنازێکەوە سەری ڕەزامەندی بەرزئەکردوە ، بەتیلەی چاو سەیری ئەکرد چاوی ئەبڕیە ناوچاوی ، وەک هەموو گیانی لەخۆشیدا پێبکەنێت وابوو ، کەهـەر سـەیـر کردنێـک تیشک وگزنگێکی خۆشەویستی پێ ئەبەخشی ،ئەینارد بۆ ناخ ودڵ وهەناوی ڕێباز . بیرو عەشق وژوانی دێرەکـانی شـێعرەکەش نـاخی خۆشەویـستی رۆشـنـای ئەجولآنـد .بە خوێندنەوەی هەردێرێکی شیعرەکە، بەوخۆشیەوە سەری ئەلەقانـدو زەردەخـەنـە ئەیگرت کەهەزار مانای خۆشەویستی ودڵداری دەرونی لەخۆگرتبوو ، کە بەزۆری لەسەر ڕوی گەشی دەم وچاویدا دیاربوو ، تەنهائەوەی مابوو ، پڕ بەدەم هاوار بکات بڵێت زۆرم بەدڵە ، ئەو دێڕە شێعرە ئاوێنەی ناخی خۆشەویستی هەردوکمانە ، ئای چەندم خۆش ئەوێیت   لەئەوچەند دێڕە شیعرەدا هەڵڕشتنی ئـاهو هـەناسـەی دڵـداری تیـا بەدیئەکرا ، کەهەستی هەردوکیانی جولآندو خستنیە دنیایەکی خەیاڵی خۆشەویستی بێوێنەی پەنهانی ، کەنەزانن چۆن ئەو خۆشەویسیتیە ئاشکرابکەن ، پڕکێشییان نیە . ڕێباز ڕۆشناو هەردەم لەپێگەی باسکردنی ئەدەب وشیعری کوردی وخوێندنەوەیدا بوون . ڕێباز لەڕێی خوێندنەوەی کتێب ودیوانی شاعیراندا هەردەم ڕازو خوازی خۆشەویستی ودڵداری دەرئەبڕی. ڕۆشناش هەردەم ئامادەبوو گوێ بیستی باس وخوازەکانی لە مەڕ دڵداری بێت ، گوێی شلبکات بۆ هەر وشەیەکی شیعری بیچرپێنێت بەگوێیدا کەبۆنی خۆشەویستی لێبێت . بەتایبەت ئەوانەی لەدەرونـی هەر یەکێکیانـدا بـەنیـازو حەزی ئەوەبوون ، بەوهۆیەوە بگەنە ئاستێک زیاتر هەستی دەرونی وخۆشەویستی وتاسەیان ، مەست وتێرتربکەن. لەبیریاندا لە تاوتوێی ئەوەدا بوون کە ئیتر بەسە، ئەوەی نیاز وئارەزوی ناخی دڵیانە با بەڕونی بـەرامبـەر یـەکتـر بەئاشـکرایی وبـەسـەربـەستی،

بێسڵکردنوه یەکاڵابکەنەوه ، زۆرجار ڕێباز باسی خۆی ئەکرد کەله ژیانێکی خەیاڵاوی خۆشێدا ئەژی ، کە هەرگیز لەوه خۆشتر نابینێت .

ڕیباز لەخوێندنەوەی دیوانی شاعیراندا بەردەوام بوو ، بەتایبەت پارچه شیعره ناوازه دڵداریەکانی هەڵئەبژارد ، له دیوانی شاعیران هەردی وگۆران ومەدهۆش وشاعێرانی تر ئەوانەی کەبۆن وبەرامەی دڵداری هەردوکیانی لێبێت . زۆر جار هەردوکیان کۆمەڵـه شیعریان بەیەکەوه ئەخوێندەوه وڕیباز ماناکەی لەبەرگێکی خۆشەویستیدا بۆ ڕۆشنا شیئەکردەوه ، کە هیشتا تواناو پرکێشی ئەوەی نەبوو بەئاشکراو ڕاستەوخۆ هەستی دڵداری وجۆشی دەرونی وئاخ وسۆزی خۆشەویستی خۆی بۆی دەرببڕێت .

# بەشی دووەم

٢٦

## شاییەکەی ناو دێ

هاوین بەرو پاییز ئەچوو شاییەک لەناو دێدا سازکرا ، کەبەبۆنەوی شوکردنی کچێکی ناو ئاوایی بوو کەبەلاوێکی دانیشتوی هەمـان ئـاوایی بەشـوو درابـوو ، ئەو شـاییە فرسەتێکی باشبوو بۆ ڕیباز وڕوشنا لەوشاییەدا زیاتر لـەیـەکـتـری ئاشـکراببن گرێـی دەرونی خۆیان بۆ یەکتری بکەنەوە. خۆشەویستی وداخ وسۆزی دەرونیان بۆ یەکتـر هەڵبرێژن .

هەلێکیش بێت بۆیان ،کە لەهەڵپەڕکێ وڕەشبەڵەکدا بەیەکەوە تێر هەڵپـەڕن دەسـت لەناو دەستی یەکتربکەن ، تۆزێک دڵیان ئاوبخواتەوە ، تاسەی خۆشەویستیان ساتێک ئارامبێت ، ڕۆشنا بەو بۆنەیەوە هەر زوو خۆی لەتەڵدابوو ، خۆی گۆڕیبوو ئامادەبوو ، بەشێوەیەک دەرئەکەوت کەجوانی بێوێنەو بێهاوتای ناو دێیەکەبوو ، بەجلـە ڕەنگـاو ڕەنگـەکانیـەوە، بـووە ئـەفـسانەیـەکـی جـوانی سـاکاری خـواکردی نـاو شـاییەکـە.

کاتێک هەڵپەڕکێی وڕەشبەڵەک دەستی پێئەکرد ڕیبازو ڕۆشنا بەیەکەوە لای یەکەوە بەهەلیانئەزانی تێر بەیەکەوە هەڵئەپەڕین ، هیلاک بوونیان بۆ نەبوو ، کـەدەسـتیان ئەکەوتە ناودەستی یەکتر، بەدەست گوشینی یەکترەوە خـەریکئـەبـوون ، بـەردەوام هەڵپەڕکێیان بەجێ نەئەهێشت .ڕۆشنا لەگەڵ دەستە خوشکەکانی ، کەئەهات وئەچوو ، بووە تاکە گوڵی گەشاوەی بێهاوتای ئەوناوە، بەوجلە کوردیە ڕەنگاو ڕەنگ وڕازاوەیە ، بەلەنجەولارەوە بەودڵەی کەپڕبوو لەئەڤین وخۆشەویستی، وەک کۆترە باریکە ئەهات وئەچوو ، سەرنجی هەموانی بۆلای خۆیدا ڕاکێشابوو ، هەموو چاویان لەسـەری بـوو وەک دیمەنێکی سروشتی جوان سەیریان ئەکرد.

لاوێکی ئامۆزای ڕۆشنا لەدێی بەردەبەلەوە بۆ دیدەنی ماڵی مامی لەگەڵ دایکی هاتبوو کەبـانگکرابوون بـۆ ئـەم شـاییە،مرخـی لـەڕۆشـنای ئـامۆزای خۆشـکردبوو وەک بەگوێی ڕۆشنادا درابوو بەتەمابوون بێنە خوازبێنی ، دایکـی ئەوکـوڕەو کـەس وکاری زۆر جار ئەم نیازەیان لای دایکی ڕۆشنا درکانبوو هەردەم ئـەیانـدا بـەگـوێی ڕۆشنادا : کە ئامۆزاتەو ئەو کوڕە قابیلتەو شیاوی یەکترن ، تۆش کاتی شوکردنتەو هەرتۆمان بۆ ئەو داناوە حەزناکەین بەوشیوەیە بمێننەوە ، ئێمە لەفرسەتێکدا دێینە

خوازبێنی. لەوشاییەدا ئامۆزاکەی زۆر هەوڵی ئەوەی ئەدا کە ڕۆشنا بدوێنێت ولەهەڵپەڕکێکاندا زۆر جارئەیویست بچێتە لایەوە، دەستبکات بە هەڵپەڕین ، بەهەلی بزانێت لەهەڵپەڕکێدا دەستیبگرێت ساتێک لەگەڵیدا هەڵپەڕێت، کاتێک بۆ ئەو مەبەستە ئەیویست دەستی ڕۆشنا بگرێت، بەڵام ڕۆشنا خێرا بەتوڕەییەوە دەستی بەرئەداو لێی دورئەکەوتەوە، نەی ئەوێست قسەی لەگەڵدا بکات.

ڕێباز هەستی بەم کارەکردبوو زۆر پەست وتوڕەبوو، بەچاوێکی گومانەوە سەیری ئەولاوە نامۆیەی ئەکرد، شتێک تێگەیشتبوو کەماڵی مامی بەتەمای ڕۆشنان ، وئامۆزاکەشی ئەیەوێت هەربۆ خۆی بێت ، هەر لەوهەوڵدایە زیاتر لەڕۆشنا نزیکبێتەوە، بەڵکو دڵی پیابهێنێت ، قایل ببێت ڕێگرنەبێت لەبەردەم هاوسەرگیریان ڕیباز کاتێک لەگەڵ ڕۆشنا تاکبووەوە بردیە لایەکەوە پێی وت ڕۆشنا گیان : پێم نالێیت ئەم پیاوە گەمژەیە نیازی چیە، هەردەم بەدواتەوەیە ، بەردەوام دەورو خولی تۆ ئەدات ؟، لەم شایی و هەڵپەڕکێیەدا لێت دورناکەوێتەوە، خەریکە لەبەرگەکەی خۆم دەرئەچم ، ئیتر زیاتر بەرگەناگرم، توانام نەماوە ، خەریکە مەم وزین ئاسایی ، بەکر میرگەوەڕێکمان لێپەیدائەبێت. ئەیەوێت بکەوێتە بەینمانەوە ،خەریکە هەموو خۆشی وژیانمان بەبادا بدات، دنیابکاتە دۆزەخێک بۆمان لەیەکمان بکات .

ڕۆشنا وەرامی دایەوە وتی: ڕێباز گیان !! ئەمەوێت شتێکت پێبڵێم و لێت ناشارمەوە بەئاشکرا پێت ئەڵێم : لەم دنیا ڕۆشنەدا تەنها تۆ خۆشەویستی منیت ، بەتەنها تۆم هەلبژاردوە هەر بەتۆ دڵم ئەکرێتەوە ئەوساتەی تۆ لە بەر جاومیت خۆشیەکی بێوێنە هەموو جەستەم پرئەکات ، تۆ بویتە خۆراک وخەوم ! هۆی خۆشی وژیانم ، لەدنیادا کەس لەدڵمدانیەونابێت ، تەنهاتۆ نەبیت ، ژیانم تالەو مەرگە بێتۆ ، چاوم تاریکە بێتۆ ،چاوم بەکەسدا هەلنایەت ، هەرگیز لەژیاندا کەسێک شکنابەم ونیە لەدڵمدا کەجێگەی تۆبگرێتەوە ، وینەکەت هەردەم لە بەرچاومە لەقوڵایی دڵمدا جیگەی شیاوی خۆی کردوەتەوە وچەسپیوە هێزنیە لەدڵمدا دەرییبکات ، ڕێبازگیان بویتە پارچەیەک لە جەستەم ، ماوەیەکی زۆرە تۆم هەڵبژاردوە وەک ئەوکەسەی کەلەدڵ وخەیاڵمدا ساڵەهایە لەدڵ دەرون جەستەو ژیانمدا وێنەم کێشاوە.

تا ئەمڕۆ نەمدرکاندوە وبەرگەمگرتوە . ڕاستە ئەو ئامۆزامە هەموو لەخەو خەیاڵی ئەوەدان وبەنیازن داوامبکەن ، بەڵام من لەگەڵتا هەردوکمان سوێندی هەتا هەتایی بۆیەکتری ئەخۆین ، مەگەر مردن لەیەکتری جیامان بکاتەوە ، خەیاڵێکی خاوی خزمانە کە هەرگیز نایەتەدی ، مەگەر بەمردن ، ئەوەش بزانە من بەدایکم وتوە ئەگەر زۆرم لێکرا و ناچارکرام خۆم ئەسوتێنم . نایەڵم ئەم کارە قەت سەربگرێت ، دایکیشم پێی خۆشنیە وخۆشی بەوخزمانەدا نایەت .

ئەم قسەو وەرامانەی ڕۆشنا ، خۆشی وئارامیەکی بێوێنەیدا بەدڵ ودەرونی ڕێبازدا ، پڕیکرد لەهیوا و ئومێدی بەیەکگەیشتنی دوا ڕۆژ ، ڕێبازیش وتی ڕۆشناگیان : ساڵەهایە بوویتە بۆکی ڕازاوەی خەیاڵم کەمنیش هەرچەندە بەدەمی نەم درکاندوە ، هەردەم لەڕوخسارو چاو و بەڕەفتارمەوە هەردەم دیاربوو توانام نەبوو بیشارمەوە .

دواجار هەردوکیان سویندی مەرگ وژیانی هەتاهەتاییان بۆ یەکتری خوارد ، ئەو پەیمانەی کەدایان بەیەکتری ، بەرجەستەبوو لە لەش وگیانی هەردوکیاندا ، بڕیارێکەو مەرجێکە ئەو دودڵدارە بەدرێژایی ژیانی داهاتوویاندا پەیڕەوەیبکەن ، سوێندێکی هەتاهەتایی بێت ، هیچ هێزێک لەدونیادا نەتوانێت لەیەکیان بکات . خۆشیەکی بێوێنەو حەزو ئارەزوی دڵداری گیانی ڕێبازی سەرلەنوێ پڕکرد لەهیواو لەخۆشەویستی ودڵداری بێوێنە .ئارامیەکی دا بەدڵی هەریەکێکیان .

ڕێبازلە خۆشیاندا جێگەی بەخۆی نەئەگرت ، بەتایبەت کە لەگەڵ یەکتر ئاشکرابوون هەستی دەرونیان بۆ یەکتری یەکالاکردەوە ، کەسوێندی ژیان ومەرگیان بۆ یەکتری خوارد . ڕیباز کامێرایەکی پەیداکردبوو تا وێنەی شاییەکەو هەڵپەڕکێی پێبگرێت ، بەتایبەت وێنەی یادگاری رۆشنای دەستگیرانی ، بەفرسەتی ئەزانی وداوای لەرۆشنا ئەکرد ، کەچەند وێنەیەکی تاکی بگرێت تابۆ یادگاری بمێنێتەوە لەلایان . لەوماوەیەدا ڕێباز خۆی خەریککردبوو ،بەوێنەگرتنی شایی وهەڵپەرکێوە ، بەتایبەتی لەولایەدا کە ڕۆشنا لە ڕیزی هەڵپەڕکێکەدا بەجوانی دیاربوو ، تابەجوانی وێنەی ئەوی دەستبکەوێت . ڕێباز وەک هەموو لاوێکی تازە پێگەیشتو ، لەهەرەتی لاوێتی وهەرزەکاریدابوو ، کەتوشی داوی دڵداریبوو . خۆشەویستی وخەیاڵی ڕۆشنا بەشێکی

زۆری هەست وهۆش وئارەزوو بیرکردنەوەی داگیرکردبوو ، هەرلەپۆلی شەشەمەوە بەو هەوا خەیاڵەوە، دەستیکردبوو بەخوێندنەوەی کتێب دەربارەی ئەدەب وشێعر و بیروباوەڕی کوردایەتی ، کەزۆرجار لەڕێی مامۆستاکانیەوە کتێبی بەدەست ئەگەیشت ، یان لەکتێبخانەکەی خوێندنگەدا دەستیئەکەوت ، لەقوتابخانەدا ڕۆشنای خزمی کردبووە هاوڕێ وهاویارو هاودەنگ وهاودەم وهاوبیری خۆی ، بێئەوەی ئەوهەست وبیرو نیازەی دڵی وئامانجە کەی لەلای بدرکێنێت .

هەر بەوسۆنگەوە لەدوای شاییەکەوە هەرکە ڕۆشنای ئەبینی ، ئەیوت وئەیوتەوە : بوکی ڕازاوەی خەیاڵم ڕۆشنا گیانەکەم ، دەفەرموو چێت بەدڵە پێشکەشت بکەم. لەهاویندا بەردەوام پەڕاوی بۆ ئەهێنا بەتاییەت دیوانی شاعیران وپارچە شێعر ، کەبۆن وبەرامەی ئەڤین وژوانی لێبێت، کە بەئاشکرا وحەزی هەردولا واتاکەی لەخۆشەویستی ودڵداری وسۆزی دەرونی هەردولا بچێت چێژی دڵداری لێوەربگرن.

چالاکیەکانی شایی وهەڵپەڕکێ وکردارەکانی گێلە پیاوەکەی ئامۆزای رۆشنا ، زیاتر لەیەکی نزێککردنەوە و لەیەکتری ئاشکرابوون ، هەریەکەیان هەستی دەرونی وهەناویان بۆ یەکتر زیاتر واڵاکردەوە ، سوێندی ژیان ومەرگیان بۆ یەکتری خوارد، وشەو دەنگ وخوازی دەرونی وئاواتیان کردە یەک ، ڕۆشنا پەیمانیدا ، بۆ دڵ یان بۆگڵ ، وسوێندی هەتا هەتایی بێت هەرگیز دڵ نەگۆڕن ، مەگەر مەرگ هەست ودڵ ودەرون وابەستەیان بگۆڕێت وجیایان بکاتەوە .

رۆشنا باسی ئامۆزاکەی بۆ ڕێباز کردبوو ، بەتاییەت کەدایکی روشنا ئەو کوڕەی بەدڵنیەوە وچارەی ناوێت وهەر نایەوێت ببینێت ، تا بەشێوەیەکیش وای لە ئامۆژنەکەی ڕۆشنا کردبوو تێبگات کە کوڕەکەی ئەوی خۆشناوێت ، کچیان ناداتێ . ڕۆشنا بەڕێبازی وت : ماڵی مامم وکەس وکارم بەڕاستی بێزاریان کردوم ، هەرباسی ژن وژن هێنان وخوازبێنیە ، ئەم جۆرە قسەوباسانە ئەدەن بەگوێمدا وگوێم پڕ بووە . نامەوێت گوێیان لێبگرم وبیان بینم . ئەیانەوێت دایکم تێبگەیەنن و ڕازیبکەن ، بەڵام ئاستەنگە لەگەڵیان بێتەکایەوە. رۆشنا دوبارەی کردەوە دایکم حەز بەمکارە ناکات وپێی خۆشنیەو نایەوێت، ئەو تیکەڵاویە لەگەڵیاندا دروست ببێت .

ڕۆشنا وتی : منیش زۆر بێزارم میشکم پربووه ، هەرباسێکی لەوبابەتە دێتە پێشەوە ، ئەوشوێنە بەجێ ئەهێڵم ، تاگوێم لێیان نەبێت ، هەر نامەوێت چارەیان ببینم ، ئەم کارەو نیازە چۆن سەر ئەگرێت.؟ .

ڕێبازگیان : سوێند بێت بەهەناسەم وتاسەی خۆشەویستیمان ، ئەوە خەیاڵێکە قەت سەرناگرێت ، دڵنیابە ، هەرگیز نایەتەدی ! سەرناگرێت ، مەگەر گڵ ومەرگ خۆشسەویستی ناو دڵم وێنەی تۆ لەجەستەم جیابکاتەوە ، لەتۆ دورم بخاتەوە . ئەوە بزانە کەتۆ ڕۆناک بەخشی چاومی و وزەو بزوێنەری ژیانمی هێزی ئەژنۆمیت ، هەموو خۆشیەکی منیت ، هەربەبینینی تۆو ، بە زەردەخەنەی سەرلێوی تۆ ڕوخساری تۆ ئەگەشیمەوە و ئەژیم خۆراکی دنیاییمە، ژیانم سەختەو تاریکە بێتۆ.

## ساڵی خوێندن دەستی پێکردووە

وەرزی پایزبوو ساڵی نوێی خوێندنی١٩٨٧ دەستیپێکرد، دەرگای قوتابخانەکان بەروی خوێندکاراندا کرانـەوە، ئـەبووایـە ڕیبـاز بۆخوێنـدن بـەرەو سـلێمانی ببێتـەوە ، لـە خوێندنگەی ناوەندی میدیادا ، کەنزێک مـاڵی مـامی بـوو ، دەسـتبکات بەخوێنـدن. ڕێباز وڕۆشنا لەوچەند ڕۆژەدا ، هەر لەباس وخەم وخـەیـاڵی ئـەوەدابـوون کـەڕێبـاز لەسلێمانی درێژە بەخوێندن ئەدات وماوەیەک لەیەکتر دورئەکەونەوە ، کەزۆر ستەم بوو لەلایان ، چۆن ئەوماویە بەسەربەرن .

ڕۆشـنا وتـی :جـامن بێتـۆ چـۆن ئـەوکاتانـەم لێئـەڕوات ، کەتـۆم لێـدوربیت چـون ئیدارەئەکەم.؟ . کەبەدرێژایی ژیانمان لەئاوایی هەردەم بەیەکەوەبووین ، ساتێک لەیەک دانەبڕاوین ، ئەگەر لەناو ئاوایی بیت لەماڵەوەشبیت ، لەسەربانەکەوە ئەمدیت تاسەو تەسەللای دڵم بوویت . لەدورەوە چاوم بەبینینت ئەگەشـایەوە ، خۆشـی وئـارمیەک بوویت بۆم ، ئەی ئەگەر لێرە نەبیـت دوربیـت لەبەرچـاوم ، بەچـی دڵـم خۆشـبکەم بگەشێمەوە ؟ .

ڕێباز وتی ڕۆشنا گیان : خەمتنەبێت مەرجەبێت ودڵنیابە ، هەمـوو پێـنج شـەممـەو هەینیەک بێمەوە بۆلات ، منیش بەبێ دیدەنی سەرومڕت ، دڵم ئاو ناخواتەوە ، بەڵام بەدەســـتی خـــۆم نـــیەو ناچـــاریەو بەرژەوەنـــدی ژیـــانە وپاشـــەڕۆژمانە.

بەوپێیە هەموو پێنج شەممەو هەینیەک ڕیباز ئەگەڕایەوە بۆ نـاودێ ، فرسـەتێکیـان هەبووایە وبۆیان هەڵبکەوتایە ، دوای ڕازو خوازو ژوان وگلەیی ودڵداری ، ئەکەوتنـە خوێندنەوەی ، پەراو ودیوانی شێعرو پارچە شێعری دلداری وبەوشێوەیە کاتیان بەسەر ئەبرد . بەیانیەکی هەینی لەرۆژە ناوازەکانبوو ، کاتێک ڕۆشنا لە بەردەم کەپرەکەیاندا دانیشتبوو، لەدورەوە ڕیبازی بەدیکرد ، کەبەرەو روی ئەهات ، کتێبێکی بەدەستەوەبوو ، کەنزیک بووەوە گەیشتە ئاستی کەپرەکە ، ڕۆشنا زانی کە کتێبی دیوانی شـیعری گۆرانە بەدەستیەوەیە ، دوای ماوەیەک کـە بـەقـسەوبـاس وژوانـەوە خـەریکبـوون ، دەستیکردبە خوێندنەوەی پارچە شیعرێک کەبۆی هەڵبژاردبوو:

قژ کاڵی لێو ئاڵی پرشنگی نیگا کاڵ
*ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێک ئاڵ
ئەی کچە جوانەکەی بەدەنگی چپەدو
*گەندە موی دەم وچاو مەچەک هەڵنەگرتوو
ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسک سوک
*ئەی بەرگی ساکارت جوانترە لەهی بووک

دوایی هاتە سەر پارچە شیعرێکی تر بەنەرمە سۆزو ئاوازێکەوە دەستیکرد بەخوێندنەوەی: بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە

* لەباخچەی بەهار گوڵم چنیوە
کام ئەستێرەی گەش کام گوڵی کێوی
* ئاڵە وەک کوڵمی لاجانگی لێوی
کام تاسە کام مەیل کام چاوەڕوانی
* تەلیسماویە وەک هی دڵداری

ڕیباز هەرجارە بۆلای ڕۆشنا بهاتایەوتەوە ، دیوانێکی نوێی شاعێرێکی بۆئەهێناو ، خاڵێکی دانابوو لەسەر ئەوپارچە شیعرەو ئەو دێڕەی کەمەبەستیەتی ، هەڵیئەبژاردبوو ، تا لەگەڵ ڕۆشنادا بیخوێنێتەوە، وەک هەموو جارەکان بەتایبەت ئەوەی کەبۆنی دڵداری وخۆشەویستی هەردولایانی لێدێت . بۆ ڕۆژێکی هەینی تر دیوانەکەی ئەحمەد هەردی شاعیر بەدەستەوە بوو ، بەناوی ڕازی تەنیایی ، لەبن کەپرەکەدا جاران ئاسایی دانیشتبوون ، خۆیان خەریککردبوو بەوردکردنەوە وخوێندنەوەی ولێکدانەوەی مەبەست وماناکەی ، جار وباریش سەیری یەکتریان ئەکرد کەنیگای چاوی ڕۆشنا بەرچاوی ڕێباز ئەکەوت ، زوبان حاڵی هەرلایان ئەوەبوو کەهەرگیز لەبێنینت تێر نابم ، بەوشێوەیە تراجیدیای عەشقی شیرین و فەرهادیان لەزاتی خۆیاندا نوێ ئەکردەوە وئەهێنایەوە یاد ، کە خوشەویستیان عەشقی شیرین و فەرهاد بەرجەستە ئەکات ،

لەوسەیر کردنەداوێنەیکی هەرگیز کاڵنەبووەی لەهەناویاندا ئەکێشا ، بەدەم خووێندنەوە ڕێباز پەنجەی بۆ ڕۆشنا ڕائەکێشاو سەیریئەکرد کە ئەیخوێندەوە وەک خۆی خاوەنی شیعرەکەبێت وابوو :

هەمووڕۆژێک لەبەر سەیری بتی ئەوبەژن و باڵایە
*لەسەر ڕێیا ئەوەستم تاکو ئاوی پێم دایە
بەدو چاوێ کەتیشکی چاوەڕوانی ئەیتروکێنی
* بەدوچاوێ کەسرِی قوڵی لاوێتی ئەدرکێنێ
سەرنجی ڕێ ئەدەم ڕێگا هەموو شێوەی ئەوی تیایە
* وەکو دنیا لەناوجوانی ئەوا توابێتەوە وایە
شنەی با باسی جوانی ئەو بەگوێی مندا ئەچرپێنێ
* هەموو دەرکەوتنی شۆخێک دڵی من دائەخورپێنێ
بەڵام خورپەی تەواوی دڵ لەگەڵ هەنگاوی ئەودایە
* کەسەرتاپا لەئاوازی بەهەشتی خواوە پەیدایە

دڵەکەم وەکو دنیا لە ناو جوانی (تۆ) دا توابێتەوە وایە ،
ڕێباز هەردەم وشەی ( ئەوی) شیعرەکەی ئەگۆڕی بۆ (تۆ) کەمەبەستی لە ڕۆشنابووو . لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکاندا رۆشنا هەردەم بەدەست وپەنجەی ئاڕاستەی ڕۆشنای ئەکرد، ڕۆشنا لەگەڵیدا بەدڵێکی پڕلە سۆزی خۆشەویستی وخۆشیەوە لەگەڵ ڕێبازدا ئەیوتەوە. لێوە ناسکەکانی بەزەردەخەنەوە ئەجولاند ، لەژوانی بەردەوامدا ساتێکیش بێدەنگ ئەبوو کەچاوی نازی هەڵئەبڕی بەتیلەی چاو لە ڕیباز ورد ئەبووەوە ، تیری ئەشکی خۆشەویستی ئەگرتە چاوی وڕەوانەی هەناو وناخی ڕیبازی ئەکرد ، لەقولایی دڵیدا بەنەرمی وسۆزەوە بەئەسپایی تیاجێگیر ئەبوو ، زمان حاڵی هەر یەکێکیان ئەوەبوو بەڕاستی لە سەیرکردن تێر نابم ، ئای جەند خۆشە دڵداری . ڕیباز ئەیوت و ئەی وتەوە ئای چەندم خۆش ئەوێی.

دانیشتوانی ئاویی دەرکیان کردبوو بەخۆشەویستی ودڵداری پاکی ڕۆشناو ڕێباز، هەستیان ئەکرد چەند هەڵکەوتوو شیاون بۆ یەکتری ، خزم وکەس وکاری یەکترن !. هەڵە یان کارێکی نابەجێ لەنێوانیاندا بەدینەکراوە، جێگەی ڕێزو پەسەندی ئاوایی بوون . وەک باسکرا خێزان وخزمانی ڕۆشنایان بو ئامۆزایەکی دانابوو هەرچەندە بەزۆری نەیان درکاندبوو ، نەخرابووە واری کارەوە، بەڵام ئەونیازە هەرلەدڵیاندا خوڵیئەخوارد وبەتەمای بوون ،بەتایبەتماڵی کوڕەکەی ئامۆزایان هەرخولیای ئەوەبوون ڕۆژێک بەونیازو ئاواتەیان بگەن . ڕۆشناو ڕێباز دەمێک بوو لە یەکتری ئاشکرابوون ، دواجار گلەیی دڵیان بۆ یەکتر کردبووەوە نیازو ئاوات وهیوای دوارۆژیان بۆ یەکتری یەکالا کردبووەوە ، پەیمانیان دابوو هەر بەوپاکیە بژین یارو یاوەرو خۆشەویستیان ڕۆژ بەڕۆژ توندترو بەهێزترو پتەوتر بێت ، بەئارامبن تائەوە ڕۆژەی بەئاواتی خۆیان ئەگەن ولەژیانیکی هاوسەرگیریدا بەیەکتر شادئەبن . هەردەم وئان وساتێک ڕۆشنا دوبارەی ئەکردەوە ، ئەوچاوە کوێر بێت کەغەیری تۆی پێ ببینێت . بەیانییەک بەرەو نیوەڕۆبوو ڕێباز بەرەو خوار بووەوە وە ڕۆشنای بینی لەناو باخەکەیاندا کارئەکرد ، هاتەپێشەوە وتی ڕۆشناگیان : خۆشەویستەکەم ئارامی گیانم ئەم شەو بەخەیاڵی تۆوەبووم ،نەنووستوم ،چاوم نەچووەتەخەو ، بەدرێژایی دوێنێ شەو خەوم زڕابوو ، ئۆقرەم لێبڕابوو ، خەو لەچاوم نەکەوتبوو ، لەدوێنێوە تۆم نەدیوە ونەم دوانوویت . ئەمشەو هەرلەدورەوە سەیری ماڵەکەتانم ئەکرد چاوەڕوان بووم بەڵکو لە دورەوە لە بانیژەکەتانەوە بتنینم ، دوایی بەلۆکسێکەوە بەدەستەوە دەرکەوتیت ،هەرهات وچۆتبوو، ئەوناوەت ڕوناککردبووەوە ئەو ڕوە گەشە ناسکە پەری زادەیەتم لێدیاربوو ، گەشەو ئارامیەکیدا بەدڵ وگیانم وخستمیە دنیایەکی خەیاڵ وخۆشی ژیانەوە ، لەبەر خۆمەوە ئەموتەوە :

کێ هەیە لەژیاندا لەمن بەختیار تربێت ؟. کەپەریزادێکی بیوێنەی وەک تۆ یارو هادەم و دڵدارمەو تەواکەری ژیانمە وهەردەم لەبەرچاومە .ڕۆشناگیان هەناسەو تاسەم پڕە لەوێنەت ونازوعێشوەو نیگاری جوانیت ! خۆشەویستە شیرینەکەم !. جاکەی شیرین

وفەرهاد ومەم وزین وەک ئێمە بوون بەیەکەوە ژیانیان بەسەربرد و بەیەک گەیشتن کەی وەک ئێمەوابوون !. ئەوان لەژوان وئەڤین بێبەشبوون ، بەتاسەوەبوون بۆ ساتێک بەیەکەوە بەسەربەستی ئاخ وداخی دوری وزامی دڵ ودڵداری دەرونیان بۆ یەکتری هەڵبرێژن و هەناسەو تاسەی گەرمیان تێکەڵاو بەیەکتر بکەن ، کەی وەک ئێمە بوون . ئەوان بێبەش بوون لەبینی یەکترو لەژیان.هەر بەو ئاوات وتاسەو چاوەڕوانیەوە وهەناسەی ساردی بێهیواو نائومێدیەوە ، سەریان نایەوە وبەئاکام نەگەیشتن . ئازیزەکەم کە ئەمشەو لەگەرمەی چاوەڕوانیدابووم ، دیم لەدەم کەلەوە مانگ هەڵهات لەئاست وبەسەرماڵەکەتاندا تیشکەکەی پەخشکرد وبەرز بووەوە ، وێنەی تۆم لە ڕویدا بەدیکرد کە جوانی تۆم لەگەڵیدا بەراوردکرد ، ئاسمان ورێسمان بوو لەلام ، کەی جوانی ئەو ئەگات بەجوانی تەلیسماوی چاو وڕوی گەشی تۆ؟. لەخۆشیاندا گۆرانیەکی فۆلکلۆریم بەدەنگی بەرز ئەوتەوە : هەلاوە لاوە گوڵی بۆچ وا تۆراوی شەوقی مانگە شەو گوڵی داویە لەچاوی.بەباس و دیدەنی مانگ وبەرزبوونەوەی وپەخشی تیشکە زێرینەکەی بەناو ئاواییدا . لەگەڵ ڕازو خوازو ژوانی ڕۆشناو ڕێباز بەو سەربەستی و خۆشیەیان . یادی دودڵداره عاشقەکە بەئاکام نەگەیشتوەکەی وەک ( ڕۆمیۆ وجولێت)ی ئەهینایەوە یاد ، کە ئەمشەو لەشیوەی ژیانی ئەواندا لە دیمەنی مانگەکەدا خۆی ئەنواند .

ڕێباز وتی : ڕۆشناگیان ڕۆشنکرەوەی ژیانم :ئەمشەو وام ئەزانی من ڕۆمیۆم تۆیش جولێت : کاتی خۆی ، کەرۆمیۆ لەبەردەردەم مالی جولێتی دلداریدا وەستابوو قەتیسمابوو لەخەیاڵ وچاوەڕوانی جولێتی دەستگیرانیدابوو ، ،تا لە باڵکۆنەکەیانەوە بێتەدەرەوە ،سەری دەربهێنێت ولاریبکاتەوە وسەیرێکی خوارەو ڕێگاکە بکات ، بەوهۆیەوە رۆمیۆ لەدورەوە چاوی بەجولێت بکەوێت دڵی بکرێتەوە وبحەسێتەوە وبکەوێتە دنیایەکی ئارامی دەرونیەوە ، تاسەو گەرمیەکی عەشق بدات بەدلی رۆمێۆ دڵخۆشیبکات ، خەیاڵێکی پڕ لەخۆشی وئارامی و سەبووری بخاتە دڵ وگیانی ، تا بۆ ساتێکیش بێت تاسەی لێبشکێنێت بەبینی چاوی تێرببێت. کە رۆمێۆ لەوخەیاڵەدا ئەبێت وچاوەڕوانە ، لەپڕ جولێت لە باڵکۆنەکەوە سەری دەرئەهێنێت ، رۆمیۆ هاوار

ئەکات : وامانگ هەڵهات ! ئای چەندە جوانە ! خۆمن ماوەیەکە چاوەڕوانی هەڵهاتنت بووم ، خۆشەویستەکەم ئازیزەکەم ئارامی گیانم جولێت گیان ، هێزی ئەژنۆم وتەواوکەری ژیانم ،خۆ چاوە گەشەکانت ، ڕوە گەشەکەت لەمانگەکە جوانترو بەتیشکترن ، نازانیت چەندە تامزرۆی بینینت بووم ، جولێتی نازدارم ،ئای ئێستا بەبینینت چەندە بەختیارم شادم !.گیانەکەم ڕۆشناگیان :

که مانگ چواردەبێ

شەوانە جوانە .

وەلی مانگی من

ڕۆژیش تابانە

ڕۆشناو ڕێباز هەربە پێوە بەڕازو خوازی دڵدایەوە خەریکبوون ، ڕیباز دوبارەی ئەکردەوە کەئێمەیش ڕۆمیۆ وجولێت ئاسایی دڵدارو خۆشەویستی یەکترین ، دوێنێ شەو لەبانیژەکەوە لەدورەوە تۆم دی چەند جوان بوویت و بەدڵ ئەمدیت ، وام زانی ڕۆمیۆ ئاسایی مانگ لەمنیش هەڵهاتوە . ڕێباز هەر جارێک کەڕۆشنای ئەبینی ، پەیمانی خۆشەویستی ودڵداری بۆ دوپات ئەکردەوە ودەری ئەبڕی ،کەخۆی لەدنیایەکی پڕلە ئارامی وبەختیاری وپڕلە هیواو شادیدا ئەبینیەوە ، زۆر جار پڕ بەدەم هاواریئەکرد کێ هەیە وەک ئێمە بەختیاربێت لەدنیایەکی پڕ لەخۆشی دڵداری وادا بژی ؟هەرجارە لەگەڵ ڕۆشنادا بەیەک بگەشتایەو تاک بوونایەوە ، بەگۆڕانیەوە ئەوپارچە شیعرەی ئەوتەوە هەردوسەستی ڕائەوەشاند وگۆرانیەکەی ئەوتەوە:

( گوڵی هەی گوڵێ سەروەت ومالْم گوڵی

* ئەتۆ لەچی تۆراوی دەوەرە وەرە پێم بڵی) .

دوبارەی ئەکردەوە : گوڵێ هەی گوڵی تۆ ژیان وخۆشی منیت هەی گوڵی . لەدوای هەر دێڕێک لەشێعرەکە ، ئەیوتەوە ودوبارەی ئەکردەوە تۆ سەروەت ومالْ وژیانی منیت ، گوڵەکەم جاتۆ لێم زویر ئەبیت ، لێم ئەتۆرێیت ، لێم تورە ئەبیت ؟. نەخێر نا

نا ! ئەمە قەت وانیەونابێت .ڕۆشنا وەرامی ئەدایەوە: لەم دنیایەدا چی هۆیەک ئەبێت هەبێت ، من لەتۆ دڵگیر بکات !. من چۆن لێت زویر ئەبم ئەتۆرێم ! . کەهەردەم لە ئاسۆیەکی ڕوناکی پڕلەهیوا وخۆشەویستی ژوان خەیاڵاوی تۆدا ئەژیم ، بەو ڕوناکیە ئەژیم کەلەلای تۆوە دێت ، ئەوساتەم لەلاخۆشە ، کەلەگەڵ تۆم وئەت بینم ولێت نزیکم ، خۆم بەختیارترین کەس ئەزانم لەژیاندا ، مەگەر مەرگ لەیەکترمان جیابکاتەوە .ساڵ بەرەو پایز ئەچوو بەروبووم ومیوەهات پێگەیشتبوو ، وەرزو ساتی بەسەرکردنەوە وکۆکردنەوەو ڕنین وڕۆماڵکردنی بەروبووم بوو ، خەڵکی ناودی بەڕنینی هەنارو هەنجیرو سێوو وترێ و هەرمێوە خەریکبوون ، بەشێکی بۆ فرۆشتن ، بەشێکیان بۆزستان وشکئەکردەوە و بەشیکیان ئەگوشی بۆ دۆشاو باسوق وسجوق وسرکەوە ، ڕوبی هەنار .لەپیش ئەوی بەروبووم بەسەر بچێت ، بەکاری بیستانەکەیانەوە وکۆکردنەوەی بەرهەمەکانیانەوە خەریکبوون ، وەک ترۆزی وخەیارو کاڵەک وشوتی بامیەو تەماتەو باینجان و نۆک ونیسک وسڵق سەوزەی هەمەجۆر. گەورەو بچوکی ئاوایی بەژن وپیاوەوە سەرقاڵی کارکردن بوون ، بەتاک یان لەڕێی هەرەوەزیەوە بەشیوەیەکی کەلتوری وەک هەموو لادیکانی کوردەواری بەیەکەوە هەر خەریکبوون. هەلێکی باشبوو بۆ ڕۆشنا وڕێباز جارجارە بەیەکەوە لەڕۆژانی پێنج شەممەو هەینیدا لەکاری هەرەوەزیدا ، لەڕەزو باخەکاندا ، لەگەڵ خزمەکانیاندا خەریکی کارو هاوکاری ویارمەتی وهەرەوەزی بوون . دایکی ڕۆشنا هەستی کردبوو ، بەپەیوەندی ومەیلی خۆشەویستی ڕۆشناو ڕێباز زۆرجار نەیئەهێشت لەگەڵ ڕێبازدا تەنیابێتەوە ، چاوی لەسەریانبوو ، بەچاوێکی دڵنیاییەوە سەیری بەینیانی نەئەکرد ، ئەم کارەی پێخۆش نەبوو ، خەریکی ئەوەبوو خزمان ئاگادار بکاتەوە ، کە بێنە خوازبێنی پێش ئەوەی ناوێان لەناو ئاواییدا بزرێت .

هیچ هیوایەکی بەڕێباز نەبوو کەلە هەڕەتی لاویدایەو تازەپێئەگات ، کارو پێشەیەکی نیەوە ، لەئێستادا توانای بەڕێوەبردنی خێزان وماڵی نیە ، بێدەرامەتە ، ماوەیەکی زۆر ئەوکچە ئەبێت بمێنێتەوە، وچاوەڕوان بێت ، تا ڕێباز خوێندن تەواوئەکات پێئەگات ئەبێت بەخاوەنی گیرفانی خۆی . زۆر جار ئەوباسانە کرابوون ولایەنگرانی ڕیباز

زۆربوون ، هەرچەندە شوکردنی ڕۆشنا بەڕێباز کاری بۆنەکرابوو بیرۆکەبوو هەرقسەبوو بەدەمیبوو . لاوە گێلەکەی ئامۆزای ڕۆشنا لەدێیەکی نزیک دەرەتوو ئەژیا ، تەمەنی زۆرتر بوو لەڕۆشنا ، زۆر جار سەردانی ماڵی ڕۆشنای کردبوو ، ڕێباز لە خەمی ئەوەدابوو دایک وباوکی بەزۆر بیدەن بەوکەسە . بەڵام ڕۆشنا چەندجار ڕێبازی خۆشەویستی ئاگادارکردبووە وە کە پەیمانی هەتاهەتایی پێداوە ئەگەر چاری نەماو بەزۆر بیدەن بەو ئامۆزایەی خۆی لەناو بەرێت .ماوەیەکبوو قوتابخانە کرابووە وە ، ڕێباز لەخوێندنگەی (ناوەندی میدیا )دا دەستیکردبوو بەخوێندن بەوهۆیەوە ئەبووایە لەشار بمینێتەوە .

لەدوانێوەڕۆیەکدا ڕێباز لەکاتی گەڕانەوەیدا ، ڕۆشنای بینی کە بەرەو کانی ژنان ئەچوو سەیرێکی دەورووپشتی خۆیکرد کەسی بەدینەکرد بەدەم گۆرانیەوە لەڕۆشنا نزیکبووە وە ، بەدێڕە شێعرەکەی کە هەردەم لەسەر زمانی بوو ، بەگۆرانی ئەیوتەوەبۆی :
گوڵێ هەی گوڵی سەروەت وماڵم گوڵی گوڵی هەی گوڵی سەروەت وماڵم گوڵی .
گوڵەکەم بەڕاستی تۆیت سەروەت وماڵم وهۆی ژیانم ، ئەتۆی ڕوناکی چاو وهێزو وزەی گیانم ، کەتۆم هەبیت دنیام هەیە هەموو دنیا هی منەو ، بەدەممەوە پێئەکەنن ! کەئەو ڕوە گەشە جوانەو زەردەخەنەی سەرلێوە ناسکەت ئەبینم هەستم وایەکەس نیە وەک من بەختەوەربێت ، ئەڵیم ئای کەدڵم خۆشە. هەموو جوانیەکی سروشتی لەجوانی تۆدا ئەبینم . گوڵە نازدارەکەم کاتێک لەشاربووم وامئەزانی بەندکراوم ، کەدوربم لێت دنیا تەم ومژە وزریانەو تاریکە بێتۆ ، لەدڵما لێکمدایەوە وتم باتازووە سلێمانی بەجێی بهێڵم ، بۆیە وازو گەڕامەوە ، بێتۆ ئارامم نیەوە ژیانم شینە بێتۆ ، بەتەنها تۆ دڵ وگیانمی ئارامی گیانمی :

کام جوانێ ئەگات بەجوانی چاوت
برژانگ و برۆ و ئەگریجەی خاوت
کام تاسە کام مەیل کام چاوەڕوانی
تەلیسماویە وەک هی دڵداری .

خۆشەویستەکەم : کەسەیری دیمەنی جوانی دەشت وباخ وبێستان وچیاو هەردو شآخ دۆڵ ڕوبارو تاڤگەو قەڵبەزە ودارو دەوەنی کێوەکان ئەکەم ، بۆنی گوڵە کێوی ئەکەم ، وێنە وبەرامەی تۆیان تیائەبینم و هەستئەکەم کەهەموو بەدەممەوە پێئەکەنن . کەچاو هەڵئەبڕم لەئاسمان ،جوانی تۆ وزەردەخەنەی سەرلێو وخۆشی تۆیە شـێوەو وێـنەی بەرجەستەی تۆیە هەردەم تارماییە لەبەرچاومەو ئەیبینم ، رۆشناگیان وێنەکەی تۆم هەڵگرتوە ، لە سەر دڵم دامناوە هەر ساتە نەساتێک دەری ئەهێنم ، چاوم لێی تێر نابێت ، بووەتە نەریتێکی ڕۆژانەم .

# بەشی سێیەم

## ژیان و گوزەرانی ناو ئاوایی

وەرزی پاییز بوو خەڵکی بەکارو پیشەی ڕۆژانەیانەوە خەریکبوون ، هەموو لەباخ ڕەزو بیستانەکاندا بەکارەوە خەریکبوون سەریان قاڵبوون ، بۆ وەرزی زستان وخۆیان ئامادەئەکرد. ڕۆشناو ڕێبازیش هەر لەوناوەدا هاوبەشبوون ، فرسەتیان هەبووایە وهاوکاریان بوون ، کە ئەم بارەیان پێخۆشبوو ، خۆشترین هەلی ژیانیان بوو کەبەیەکەوە بەوکارانە هەڵسن ، وەک سەیرانێکی خۆشیبوو بۆیان ، فرسەتبوو لەدەشت ودەردا بەسەربەستی بەیەکەوە بسوڕێنەوە. دانیشتوانی ناو دێیەکەش لەکەش وهەوایەکی هێمنیدا ئەژیان ، بەخۆشی وبەختیاری بێکێشە بەکارو پیشەی ڕۆژانەیانەی ناوئاواییەوە ، خۆیان خەریککردبوو .ئەوەی تەنها بیریان لێئەکردوەو دلگیری کردبوون ، کردارو تاوانی نامرۆڤانەو ڕەفتاری بەدی دڕندەکانی بەعس بووو کەلەزۆرشوێنی تردا ئەنجامیانئەدا. کە تەنها کارو بیرو خەم وباسی ڕۆژانەی ناو ئاواییبوو ، گوێیان لێئەبوو ئەیانبیست وباسئەکرا . کەبەعسی دڕندەو بکوژ لەڕێی هێرش سەربازیانەوە بەنیازن تاوانی بێوێنەی کۆمەڵکوژی دژی نەتەوەی کورد ئەنجامبدەن ، ئەیان بیست کەلە زۆر شوێندا بەکردەوە دەستیان پێکردوەو خەریکی ئەنجامدانی تاوانەکانیانن ، خەڵکی ئاوایی نەیان ئەزانی کەی ئەم کۆتاوەڕوەی بەعس ئەگاتە ناوچەکەیان چیان بەسەردا دێنێت ، بەچی شێوەیەک لەئاواییەکەیاندا ، ئەم تاوانەی بەعس ئەنجامئەدرێت وچۆن ؟ پایزی ساڵی ١٩٨٧ بوو ڕیباز لەسلێمانی ئەیخوێند ، بەوهۆیەوە لەماڵی مامی لەسلێمانی مایەوە ،خوی دابووە خوێندن ، ڕێباز لە ناوشار جێگەی بەخۆی نەئەگرت ، هەرهەلی بۆ بڕەخسایە بۆبینینی ڕۆشنا بەرەو ئاویی ئەبووەوە ، بەتایبەت ڕۆژانی پێنج شەممەو هەینی. لەماوەی هاتنەوەیدا ، خۆشی وشادیەکی نوێ باڵیئەکێشا بەسەر ڕۆشناو ڕێبازدا ، زیاتر مەیلیان بەلای یەکترەوە گرپئەسەند ، هەرجارێک کەڕیباز ئەگەڕایەوە بۆ ناو دێ ئەوەی توانای بەسەردا هەبووایە وشیاوی ڕۆشنابووایە ، دیاریەکی بۆ ئەهێناو پێشکەشی ئەکرد .

خۆشی وهێمنی ناو دێ ئەوەندەی نەخایاند کۆمەڵێک سەربازی بەعس هاتنە ناودیوە ، لە سەر تەپۆڵکەو گردێکی بەرامبەر بەئاوایی جیگیر بوون ، کردیان بەڕەبیەیەکی

سەربازی بۆ مانەوەیان، بەمەبەستی وچاودێری کردنی ئاواییەکە وناوچەکە، هاتنی ئەو کۆمەڵە سەربازە عەرەبانە بووە مایەی دڵگرانی ودڵەڕاوکێی دانیشتوان ، هەستیان بەبارگرانی وگۆرانێک وبارێکی ترسناکئەکرد، کە بەرەڕویان بێتەوە، ئەو سەربازە بەدڕەوشتانە ڕۆژانە بەناو ئاواییدا ئەسوڕانەوە، دەستدرێژیان ئەکردە سەر دانیشتوان ، وتەو جنێوی ناشیرێنیان بەخەڵکی ئەدا، بەخوت وخۆڕایی لەپیاوان کوڕوکاڵیان ئەدا . خواردن میوەهات وبەروبومیان بەتۆپزی وبەزۆر لەخەڵکی ئاوایی ئەسەند، بەئارەزوی خۆیان بەناو ڕەزو باخەکاندا ئەسوڕانەوە چیان بەدڵبووایە ئەیانڕنی. دەمەو نیوەڕی ڕۆژێکی ئەو زستانە، ڕۆشنا لەگەڵ براکەی وباوکی، بۆناو باخ وبێستانەکەیان بەرەوخوار بوونەوە، سێ سەربازیان دی وێنەی سەدامیان بەدەستەوە بوو ، بەرو کەپرەکە بەڕێوەن، کەگەیشتن ویستیان وێنەیەک بەلای کەپرەکەدا هەڵبواسن، کەلەژێریدا نووسرابوو: ( قائد الامە العربیە و المسلمین المجاهد سدام حسین ) یانی ، سەرکردەی نەتەوەی عەرەب وموسوڵمانان موجاهد سەدام حسەین . روشنا لەگەڵ باوکی لێیان چوونە پێشەوە ، وتیان ئەم وێنەیە بۆ هەڵئەواسن؟ . سەربازەکان بەتوڕپییەوە، لەباوکی چوونە پێشەوە ، یەکێکیان تۆزێک کوردی ئەزانی ، وتی: (معنای چی ؟. بەچی حەقێک پرسیارئەکەن ، بۆچی پێتان ناخۆشە، هەڵی بواسین ). ڕۆشنا وەرامیدانەوە وتی : ئەگەر بارانباری ئاوئەیشواتەوە ، ئەگەر خەڵکی دڕاندی ئێمە چی بکەین ،؟. دوایی ئێمە خەتابار ئەکەن . لاییەرن ، باشتر ئەوەیە دای نەنێن ، وتیان : لەلای ئێوارە لای ئەبەین ، دوایی هەر لایانبرد وبەرەو ناو دێ سەرەو ژور بوونەوە . ڕۆژ بەڕۆژ باری ناو دێ بەدەست ئەوسەربازانەوە بەرەو خراپترو ناخۆشتر ئەچوو ، بارەکە بەگشتی ڕۆژ بەڕۆژ ترسناکتر ئەبوو ، هەستیان بەکارەساتێک وبەسەرهاتێکی نادیار ئەکرد کەبەرەو ڕویان ئەبێتەوە ، نازانن کەی وچۆن ئەبێت ؟. ڕۆژانە ئەیان دی سەربازەکان بەناو کۆڵانەکاندا ئەسوڕانەوە ،لاو وکوڕەکاڵ ومێرد منداڵیان بدیایە بانگیان ئەکردن وهەڕەشەیان لێئەکردن کە ئەبێت زانیاری وئیخباری دێیان بۆ بهێنن ، زۆرجار بۆماوەیەک ئەیانگرتن ، دوای ئەوەی جنێوی ناشێرێنیان پێئەدان وئەیان ترساندن ، دوای لێدانێکی زۆر بەرەڵلایان ئەکردن

# بەفر باری

مانگی بەفران باربوو بەفرێکی زۆر بارییبوو ، ئەوبەیانیە ناو دێی دەرەتوو بەرگێکی سپی پۆشیبوو ، وێنەیەکی، جوانی سروشتی پێوەدیاربوو، ڕۆژێکی نوێی ئاسایی نەبوو ، خەڵکی بۆ ڕاپەڕاندنی کاری پێوست ودەربارەی ئەو بەفربارینەوە ، خەریکی جم وجوڵ وهات وچووبوون ،خۆیان خەریک کردبوو بەناوئاواییدا بڵاوبوونەوە هەر کەسە بۆ کارێکی تایبەت بەخۆی ، بەلایەکدا ئەسوڕایەوە ، تاکارو پێویستی وفرمانی ڕۆژانەیان ڕاپەڕینن . بەتایبەت لەوڕۆژەدا بەفرێکی زۆر بارییبوو ، زۆر لە دانیشتوانی ناودێ بەفرماڵیان بەدەستەوەیە خەریکی بەفر مالینی سەربانەکانن ، بەشێکیان بەر دەرگای ماڵەکانیان لەبەفر پاکئەکردەوە ، زۆریان بەرگی زستانەی گەرمیان پۆشیبوو ، خۆیان پێچابووە وە ، کۆمەڵێکیان کاڵەو پێتاویان بەستبوو ، لەولاوە هەندێکیان وڵاخەکانیان پێشخۆ دابوو ، بەرەو دەروەی ناودێ بەڕێوە بوون . قوتابیان لەبەردەرگای خویندنگە کۆبوونەتەوە بەیاریەوە خۆیان خەریککردوە شەڕە تۆپەڵیانە ، ژنان وکیژۆڵەکان بەرەو کانی بەڕێوەن منداڵەکانیش بەدروستکردنی شێرە بەفرینەو بووکە بەفرینەوە خەریکن ، ئاسمان ساماڵەوە بەو ڕەنگە شینەیەوە ، لەگەڵ بەفری سپی ناو دۆڵ وپێدەشتەکان وناودێ وێنەیەکی دڵفڕێنی سروشتی بێوێنە وجوانیان پێکهێنابوو ، ڕۆژ تیشکە زیوینەکەی بەسەر ئەوبەفرەدا پەخشکردبوو ، لەودەورو پشتەدا ئەدرەوشایەوە ، ڕۆژەکە تیشکەکەی بەسەر بەفرەکەدا عەکس کردبووەوە بەشێوەیەک کەئاوی چاوی ئەبرد، ڕوناکیەکەی بێوێنەی لەوێنەی ئەڵماسێکی خواکردی دروستکردبوو ئەبریسکایەوە، ڕۆناکیەکی زیاتری ئەدا بەسروشت لەولاوە لەبەردەم هەیوانی مزگەوتەکەدا ولەدەردەمیدا لەدەرەوە لەسەر سەکۆکاندا کۆمەڵێک لەپیاوانی ناو دێ هەڵتروشکابوون ، خۆیان دابووە بەرتیشکی ڕۆژ ، لە بەر بەڕۆچکەکەدا ، خۆیان هەڵخستبوو ، بەباس وخوازی دنیایی وڕۆژانەیانەوە وقسەی خۆشەوە خۆیان خەریککردبوو .ئەم دیمەنە جوانەی ناو دێ و بەفربارێنە بریسکەی ئەو بەفرە ، چەند دێڕە شێعرێکی پیرەمێردیان ئەهێنایەوە یاد ، کەدەربارەی ڕۆژێکی بەفربارین لەسلێمانی هۆنیویەتیەوە: بەیانی بوو لەخەوهەڵسام کەڕوانیم بەفرە بارییە

* سلێمانی ئەڵێی بەڵقیسە تارای زیوی پۆشیوە دەمێکبوو چاوەڕێی بەفرێکی وابووم مژدەبێ باری

*سەرم بەفرەو کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری

دوای چەند دێڕێک .....

ئەوا ساماڵیکرد ڕۆژ کەوتەسەرشاخی گڵەزەردە

* بەسەر ئەو بەفرەدا تیشکی هەتاو ئەڵماسی خواکردە

چلورەی کوێسوانان پڵپڵەی زیوی کچەکوردە

سەهۆڵ ئاوێنەیە لێکدانەوەی ئەم دو شتە وردە

ئەڵێن فریشتەی ئاسمانیش سپیە وەک بەفرە

فریشتە کەوتە ناومان بۆیە وا زوو ئەخۆین تەفرە .

لەدێڕێکی تردا ئەڵێت

کەپیرێژن سەروپۆیلەی بەشینی چلە تێک ئاڵا

بەهار دێت داری پیر ئەژێتەوە دێتە قەدوباڵا .

لەوڕۆژەدا بەهەڵکەوت ڕێباز لە ناودێ بوو . دوای تەواوبوونی ئەرکەکانی پەیوەست بە بەفربارێنەوە وماڵینی سەربان و پاککردنەوەی بەردەرگاکان لەبەردەم مالی خۆیاندا . بەنیازی بینینی ڕۆشنا بەرو خوار بووە وە لەدورەوە کۆمەلێک کچۆڵەی ناو دێی دی لەگەڵ ڕۆشنادا ، لەبەردەم کۆختەکەی ماڵی ڕۆشنادا خەریکی یاری وشەڕەتۆپەڵ ودروستکردنی شێرە بەفرینەن ، ڕۆشنا بەرەوڕوی هات خۆشهاتنی لێکرد ، بەخۆشیەکی بێوێنەوەو دەم بەپێکەنینەوە تێکەڵاویان بوو ، ئەویش دەستی کرد بەیاری ،. هەلێکی ڕەخساوی چاوەڕووان نەکراوی ناوازەبوو بۆ هەردوکیان چەند ساتێکی پڕ لەخۆشی وپێکەنین ، بەیاری و ڕاکردن شەڕەتۆپەڵ ودروستکردنی شێرە بەفرینەیەکی گەورە بەسەربەرن .

چلەی زستان بەرەو تەواو بوون ئەچوو، بەهار سەری هەڵدابوو گژوگیاو گوڵی کێوی چەکەرەیان کردبوو دار هەرمێی ناو ڕەزەکان ودارستانەکان پشکوتووبوون ،گوڵیان

کردبوو ، نیرگز لەهەڕەتی گەشە کردنیدابوو کنگرو هەڵالە برایمەو هاڵەکۆک وپیشۆک پێگەیشتبوون ، بەفری قەد پاڵەکان جۆر چۆرەیان تێکەوتبوو ، دەشت ودەرو دامێنی شاخەکان وگردۆڵکەکان بەرگێکی سەوزو ڕەنگینیان پۆشیبوو ، بەهەموویان مـژدەی بەهارێکی تەڕو بڕی پڕلەخێرو بێریان ئەدابەخەڵکی.

## ڕۆشنا گوڵێکە بووکی بەهارە

ڕۆژێکی دوانیوەڕۆی ، پێنج شەممەبوو ڕێباز گەڕابووەوە بۆ دەرەتوو ، ڕۆشنا لەدورەوە ڕێبازی دیبوو لە بانیژەکەیانەوە هات وچۆی بوو ، سەیری ناودێی ئەکرد بەتایبەت ماڵی ڕۆشنا ، ئەوئیوارەیە ڕۆشنا هەر چاوە چاوی بوو بەڵکو ڕێباز لە پەنایەکەوە دەربکەوێت بەبینینی شادببێت وتۆزێک تەسەللای دڵیان بێت وساتێک بەیەکەوە گڕو سوزی دەرون ودڵیان بەژوانەوە هێور بێتەوە .

بەهیوای بینینی ڕیباز بەیانی زو ڕۆشنا خۆی ئامادەکردبوو ، بەونیازبوو بچێت بۆ ناو باخەکەیان ، ڕۆشنا لەگەڵ براکەی کارو بەرخەکانیان دایە پێشخۆیان بەرەو باخ وبیستانەکەیان بەڕێبوون ، ڕۆشنا هەرهات وچۆی بوو، جێگەی بەخۆی نەئەگرت ،چاوەچاوی بوو ، کەی ڕیباز دەربکەوێت وبێت بۆلای ؟. لەبەر خۆیەوە دوبارەی ئەکردەوە لەدوێنی ئێووارەوە هاتوەتەوە ، بۆ دیارنەبوو بۆنەهات ، بەچیەوە خۆی خەریککردوە هۆێ چیە . تۆ بڵێی گۆڕانێک یان شتێک ڕویدابێت ، بووبێتە هۆی ئەوەی کەنەتوانێت بێت بۆلام ، ئەی بۆچی ؟ . دوای ماویەک لەچاوەڕوانی ، ڕێبازی بەدیکرد لەپێدەشتەوکەوە لەدەراوی دێوە ، بەرەو ژور ئەبووەوە بێڵەکانێکی بەدەستەوە بوو بەرەو ناودێ بەڕێوەبوو ، کەگەیشتە ئاستی ڕەزو باخەکەی ماڵی ڕۆشنا بەخێرایی بەرەو ڕوی کەپرەکە هات .

هەر کە گەیشتە ئاستیان ، ڕۆشنا بەرەو پیری چوو بەزەردەخەنە وڕویەکی گەش وخۆشیەوە ماندو نەبوونی لێکردو وتی : من لەناو دێ چاوەڕووانی تۆ بووم وبۆت ئەگەڕام ، هەر چاوەڕێبووم ، کەچی لەدەرەوی دێوە بۆناودێ بەرەو ژور بوویتەوە ! . دڵەکەم پێم ناڵێیت بەم بەیانی زووە لەکوێ بوویت ؟.

ڕێباز وەرامیدایەوە و وتی: گوڵەکەم دڵ وهەناوم پێم بڵێ تۆچۆنیت ؟ . خۆمن هەردەم لەخیاڵ وبیرو خەمی تۆدام ، لەسلێمانی جێگەبەخۆم ناگرم ، بەناچاری لەخوێندنگە دەوامئەکەم ، ئەوەی ڕاستی بێت بەیانی زوو لەگەڵ هەندێک لەبرادەران بەبێڵەکانەوە ، چووین بۆخوار ئاوایی، بۆ ئەو پێدەشت و نیرگسە جاڕانە بۆ هەڵکەندنی کندرو پیشۆک وگۆزروان وهاڵەکۆک ، ئەبینیت کۆڵە پشتێکم پێیە ، بەچاوی تۆ هەر بەنیازی تۆوە

لەگەڵیاندا چووم ، تابتونم دیاریەکت بۆ ئامادەبکەم و پێشکەشت بکەم .
هابگرە ئەوچەپکە گوڵە نێرگزە جوانە کەبۆم چنیوێت، تۆزێک وەرەپێشەوە، بائەو رستە پێشۆکە هۆنراوەیە کەلەشێوەی پرچی کیژۆڵە یەکدایە، وەک ملوانکە هۆنیومەتەوە، بەدیاری بۆم هێناویت ، بەشێکی وەک ملوانکە ، بکەرە ملت ئەوبەشەی تر ، وەک تاجەگوڵێنە ئەکەم بەسەرتەوە، لەگەڵ ئەوچڵە نێرکزدا بیکە بەسەرتەوە، ئەوگوڵە بۆن خۆشەش بەدەستەوە بگرە بۆنیبکە، تاروخساری گەشی جوانت گەشەدارتربێت بۆن خۆشتربێت ، زیاتر برازێتەوە ، تیکەڵاوی سروشتی خواکردبێت .بەو گوڵ ونێرگز وپیشۆکە رۆشنا بووە وێنەی بووکێکی جوانی رازاوەی بەهار.
لەبن کەپرەکەدا بۆچەند ساتێک بەیەکەوە بەرامبەر یەکتر دانیشتبوون ، بەرازو گلەیی دەربرینی هەستی دڵ وندەرونیانەوە خەریکبوون ، وساتێکیش بەبێدەنگی کاتەکەیان بەخۆشی بردەسەر.
رێباز وتی:لەمکەش وهەوا خۆشەدا لەساتێک بێدەنگیدا با بچینە دنیایی خەیاڵ وخۆشـــیەوە باســـاتێک بەبێـــدەنگی هەردوکمـــان خۆمـــان بیـــربچێتەوە.
دوایی رێباز دەستیکرد بەموناجاتی خەیاڵی ودڵداری هەردەم دوبارەی ئەکردەوە:
چەندە جۆانیت ، چەند سیحراوی ، من بوومە گیرۆدەی بەژن وبالآی تۆی جوانی.
ئیستا ئەڵی گوڵە کێوی دەم بەهاری ، بۆیە بەم شیوەیە بویتە پارچەیەک لە جوانی وسادەی ساکاری خواکردی بەهاری .
گوڵەکەم هەی گوڵێ سەروەت ماڵم گوڵی . گوڵێ لەسەرچی تۆراوی دەوەرە وەرە پێم بڵێبە دەم ژوانەوە نیگای جوانی نەرمی خەواڵوی رۆشنا کە تێکەڵاوی ناوچاوی رێباز ئەبوو ، دڵی هەردوکیانی تێر وپرئەکرد لەوشەی خۆشەویستی ، زۆر جار هەردوکیان بۆساتێک بەبێدەنگی ، چاویان برییبوە ناوچاوی یەکتر ، گزنگ وتیشکی چاویان وزەو تەزویەکی بێوێنەی ئەنارده ناوناخیان لەجیاتی هەردوکیان هاتبووە گوفتار ، بەگوێاندا ئەی چرپاند : ئەوگزنگ وتیشکەو خۆشەوستیەتان لە ناودەرون جەستەتاندا بووەتە نەخشێکی هەرگیز نەکوژاوی یادەوەری ، لەناو دڵی هەردوکتاندا چەسپیوە .
ئەو هەموو رازو خوازو باسکردنی خۆشەویستی وهەستەی هەردو ، لەئەوین وژوانـدا

وسەیرکردندا خۆی ئەنوواند ،شانامەیەکی عەشق ودڵداری بێوێنەی پاکی دودڵداری لێئەکەوتەوە . دواجار ڕێباز وتی: ئازیزەکەم هەتا لەژیاندا مابم ، گیان لە جەستەمدا ماوە ومابێت بەدرێژایی ژیانم هەر وا بەرامبەرت دانیشم ، نەچاوم تێر ئەبێت نەدڵم پاراو ئەبێت نە ئاوئەخواتەوە . ئای چەندەم خۆش ئەوێیت . لەوکاتەدا برابچکۆلەکەی هاتەوە بۆلایان ، تۆپێکی بەدەستەوەبوو هەردوکیان هەڵسان ودەستیانکرد بەیاری ، ماوەیەک بەڕاکردن وتۆپێنەوە کاتیان بردەسەر ، دوایی بەرەو ناو دێ بوونەوە ، بەدەمی پڕ لەپێکەنینەوە وباسی ئەدەب وشیعر ودڵداریەوە ، گەیشتنە ناو دێ ، ڕۆشنا هەناسەیەکی خۆشی هەڵکێشا وتی : ئەمڕۆ لەژیاندا خۆشترین ڕۆژمبوو.

ڕۆشنا دوبارەی کردەوە وتی : ڕێبازگیان بڕوانە لەسەر ئەو تەپۆڵکەیە چی دیاریەکیان بۆناردوین ، ئەو سەربازانە ئەبینیت بەسەرمانەوەن لەکوێ گیرساونەتەوە ، ماوەیەکە لەوێ جێگیربوون ، لەوکەلەوە هەموو ڕۆژێک بەکۆمەڵ دێنە خوارەوە بۆناو دی ، بەخوت وخۆڕایی تەعەدا لە خەڵکی ئەکەن وجنێو ئەدەن ، لێیان ئەدەن . ڕێز لە پیرۆزیمان ناگرن بەزور خواردن لەخەڵکی ئەسەندن ، ئەچنە ناو دوکانەکانەوە بەئارەزوو چیان بووێت بەخۆڕایی هەڵیئەگرن . ئەکەونە ناو ڕەزو باخەکانەوە ، ئەیانڕنن بەئارەزووی خۆیان چیان بەدڵبێت وتورەکە پڕئەکەن لێی، بونەتە گرێیەک ومۆرانەیەک بەسەر دڵمانەوە ، بەڕاستی ڕێگەی ژیانیان لێگرتوین ، هەموو ڕۆژێک بیانووی پێشمەرگەمان پێئەگرن ، ئەڵێن بەشەو پێشمەرگە بەکۆمەڵ دێنە ناو ئاواییەوە ، ئێوە یارمەتیان ئەدەن ، خواردنیان ئەدەنێ ، ئەیان شارنەوە پشتیانئەگرن ، هەواڵی جم وجوڵیان شوێنەکانیان بەئێمە ناگەیەنن .

خەڵکی ناودێ لەوە ئەترسان کە بەتۆپ وتەیارە پەلاماریان بدەن و بۆردومانیان بکەن ، یان وەک هەڵەبجە و دێهاتەکانی تر کیمیاباران بکرێن ودێیەکە کاول و وێران وتالانبکەن ، ڕەو بەخەڵکەکە بکەن تاوانی کۆمەلکوژی ئەنجامبدەن. کاتێک لە ماڵی ڕۆشنا نزیکبوونەوە پێش ئەوەی خواحافیزی لەیەکتری بکەن . ڕێباز نامەیەکی لەگیرفانی دەرهێنا ، کەبۆ ڕۆشنای نووسیبوو پێچابوویەوە ، دایەدەستی

وتی : خۆشەویستەکەم  ئەم نامەیە هەڵبگرە وبیپارێزە ، بۆ یادگاری بالای خۆت بێت ، منیش لەلای خۆمەوە ، هەردەم ئەستێرە گەشەکەی ئێواران ئەکەم بەیادگاری تۆ ، هەموو شەو وئێواران کەسەیری ئەکەم وێنەی تۆ لە ناو تیشکە زیوینەکەیدا ئەبینم ، کەبەر جەستەیە ولەبەر چاومە ، بەسەیرکردنی ئەستێرەکە وەفاو سوێندو پەیمانی هەتا هەتاییمان ، هەردەم بەسەر ئەکەینەوەو دوبارەی ئەکەینەوە ، لەبەر ڕۆشناییەکەی تازەی ئەکەینەوەو پتەوتری ئەکەین ، وێنە شیرێنەکەت هەردەم لەسەر دڵمە ، ساتە نەساتێک دەری ئەهێنم ، چاوم لێی تێرنابێت ئەزانم تۆیش فەرامۆشم ناکەیت  هەر بەو شێوەیە وزیاترئەبیت.

ڕۆشنا وتی : منیش شەرتە هەردەم مانگی چواردەو ئەستێرە گەشەکە بکەمە یادەوەری دڵداریمان ، شەوانە بەیادی تۆوە بەرامبەریان ڕاوەستم مەرجە لەژوانی نەبڕاوەی شەوانەدا لەگەڵیاندابم.

کەبە هەردوکیان نیشانەی خۆشەویستی هەرگیزاو هەرگیزی وەفاو ئاگادار بوونمانە لە یەکتری دوپات و یەکالاکردەوەی دڵداریمانە.لەهاوێن وپایز وزستانی ئەو ساڵەدا ، ڕێبازو ڕۆشنا خوشترین کاتی ژیانیان تیا بەسەربرد ، لە کێڵگەو ڕەزو باخەکاندا ساتێکیان بەفیڕۆ نەئەدا .ڕێباز هەر فرسەتی هەبووایە پێنج شەممان وهەینی خۆی ئەکردوە بەناو ئاواییدا ، ئارامیەکی پڕ لەتەزوی دڵداری وخۆشەویستی ،باڵی ئەکێشا بە سەر دەرون ومێشکیدا وتەسەللای ئەدا بەدڵیدا . هەرکاتێک کەڕوشنای ئەبینی ئەکەوتەوە دنیایەکی خەیالاوی ، داستانێکی تری عەشقیان پێکەوە ئەنووسیەوە بەو هۆیەوە ڕێباز ئەکەوتە گورانی وسەما ودوبارەکردنەوی شیعرو پێاهەڵدان .

## دڵەڕاوکێی دانیشتوانی ئاوایی

دانیشتوانی ئاوایی دەرتوو لەگەڵ ئەوەی کاتێکی بێدەنگی وئارامیان بەسەر ئەبرد ، لەکەش وهەوایەکی چاوەڕوانیدا ئەژیان ،هەستیانکردبوو ، کارەساتێک وزریانێک هێرشێکی بێهاوتا دژ بەتەوەی کورد هەڵیکردوە وبەڕێوەیە، وەک هەموو بەشەکانی تری کوردستان بەروویان دێت ، هەموو ئەوە ئەزانن ئەگەر گەیشتە ناوچەکەیان وئاواییەکەیان ، تەڕو وشک بەسەریەکدا ئەسوتێنی وخەڵکی کۆمەڵکوژ ئەکات . دڕندەکانی لەشکری بەعس دورلەگیانی بەزەیی ومرۆڤایەتی وهەموو یاسایەک وبیرو فەرمودەی ئایینی بەدڕندەترین شێوە تاوانەکانیان ئەنجامئەدەن ، هەرچی بەهاو ڕەوشتی مرۆڤایەتی هەیە ئەیان خەنە ژێر پێوە لەگەڵ خۆیان ڕایان ئەمالن .

هەموو دێهات وشارۆچکە کاوڵئەکەن وئەیسوتێنن ولەگەڵ زەویدا تەختی ئەکەن . مەڕومالآت هەمووی بەتالآنی ئەبەن .

بەناوی دینەوە خەڵکی بێتاوانیش ئەنفال ئەکەن وزیندە بەچاڵیان ئەکەن . هەمووگیان لەبەرو دارو درەخت ڕەزو باخ ودارستان وسەوزایی لەناوئەبەن وئەسوتێنن ، کانی وسەرچاوەی ئاوەکان وشکئەکەن ، پڕیان ئەکەنەوە .

دانیشتوانی دەرەتو لەچاوەڕوانی ئەوزریانەدا ئەم زستانەیان بەسەربرد ، هەردەم بەئاگابوون بەباس وخوازو وەرگرتنی هەواڵی ناوچەکانی تری کوردستانەوە خەریکبوون ، لەخۆ ئامادوکردندا بوون. مام ڕۆستەم ومامە وەیسە زۆری کاتەکانیان لەبەر مزگەوتدا بەسەرئەبرد لەگەڵ دانیشتوانی ئاوایی ئێواران کۆئەبوونەوە ، خەریکی باس وخوازو هەواڵی بەسەرهات وکارەسات وناهەمواری ناوچەکانی تری کوردستان بوون. بەتایبەت ئەنفالی بەدناو ، کە لەگەرمیانەوە هەڵیکردوە ودەستیپێکردوە بەرەوژور دێت . لەدانیشتنێکدا لەناومزگەوتی ناو دێ لەدوای نوێژ ، مەلای مزگەوتەکە لەگەڵیان دانیشتبوو ، باسی تاوانەکان ودەستدرێژی وزوڵم وزۆر وستەمکاری وکوشتن وبڕینی بەعسیە دڕندەکانیان ئەکرد، کەبەناوی ئیسلامەوە ئەنجامیئەدەن . مەلای ئاوایی هەڵیدایەو وتی: ئەمانە وەک ئێمە مۆسوڵمانن لەخواترسن ، وەک ئێمەی موسوڵمان بەبەزەیین ، ئینشائەڵلە کاری خراپمان لەگەڵدا ناکەن ، هەر ڕەحمی

خوایان لەدڵدایە ، کەهێرشیان هێناو هاتن بۆناو ئاوایی ، هەموو بەکۆمەڵ بەنیازی دڵنەوایی وتەبایی بەرەوپیریانەوە ئەچێن . من بە قورئانێکەوە پێشتان ئەکەوم ، پێشوازیان لێئەکەین ، بەڵکو دڵیان نەرمببێت ، گیانی بەزەییان بجولێت ، دەست لەخراپەکاری بگێڕنەوە ، خراپە لەگەڵماندا نەکەن.

مام بایز کەپیاوێکی رۆشنبیرو کەسایەتی دێیەکەبوو هەڵیدایەوە وتی : مامۆستا تۆ ئەڵێیت چی ؟ ، بۆ ئەمانە خوا ئەناسن و لەخواترسن ،ئەیپەرستن ، وائەزانیت موسوڵمانن ، ئەوە بزانە بەناوی ئیسلامەوە هاتون تاقڕمانبکەن ، بۆ ڕێز لە قورئان ئەگرن وبەدینن ؟ .

مام بایز دیسان هەڵی دایە وتی : لەدێی سورەبەرد ، کاتێک لەشکرەکەی ئەوخوانەناسانە ڕویکردبووە ئاواییەکەیان دانیشتوان وکەسایەتی وپیاو ماقوڵانیان لەگەڵ مەلاکەیان ، بەڕێزەوە بەقورئانێکەوە بەرەو پیریان چووبوون پاڕابوونەوە، وتبوویان بۆخاتری ئەم قورئانە چاوتان لێمانەوە بێت وڕەحم بەم فەقیرو هەژارو ئەوخەڵکە داماوە وعالەمە موسوڵمانانە بکەن ، ئێمە بێوەیین هیچ خراپەیەکمان نەبووە ونەمانکردوە ، ماڵ وخانوەکانمان بپارێزن مەیان سوتێنن ، ئێمەیش وەک ئێوە موسوڵمانین . ئەفسەرەکەیان لێیان چووبووە پێشەوە ، قورئانەکەی لەدەست گرتبوو ، فڕیی دابووە ناو ئاگری خانووە سوتاوەکانەوە ، وتبووی : ئەوە قورئانی ئێوە نیە هی عەرەبە، ئێوە کەی موسوڵمانن ؟. تەنها عەرەب موسوڵمانی ڕاستین ، قادسیەی سەدام بۆ کافری مەجوسی وەک ئێوە بەرپابووە .

بەهاری ساڵی ١٩٨٨ دەستی پێکردبوو، ئەوەندەی نەخایاند بەرایی هێرش ودەستدرێژی لەشکری بەعس گەیشتە نزیک ناوچەکە ، هەر زووتر بۆ دەستپێشکەری دەستیانکردبوو بە بۆردومانکردنی ناوچەکە وپشت بەستوو بەفرۆکەی جەنگی وهیلیۆکۆپتەر لە ئاسمانەوەو بەتۆپی دورهاوێژ وبەچەکی نائاسایی وبەگوللە تۆپی ناپاڵم وکیمیاوی لەسەر زەوی . زۆر لە دانیشتوانی دێهاتەکان ، بەوهۆیەوە لەوهەڵمەت وبۆردومانە دوراو دورەدا کوژرابوون و زۆر لەماڵەکانیان سووتان وکاولبوون و لەگەڵ زەوی تەخت بوون ، خەڵکەکە ئاوارەبوون سەریان لێشێوابوو نەیانئەزانی ڕوو لەکوێ

بکەن .خەڵکی ئاوایی ژیانیان لێتێکچوو ، ڕۆژانە ڕوبانئەکردە دوڵ وهەردو بن ئەشکەوتەکان ولاپاڵی کێوەکان ، خەندەق وچاڵی قوڵیان هەڵکەندبوو بۆخۆ حەشاردان خۆشاردنەوە، شەوانیش ئەهاتنەوە بۆ ناو ماڵەکانیان ، بەڵام هەر مەترسیان لەسەربوو ، شەو وڕۆژ تۆپباران بەردەوامبوو ، سەربازەکانی ناو ڕەبیەکە لە سەروە هەردەم چاوێان لەسەر جم وجوڵی ناو ئاواییەکەبوو .

ڕۆژێکی هەینی ڕیباز لەگەڵ باوکیا خەریکی تاوتوێی کردنی ماڵەکەیان بوون ، باسی دەرامەت وخۆ ئامادەکردنیان ئەکرد ، وتیان باشتر وایە کە وریابن بۆ هەر ڕوداوێکی چاوەڕوانکراو ونەخوازراو ولەپڕ، لەکاتی هێرشکردنی دوژمندا کە ڕوبدات ، تابتوانن فریابکەون ، چی کارێکی پێویست ئەنجامبدەن بۆ خۆ پاراستن دورکەوتنەوە ، ئەی چیبکەن باشە وچی لەگەڵ خۆیاندا هەڵبگرن ، بەچی بژین ؟ .

باوکی وتی : کوڕم خوا گەورەیە کەسەریدا ڕزقیش ئەدات ، هەرچارمان نەما مەڕو ماڵاتە کەمان ئەفرۆشین پێی ئەژین ، تاخوا دەرویەکمان لێئەکاتەوە . تۆ بڕۆرەوە بۆسلێمانی بۆماڵی مامت ، باتۆ لەم گێژاو ئاگرەوکارەساتەدا بەدوربیت !.

خەڵکی ئاوایی کارو پێشەی ئاسایی وڕۆژانەیان وازلێهێناو بەجێهێشت ، هەرماڵە خەریکی خۆ ئامادەکردنبوون بۆڕوداوی نەخوازراو ولەپڕ ، تا دەست پێشخەربن فریای خۆیان بکەون .

شەوانە ئەهاتنەوە بۆناو ماڵەکانیان ، زۆر لەخێزانەکان ئەو ناوەیان بەجێهێشتبوو لەوناوچەیە دورکەوتبوونەوە بەرەو شوێنی تر بەڕێبوون ، بەتایبەت بەرەو گەرمیان ، ئەوەندەی نەخایاند بەرایی لەشکری تاوان وئەنفال وکۆمەڵکوژی ، لەناوچەکەو ئاوایی نزیکبوونەوە . لەبەردەم خۆیانەوە دێهاتەکانیان بەچڕی ئەدایە بەرتۆپی دورهاوێژ ، هیلیۆکۆپتەر فڕۆکە بەسەریانەوە .

دانیشتوانی ئاوایی ئەوانەی کە هێشتا لە ناو ئاواییدا مابوون ، شپرزەبوون ، ماڵەکانیان زیانی زۆریان پێگەیشت وسوتان خەڵکی بەرکەوتن ، ئەوەی توانایان بەسەریداهەبوو ، لەکەل وپەلی ناوماڵ وپێویستی ژیان ، ئەوەی فریای کەوتن بۆیان هەڵگیرا ،باریانکرد. بەخێرایی لەناودێ دورکەوتنەوە. بەشێک لە خانووەکانی ئاوایی

لەگەڵ زەوی تەخت بوون ووسوتان یان ڕوخان ، لەئاسمانیشەوە هەردەم فڕۆکەو هێلیۆ کۆپتەر بەسەریانەوە گیزەیان ئەهات .
ڕێباز پێش ئەوەی ناو دێ بەجێ بهێڵێت ، چاوی بە ڕۆشنا کەوت چووەماڵیان تا یارمەتیان بدات لەکۆکردنەوەی کەل وپەل وشتومەکی ناوماڵ وئامادەکردنی پێویستی وبژێوی ڕۆژانەیان ، تا لەکاتی بەجێهێشتنی ئاواییدا کارئاسانیان بۆبکات .
دوایی بەیەکەوە هاتن بۆماڵی ڕێباز ماوەیەک مایەوە وبواری ئەویان هەبوو بەیەکەوە ، بکەونە ڕازو خوازو تەگبیری ودوا ڕۆژی ژیانیان ، ودوا خواحافیزی لەیەکتری بکەن ، ڕاسپاردەی یەکتریبکەن ، لەناو گەرمی دڵداری وخۆشەویستیانەوە ، بیر لەدواڕۆژی یەکتربکەنەوە ، بەهەمان گەرمی وزەی بەهێزی دڵداری وەفایان بۆ یەکتری ، پەیمانیان نوێکردەوە ، کە هیچ هێزێک نەتوانێت کاریان تێبکات ودودڵیان بکات ، هەردەم بەدوای هەواڵی یەکترەوەبن ، ئەمە دوا بڕیارو پەیمانی هەموو ژیانیان بێت.
ڕێباز وتی : ئەگەر دڵت لەلامە ، حەزناکەیت وپێت خۆشنیە دوربکەومەوە ، بیرم ئەکەیت دڵت لەلام ئەبێت ، لەلات گرانە بۆشاربگەڕیمەوە ، لەگەڵتان ئەبم بەچێتان ناهێڵم ، ناچمەوە بۆسلێمانی ، هەرچەندە باوکم داوام لێئەکات کە بەلای خوێندندا بچمەوە ولێرە دوربکەومەوە .
ڕۆشنا وتی : تۆ بڕۆرەوە بۆسلێمانی خوات لەگەڵدابێت ودەستبەباڵاتەوە بگرێت ، من هەردەم دڵم لەلاتە وبەو هەوایە ئەژیم کەلەلای تۆوە دێت ، بەڵام خوێندنت لەلام مەبەستەو گرنگە، مەرجبێت هەموو ئێوارەیک سەیری ئەستێرەگەشەکەی کەی ئاسمان بکەم لەگەڵ مانگدا ، هەمیشە نامەی وەفاو خۆشەویستی دوبارەبکەمەوە ،پێیاندا نامەو ڕاسپاردەو بەسەرهات وهەواڵم بنێرم بۆت.
نامەکەت هەردەم لە سەر دڵمەو پارێزراوە ، حەزئەکەم تۆ دوربیت لەم زریان وگێژاوەی هەڵیکردوەو بەڕێوەیە ، نازانین چارەنووسمان بەچی ئەگات چیمان بەسەر دێت ، تۆبڕۆرەوە .ڕیباز وتی ڕۆشناگیان : منیش بەشێوەی تۆ، هەموو ئیوارەیەک بەرو ڕوی ئەستێرەکە ئەوەستم کەڕوی تۆی تیائەبینم و وێنەکەت هەردەم لەسەردڵمەو دەتبینم ، بەبینینیەوە خەریکئەبم ، هەر ئەوئێوارەیە ڕۆشنای ڕەوانەکردەوە بۆماڵی باوکی ،

دوا خواحافیزیان لەیەکتریئەکردو ، بەدەم ڕێوە هەر دوبارەیان ئەکردەوە ، دورا ودوریش دەستیان بۆ یەکتری هەڵئەبڕی وڕایان ئەوەشاند ساتە نەساتێک هەڵوێستەیان ئەکرد ، تا دواجار لەیەکتری ون بوون ....!

# بەشی چوارەم

## خەمی دانیشتوانی ئاوایی

لەدوای ئەوەی خەلکی ئاوایی لە مانەویان لە ناو ئاوایی ، وەهودێب بێهیوابوون بەیەکەوە بڕیاریان دا تازووە ئاوایی بەجێبهێڵن ، هەرچی پێویست بوو کە لە گەڵ خۆیاندا هەڵیبگرن بارییکەن ئامادەکرابوو. خێزانی ماڵی ڕۆشنا بەهۆی خزمایەتیەوە، لەگەڵ زۆری دانیشتوانی دێی دەرەتوو، ناو ئاواییان بەجێهێشت بەرەوخوار بوونەوە، بەرو چارەنووسێکی نادیار بەڕێبوون ، کەنازانن چیان بەسەردێت وچارەنووسیان بەچێ ئەگات؟. هەرچیان هەبوو لە پێوستی ناوماڵ وبژێوی ژیان پێیانببرێت باریانکرد. مەڕوماڵات و وڵاخیان پێش خۆیاندا ، بەناچاری کەوتنەڕێ ، لەولاوەشەوە، ڕێباز هەر ئەو بەیانیە دواخوا حافیزی لێکردن بەرەو سلێمانی بەڕێبوو. دانیشتوانی دێی دەرەتو، لەڕێگە سەریان لێشیوابوو دودڵبوون ، نەیان ئەزانی ڕولەکوێ بکەن ، هێشتا سەرماو سۆڵە هەرمابوو ، لەسەرمانا لەوڕێگەو بانەدا کەسیرە کەوتبوون ، لەدەوروپشتیانەوە گوڵلە تۆپ ئەکەوتەوە، گوللەش وەک باران لەدوریان گیزەی ئەهات وئەباری، لەئاسمانیشەوە فرۆکە وەک داڵە کەرخۆرە بەسەریانەوەبوو ، لەدەوریان گوللەی ئەباراند، لەهەموو لایەکەوە، دەنگی تۆپ وبۆردومان ئەهات ، فروکەی هیلیۆکۆپتەر بەسەریانەوە گیزەیان ئەهات ، لەوە ئەچوو چاودێریان بکەن ، بیانەوێت بزانن ڕولەکوێ ئەکەن، لەولاشەوە دەنگی گوللە تۆپ وهاوەن کەئەیاندا بەدەوروپشتیاندا ، تەپەیان ئەهات ،دوکەڵیان تێکەڵ بە دوکەڵی خانووە سوتاوەکان ئەبوون ، وەک پەڵە هەور بەری ئاسمانی ناوچەکەیان گرتبوو ، ئەوخەڵکە لەترسی گوللە تۆپ ولەهیلاکی وسەرما، سەریان لێشیوابوو ، شپرزەبوو بوون ، نەیان ئەزانی ڕوو لەکوێ بکەن ، لەترسی گیانی خۆیان بەناو دۆڵ وهەردو نشێوەکاندا هەر بەڕێوە بوون .

گریان هاوارو زریکەی منداڵ وژنان ، ئەوناوی پڕکردبوو. هەموو شەکەت وماندو بوون لە سەرماندا ئەلەرزین ناچار بەردەوام هەر بەڕێوەبوون تا زووە لەوناوە دوربکەونەوە . دوای ماوەیەک لەناو دۆڵێکی پڕلەدارو درەخت ئاوداردا لایاندا، تاپشوویەکی کاتی بدەن، تۆزێک بحەوێنەوە ، نان وچایەک بخۆن منداڵەکان تێربکەن وڵاخ وماڵاتەکەیان

ئاوبدەن .خەریکی ئەوەبوون دوبارە بەڕێببنەوە ، لەپڕ کۆمەڵێک سەبازی پیاوکوژی بەعسیان دی بەڕاکردن بەرەوڕویان دێن وکۆمەڵێک جاشیش بەڕاکردن بەدوایانەوەن ، ئەوەندەی پێنەچوو ، خۆیان دیەوە لەهەموو لایەکەوە بەهێزێکی گەورەی سەربازی و ، بەتانک وتۆپەوە لەدورەوە دەورە دراون بەشێکیان بەروڕویان دێن ، تائەهات گەمارۆکە لەدەوریان زیاتر وچڕترئەبوو ، سەربازەکان وجاشەکان زیاتر لێیان نزیکئەبوونەوە ، هەندێک لەسەربازەکان بەچەکەکانیانەوە بەڕاکردن بەرو ڕویان ئەهاتن ، ئەو خەڵکە کەسەیریانکرد مۆڵەتی دەربازبوون ودەرچوونیان نەماوە لەشوێنی خۆیان وەستابوون .

سەربازەکان کە نزیکبوونەوە وگەیشنە لایان دەستیانکرد بەتەقەکردن وترساندنیان . بەتێهەڵدان وقۆناغە تفەنگ پەلاماری ئەوخەڵکەیاندا وکەوتنە گیانیان ، دەوریان گرتن تا هەموویان گردبکەنەوە، ئەوسا بەلێدان وتۆقاندنیان بێنە گیانیان . بەشێوەیەکی دڕندانە هاتبوونە وێزەو گیانی ئەوداماوانە بەدارو بەشەق وقۆناغەتفەنگ بەسەروچاو ولەشیاندا ئەماڵی هەرپیاوی پیرو لاوبوو ڕائەکێشران . بەشیوەیەکی ناشیرێنی نامرۆڤانەو ڕەوشتنزمی ونامەردانە پەلاماری پەلی ژنەکانیان ئەداو پاڵیان پێوەئەنان ، ئەوانیش لەترسی گیانیان ، خۆیان ڕائەپسکاندو لە بەردەمیاندا ڕایانئەکردو ئەیان قیژاندو وئەزریکاند ، لەحەیبەتی خۆیان بەدەمدا ئەکەوتن وهەڵئەسانەوە . سەربازە دڕندەکانیش ، پەلاماریان ئەدان رایان ئەکێشان ، ئەوانیش بەناچاری لەبەردەستیاندا کەوتبوون

کەهێزی سەرەکی سەربازە وەحشیەکانی بەعس گەیشتنە لایان ، ئەوانیش کەوتنە گیانی ژن ولاو وپیاو پیرومیرد ومنداڵەکان پەلاماریان ئەدان ، بەلێدان وتێهەڵدان تێیان کەوتبوون . بەهیچ شیوەیەک دەستیان نەئەپاراست تا بەدەردی مەرگیان بردن بەهیلاکچوون ، لەگەڵ لێداندا و ڕەفتاری وەحشیانەیان جنێوی ناشیرینیان بەکوردو سەرکردەو پیرۆزیەکانیان ئەدا .لەولاشەوە جاشەکان ، کەچەکی خیانەتیان لەشاندابوو ، بەسەرشۆڕی ڕەزیلی وڕسوایی وزەلیلی وملکەچ وشەرمەزار وبەترۆکراوی لەدورەوە وەستابوون ، ئەیاندی کەڕۆڵەی گەلەکەیان لەبەرچایاندا بەو دەردە ئەبرێن

وده‌ستدرێژی ئه‌كرێته‌ سه‌ریان ، خۆیان متكردبوو ورته‌و فزه‌یان لێبڕابوو . ئه‌م تاوانه‌و زوڵم وده‌ستدرێژیه‌ ماوه‌ی له‌سه‌عاتێك زیاتری خایاند ، له‌وناوه‌دا گریان وهاوارو زریكه‌ی منداڵ ولاواندنه‌وه‌ی ژنان وهاواریان دوعاو ئاونزوله‌یان بۆ باره‌گای خودا به‌رزئه‌بووه‌ وه‌ كه‌فریایان بكه‌وێت له‌م كاره‌سات وداماویه‌ به‌ده‌نگیانه‌وه‌ بێت له‌ده‌ستی عاره‌بی دڕنده‌و خوانه‌ناس ڕزگاریان بكات ، به‌ڵكو له‌عه‌رشه‌كه‌ی ڕاپه‌ڕێت ، بێته‌ جواب ،ببێته‌ پاڵپشت وفریادڕه‌سیان به‌زه‌یی پێیاندا بێته‌وه‌ به‌ده‌نگیانه‌وه‌بێت له‌ژێر ده‌ستی ئه‌م درنده‌ به‌شه‌ریانه‌دا ده‌ریان بهێنێت.زریكه‌وه‌گریانی منداڵان وژنان ولاواندنه‌وه‌یان ، له‌گه‌ڵ هاواری هه‌موو كه‌ به‌رزبووه‌وه‌ ، له‌گه‌ڵ باڕه‌باڕو ده‌نگی ئاژه‌ڵ وته‌قه‌ی تفه‌نگ كه‌تێكه‌ڵاوبوو، وه‌ك ڕۆژی حه‌شری لێهاتبوو . هه‌رچی مه‌ڕوماڵات ڕه‌شه‌وڵاخ هه‌بوو به‌باره‌كانیانه‌وه‌، له‌وناوه‌دا بێخاوه‌ن مانه‌وه‌ وبڵاوبوونه‌وه‌ به‌شیك له‌دڕنده‌ به‌شه‌ریه‌كان خه‌ریكی كۆكردنه‌وه‌یان بوون تا وه‌ك تاڵانی وده‌ستكه‌وتی ئه‌نفال به‌باره‌كانیانه‌وه‌ ده‌ستیان به‌سه‌ردابگرن ، له‌ناو خۆیاندا دابه‌شی بكه‌ن.

دوایی ڕۆشنا گێرابوویه‌وه‌ وتبووی : ئه‌و سه‌ربازه‌ دڕندانه‌و ئه‌فسه‌ره‌ عه‌ره‌به‌ جاهل ومێشك پوتانه‌ كه‌هێشتا بیرو ڕه‌وشتنزمی وبتپه‌رستی جاهیلی عه‌ره‌بی كۆن له‌ بیرو مێشكیاندا هه‌ر مابوو ئایینی ئیسلامیان هه‌ر به‌ڕوكه‌ش وبه‌رژه‌وه‌ندی تاكی خۆیان وه‌رگرتبوو ، به‌و دڕنده‌یی ڕه‌وشتنزمیه‌وه‌ ، كارو تاوانی ئه‌وتۆیان ئه‌نجامندا وده‌ستدرێژیان كرده‌سه‌ر مافی سروشتی ومرۆڤایه‌تی گیراوه‌ئه‌نفال كراوه‌كان . كه‌ به‌هیچ شیوه‌یه‌ك ویژدانی مرۆڤایه‌تی قبوڵی نه‌ئه‌كرد . یاسای مرۆڤایه‌تی وئایین وبڕوای ئایینی ودینی وڕه‌وشت ، نه‌فره‌تی له‌وكرداره‌ قێزه‌ونه‌ نزمانه‌ی ڕه‌گه‌زپه‌رستانی عه‌ربی ئه‌كرده‌وه‌. به‌زه‌ییان به‌كه‌سدا نه‌هاته‌وه‌ ، ویژدانیان نه‌بزوت ونه‌جوڵا. گریان وپاڕانه‌وه‌ وزریكه‌و هاواری ژنان‌و ئاهونزوله‌و پاڕانه‌وه‌یان له‌ژێر ده‌ستیاندا ، به‌ردی ئه‌توانه‌وه‌ . به‌ڵام به‌رامبه‌ر ئه‌و دڕنده‌ وه‌حشیانه‌ كه‌ڵكی نه‌بوو . هه‌ر سه‌ربازبوو په‌لاماری كچان وژنان وپیاوانیان ئه‌داو ، پاڵیان ئه‌خستن وبێشه‌رمانه‌ نیوه‌ ڕوتیان ئه‌كردنه‌وه‌ ، ده‌ستیانئه‌برد بۆ گیرفان وگوێ وپه‌نجه‌ی ده‌ستیان ،

هەرچیان پێبوو لە نەختینە وپارە لێیان ئەسەندن ، بەوشێوەیە شـەرەف وناموسـی ڕۆڵـەکـانی کـورد بـەدەسـتی ئـەو بێـشەرەفـە داگیرکـەرە عـەرەبانـە تکـا .
هێزە زۆرە سەرەکیەکە بەسەیارەی زیلی زۆرەوە کەگەیشت ، سەربازی زۆرتر بەوناوەدا بڵاوبوونەوە ، خەلکەکەیان زیاتر کۆکردەوە ودەورەیاندان ، ئەمانیش بەشی خۆیان لە نەختینەو پارەی گیرفانیان کۆکردەوە ، هەرچی مەڕومالآت وڵاخ هەبوو ، ئەنفالیانکرد و لەناو خۆیاندا بەتالآنی بەشیانکرد و پێشخویاندان، ئەوهەموو خەڵکەیان تەنها بەتوێی جلەکانیانەوە هێشتەوە ، بێشەرمانە دەستیانئەکرد بەگیرفان وباخـەڵـی ژن ومنـداڵ وپیرو جواندا . دوایی لەناو هاوارو گریان زریکەی هەمواندا ، بەدەم شەق وتێهەڵدان بە قۆناغەتفەنگ دەستیانکرد بەجیاکردنەوەیـان . ژن ومنـداڵ لـەلایـەک جیاکرانـەوە وکۆمەڵکران ، لاوەکانیش لەلایەکی ترەوە ڕیزکران و کردیانن بەکۆمەڵی جیاجیا ، هەر بەشەیان بران بۆلای کۆمەڵە زیلێکی سەربازی کەسواریانبکەن . بەرەو چارەنووسی نادیار بیانبەن .
جاشەکان ڕێژەیەکی ئەوهێزەیان پێکئەهێنا کەبەدوایـانەوە بـوون ، وەک گێڕایـانەوە بەشێک لە جاشەکان وەک لە تونی حەمام هاتبێتنە دەرەوە وابوو ، گیانیان هەموو ڕەشبوو ، وەک دەرئەکەوت هەندێک لەخانووەکان کەمابوون هێشتا زۆر نەسوتابوون ، ئەمـان لەڕێـی خۆیـانەوە سـوتانبوویانن ، بـۆ دزی وتـالانی بەناویانـدا گەڕابـوون . ئەو وێنەیەی کەزیاتر دڵی ئەوخەڵکەی بریندارکردبوو ، بووە هۆی داخ خەفەت وپەژارە ودڵگرانی لێقەوماوەکان ، ئـەوخـەڵکـە کە لەبەر چـاوی جاشـەکان ئـەنفالئـەکـران ، بەودەردە ئەبران ، لەسەرو ئەوتاوانانەی دژی ئەوخەڵکە ئەنجامئەدرا ئەوان لـەولاوە بێدەنگ وەستابوون سەیری ئەو کارەساتەیان ئەکرد.
جاشەکان وابەکەساسی زەلیلی وسەرشۆڕی بێدەسەڵات لەنزیک ئەوهێزە سەربازیەوە خۆیان متکردبوو ، سەربازەکانیشیان ئەدی وسەیریان ئەکردن کە بەئارەزوی خۆیان کەوتبوونە گیانیان ئازاریانئەدان ودەستیان نەئەگێڕایوە لەهەر خراپەکاریـەک لەدژی ئەوداماوانە . بـەداخـەوە ئەوجاشـە خۆفرۆشـانە، کەچـەکـی خیانـەت وشـەرمـەزاری بێکەرامەتی بەشانیانەوەبوو ، مت وبێدەنگ زەلیل وملکەچ ولارەمل وسەرشۆڕ بوون ،

ئەیان دی چۆن ئەو سەربازە بەدڕەوشتانە چی تاوان وکارێکی ڕەوشتنزمیان دژ بەهاو زمانیان ئەنجامئەدەن ، غیرەتی کوردایەتی ونەتەوایەتی وپیاوەتی وبەزەیی ویژدان نەیگرتن نەیجوڵاندن .بۆ ئافەرینێک یان مشتیک پارە ملی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان ئەشکاند ، لەناو خەندەقی دوژمنان وخوێن خۆران وداگیرکەرانی نیشتمانیاندا خۆیان ئەدیەوە ، بەبەر چاویانەوە ئەیاندی چۆن ڕۆڵەکانی نەتەوەکەیان ، هاونیشتمانیان وهاوزمانیان بەدەستی ئەم درندە ڕەوشتنزمە بەشەریانەوە،چیان لێئەکرێت ، بەچ شێوەیک دەستدرێژی ئەکرێتە سەریان وئازارو ئەشکەنجە ئەدرێن ، ژن ومندالّیان بەدەستیانەوە چیان بەسەرهاتوە ، لاو پیریان بەدەم زللەو شەقی پۆستاڵ ودارو کێبڵەوە وقۆناغە تفەنگەوە چی تاوانێک دژیان ئەنجامئەدرێت؟.

ئەو بێدەسەڵاتە ئەنفالکراوانە لەبەردەمیانەوە لەترسی گیانی خۆیان ، چۆن ڕائەکەن ؟. ئەکەون هەڵئەسنەوە و زۆریان توانای ڕاکردن وبەرگریان نەماوە وکەوتون، بوراونەتەوە ، یان مردون . لاشەکانیان لەوناوەدا کەوتوون ، هەرچیان پێبووە کەبۆ تەنگانە هەڵیانگرتوە لێیان سەندراوە.

ئەوانیش جاشەکان ، ئەم تاوانە بێوێنەیە لە بەرچاویان ئەنجامئەدرێت ، نەبایان دیوە نەباران، تەڕنابن، هیچیان لەخۆیان نەگرتوە، غێرەتی کوردایەتی وبەزەیی لە دەرونیاندا بوونی نیە ولەحاڵی خۆیان تەریق نابنەوە.

خەڵکەکە هیشتا بەڕێنەکرابوون بەشێکیان لەناو زیلەکاندا کۆکرابوونەوە وتوندکرابوون بەتایبەت لاو و پیرەکان . ئەو خەڵکە هەرچیان هەبوو پێیان بوو لەناو بارەکاندا لەپشتی وڵاخەکاندا بوو بۆ کاتی تەنگانە دایاننابوو ، لەوناوەدا بەشێوەیەکی بڵاو بێخاوەن کەوتبوون زۆریان بران .ئەوانەی کە لەپاشماوەی سەربازەکان بەجێمابوون مابوونەوە نەیان ویستبوو لەوناوەدا کەوتبوون ، جاشەکان چاوەڕوانی ئەوەبوون ، خەڵکە کەسواری زیلەکان بکەن ، هێزەکە ئەوناوە بەجێ بهێڵن وچۆڵیبکەن ، ئەوسا ئەوانیش دوای ئەوە دەستبکەن بەکۆکردنەوەی پاشماوە وپاشەڕۆی ئەوشتانەو ئەوماڵە بارکراوانە کە لەو خەڵکەداماوە وبەجێماوە وسەندراوە لەوناوەدا کەوتوون ، ئەوەی لەسەربازە عەرەبەکان زیادبوون وبەجێیان هێشتون نەیان ویستون .

دوایی کەنۆرەی جاشەکان هات هەڵمەتیان هێنا بەناو بـەجێمـاوەکانـدا بڵاوبوونـەوە، کەوتنە گەڕان وکۆکردنەوەی پاشەڕۆی لەشکرەکە ، خۆیان بەشرە خۆری وتاڵانیەوە خەریککرد.ئەم دیمەنە چیرۆکی گەڵە گورگێکی ئـەهێنایـەوە یـاد:وەک چـون گـەڵـە گورگێک پەلاماری ڕانەمەڕێک ئەدەن یان نیچیرێکیان ڕاوکردوە ، دەمیان تێژەنیـوە، خەریکی خواردنین ، دوایی کەتێربوون لێیکشاونەتەوە وبەرماوەکەیان بەجێهێشتوە . لەولاوە لەدورەوە چـەقـەڵ ورێـوی چـاوەڕوانـی ئەوەن ، کە گەلە گـورگەکە ئەونـاوە چۆڵبکەن تا پەلاماری پاشـماوەکـەیـان بـدەن ، دەسـتبکەن بـەخـواردنی ولەسـەری بەشەڕبێن .

ڕۆشنا گێڕایەوە وتی : هێشتا هەموو خەڵکەکە سوار نەکرابوون ، جاشەکان ئەوەی فریاکەوتن ، کەدیان هەندێک لەوخەڵکە کەوتبوون نیوە بوراوەبـوون ، دەسـتیانکرد بەگەڕان لەناو جلەکان وگیرفانماندا ، لەکاتی دەست پیاکردنی گیرافاندا وگەڕان بەدوای پارەو نەختینەوشتی بەنرخدا .

یەکێک لەجاشەکان لەکچێک نزیکبووەوە وتـی : ئـەگـەر وەعـدم پێبـدەیـت ، شـوم پێبکەیت ، فریات ئەکەوم نەجاتتئەدەم ، کچەکەش وەرامی دایەوە وتی: پڕ بردەمت ،،،،،،،،، خوارد ، هەر خۆت بەخۆت بیت ،،،،، شەرم وحەیا ناتگرێت ،،، لەحـاڵی خۆت تەریق نابیتەوە .

لەوماوەیەدا سەربازەکان خەریکی سوارکردنی ئەنفالە جیاکراوەکان بوون ، بەدەم لێدان شەق وتێهەڵدانەوە سواری زێلەکانیان ئەکردن .هـاوارو دوعـاو نـزاو گریـان وفۆغـان وزریکەی منداڵ عەرشی خـودای ئـەهێنایـە لـەرزیـن ! ، بـەڵام لـەبـارەگـای خـوداوە ڕەحمێکیان پێنەکرا ، کەسێک هیزێک نەبوو فریایان بکەوێت ، هەرچی بیری ئایینی ویاسایی ومرۆڤایەتی و ویژدان وڕەوشت هەبوو بێبەهاو بێنـرخ لـەو نـاوەدا مانـەوە. هەرکەسێک لەوناوەدا دەستیانکەوتبوو گیرابوو ، سواری زیلـی عـەسـکەری کرابـوو، هەموو بـەتـوێی جلـەکانیانـەوە مابوونـەوە کەبەدەردی سـەرما نەئەهـاتن ، هەمـوو لەبرساناو سەرماو ترسدا ئەلەرزین ، زۆریان هیلاک وشەکەتبوون ئاگایـان لـەخۆیـان نەمابوو .لەناو زیلەکاندا توندکران ، لەپشتی هەر زیلێکدا کۆمەڵێک عەسکەر بەچەکەوە

بــەســـەريانـــەوە وەســـتابوون لولـــەی كلاشـــينكۆفەكانيـــان تێكردبـــوون .
لەئێوارەيەكی شەوەزەنگی بەهاردا ، زيلەكـان بـەڕێكـران مـاوەی چـەنـد سـەعاتێـك
بەڕێوەبوون، نەيان ئەزانی بەرەوكوێ ئەبرێن ؟.بەوشێوەیە بەرو شوێنی ناديار بـران
وئەنفالكران ، هەنديكيان لەڕێگە ئاگرە كەی بابەگوڕگوڕيان بەديكردبوو ، زانيان بەرەو
شووێنێک ئەبرێن ، كەنزيک كەركوكە، دوای ماوەيەک  زيلەكان چوونە ناو قەڵايەكی
گەورەوە ، دوايی زانيان ئەوە، قەڵاكەی ( تۆپزئاوايە) .
زيلەكان لەناو قەڵاكەدا وەستان ، عەسكەرەكان دەرگای پشتەوەی زيلەكانيان كردەوە
بەشەق و تێهەڵدان وپاڵنان خەڵكەكەيان دائەبەزاند وفڕێيان ئەدانەخوارەوە، زۆريان كە
كەوتنەخوارەوەو ئازاريان پێگەيـشت ، ئـەوەی زو فريانـەكـەوت بـەشـەق فرێيانديـە
خوارەوە . لەناو حەوشەی قەڵاكەدا كۆمەڵێک سەرباز پەلاماری لاوان وپيرەكانياندا ،
بەلێدان وپاڵنان جياكرانەوە پيشخۆياندان لەناو ژورەكاندا تونديانكردن ، نەيانهێشت
لەگەڵ كەسوكاريياندا قسەبكـەن ئيتـر نەزانـرا چيیـان بەسـەرداهات وچيـان لێكـرا؟.
ژن ومنداڵەكانيش لەلايەكی قەڵاكەدا كۆكرانەوە هەندێكيان منـدالی پچـووک وشـيرە
خۆرەيان پێبوو ، هەردەم لەبرساناو سەرمادا ئـەگريـان وئـەكروزانـەوە ، ئـەوشـەوە
لەبرساو تينويەتی سەرماو ترس وهيلاكی وتەنگەتاويدا هەتابەيانی بـەگريـان هـاوارو
زريكەو دوعاو نزاو پاڕانەوە لەخوا ، شەويان بەسەربرد . لەتاريكی شەودا جار جارە
سەربازەكان ئەهاتنە وێزەيان ، بەمـەبـەسـتی ئازاردانيـان ودەسـتدرێژی ، تابەيـانی
بەوشێوەيە مانەوە هەندێكيان مردن. ڕەنگ وڕويـان شـيوابوو هـيلاک ومانـدوبوون ،
برســێتی وتينويـــەتـــی و زەبـــری لێـــدان وزەو توانـــاو زێفـــی لێـــسەندبوون .
بۆ بەيانی ژنەكانيان بردە ناو ژورەكانـەوە ، كـەئـەفـسەرێـک وكۆمـەڵـە سـەربازێـک
بەسەريانەوە وەستابوون ، ئەيانبردنە ژورەكانەوە ، يەكە يەكە بەسەريان ئەكردنەوە
لێيـــان ورد ئەبـــوونەوە ، لـــەوەئـــەچـــوو مـــەبـــەســـتێكيان هـــەبێـــت.
لەكاتی چوونە ژورەوەوەدا پەلاماری دەستی ڕوشناياندا ، لەگەڵ دەستە خوشـكێكی
تـردا كـەخـەڵكی هـەمـان ئـاواييبوو ، بەڕاكێـشان وپەلەقـاژێ برديـاننە لايـەكەوە،
گليانداناوە. ڕۆشنا ويستی خۆی دەرباز بكات ڕابكات ، عەسكەرەكان گرتيان ، خۆی

ڕاپسکاند، خۆی پێڕانەگیرا بەدەماکەت، عەسکەرەکان دەستیانکرد بەڕاکێشان وپاڵنانی ، بەدەمگریانەوە دوریان خستنەوە، رۆشنا بەمکارە زۆر تێکچوو، هەڵ بزڕکابوو ڕەنگی پێنەمابوو دەستیکرد بەگریان وهاوار وخۆی ڕائەپسکاند تا بچێتەوە ناو ژنەکانەوە، عەسکەرەکان پەلاماریانئەدا، ڕێگریان لێئەکرد. بەدار ئەیانگێڕانەوە دواوە ، ناوی هەردوکیان نووسی دوایی کردنیانەوە ژورەوە بۆناو ژن ومندالەکان.
ئەورۆژە هەموو پەرێشان وماندو کەوتبوون لەبەر برسێتی وتینوویەتی و سەرماو لێدان وترس ئاگایان لەخۆنەمابوو زۆر لەمندالەکان لەسەرە مەرگدابوون .
بۆلای ئێوارە بەسەرپەرشتی هەمان ئەفسەرو کۆمەڵێک سەرباز ، ژن ومندالەکانیان هێنایە دەروە ڕێزیانکردن ، لەژێر چاودێری توند دا سواری زیلەکانیان کردن ، وەک دەرئەکەوت بەردەوام هەردو کچەکەیان بەسەر ئەکردەوە بەمەبەستی ناسینەوەیان.
لەگەڵ تاریکی شەودا ، بێئەوەی جارێکی تر کەسوکاریان ببینەوە بەڕێکران ، لەدوای ماوەیەک زیلەکان لەبەردەم قەلایەکی کەدا وەستان ، وەک لەدواییدا زانیان ئەوە (قەلای دوبز ) بوو ، کەقەلایەکی سەربازی گەورەبوو ، کرابوو بەبەندیخانە بۆ ئەنفالکراوان وبنکەیەکی گوێزانەوە وناردنی بەندکراوەکان بۆ شوێنی مەبەست ، بۆ تیرۆرکردن یان وەک دەستکەوتی ( ئەنفال ) بودابەشکردنی ژن ومندالەکان ، بەسەر عەرەبە سەرکردە بەناو موسوڵمانەکاندا ، کە بەحساب ئایینی ئیسلام بەپێی ئایەتی ئەنفال حەلاڵیکردوە بۆیان .
ئەو ئەنفاکراوە نوێیانە کەهاتنە ناو قەلاکەوە ، لێرەدا بە هەردو چاوی خۆیان ڕۆژی حەشریان دی ، دیان ئەوقەلایە ، لە ئەنفالکروان جمەی دێت ، هەر ژن ومنداڵ بوو ئەگریان وهاوارو نالەیانبوو ، بەردەوام لاواندنەوە وشین و شەپۆڕیان بوو ، ئاهو زریکەو ودوعایان بەرەو ئاسمان بەرز ئەبووە ، بێئەوەی فریاد ڕەسێک هەبێت بەهانایانەوە بێت ، بەدەنگیانەوە بیت وبەزەیی پێیاندا بێتەوە .
بەهۆی سەرماو برسێی و تینۆیەتی وئازارو ترس وماندویەتی رۆژانە لێیان ئەمرد کە بەزۆری پیرەکان و مندالان وشیرە خۆرەو نەخۆشەکان بوون ، لاشەی مردوەکان لەناوەڕاستی حەوشەکدا فرێ ئەدران تاماوەیەک ئەمانەوە ، لەوناوەدا بۆنیانئەکرد

بێـئەوەی لاببـرێن وبنێـژرێن. چـەنـد ژنـی دوگیـان منداڵـەکانیـان لـەبـارچوو . ، ئەگەر کەسیکیان بەدڵ نەبووایە یان وەک نمونە بۆ تێرکردنی ئارەزوی کوشـتن و تاوان ، کەسانیان ئەهێنایەوە دەرەوەی ژورەکان لەساحەکەدا ، بەدارێکی چناری ناو حەوشەکەدا ئەیان بەستنەوە بە بەرچاوی هەمووەوە ، بەدارو تێلاو کێبڵ لێیان ئەدان تاگیانیـان دەرئـەچـوو ، بـەفرێـدراوی ودەسـت بـەسـتراوی بۆمـاوەیـەک لاشـەکـەی لەحەوشەکەدا ئەمایەوە ، دوای چەند ڕۆژێک لاشەکەیان ڕائەکێشا بۆ دەرەوی قەڵاکەو لەدەشتایی دەرەوەیدا فڕییانئەدان .

نـــەئـــەزانـــرا لاشـــەکانیـــان لـــەدەرەوەی قـــەڵاکـــە چییـــان لێئـــەکرێـــت؟.

دوای ڕۆژێک دەستیانکرد بەفرێدانی سەموونە ڕەقێک بـۆ هـەرتاکێـک ، لـەنـاو ئـەو دۆزەخەدا ولەگەرمای هاویندا ماوەیەک مانەوە ، ئەبووایە تەنەکـەو قوتـوە دوشـاوی بەتاڵیان پەیدا بکردایە ،کەلە دوای ئەوەی پۆلیسەکان بۆبەکارهێنانیـان وبۆخـواردن ئەیان هێنایە حەوشەکەوە ، کەژەنگاوی بـوون ، ناچـاربوون ئـاوی کـوڵاوی گـەرمـی هاوێنی تیابخۆنەوە ، کە ئاوەکە لە تەنکیەکی پێسدا بەو تەنەکە دۆشاوانە ، ئاویان دەرئەهێنا ، کە بەناچاریش و بەپاڵەپەستۆ وهەڵپەیانبوو بۆ وەرگرتنی چۆڕێک ئاوی خواردنەوە .

## ڕۆشنا و دەستە خوشکەکەی

بەیانی ڕۆژی دووەم . بەڕێوەبەری قەڵاکە لەگەڵ چەند سەربازێک بەچەکەوە هاتنە ناو ئەو قاوشەی کە ژنان ومنداڵانی تیابەندکرابوو ، بەتایبەت ئەوقاوشەی کەڕۆشناو دەستە خەشکەکەی تیابوو ، ناوی هەردوکیان خوێندەوە ،لەترسانا لەناو ژناندا خۆیان شاردبووەوە خویان متکردبوو وەرامیان نەدایەوە، دوای پشکنین وگەڕانی زۆر ، بەناچاری ژن وکچەکانیان ڕیزکرد بەناویاندا گەڕان ،سەیری یەک بەیەکیان ئەکرد ولێیان ورد ئەبوونەوە، دوایی هەردوکیان ناسیەوە ودۆزیەوە وجیاکرانەوە ،ئەفسەرەکەی دوێنێ خۆێ لەگەڵیاندا ئامادەبوو ،ڕاوەستابوو سەرپەرشتیئەکردن . سەربازەکان پەلاماریاندان ودەستیاندایە پەلی هەر یەکێکیان ، ڕۆشناو دەستە خەشکەکەی ویستیان لەدەستیان خۆیان ڕاپسکێنن و ڕابکەن دەربازببن ، کەڵکی نەبوو بەدەمداکەوتن ، ڕۆشنا بەدەم هاوارو گریان قیژاندنەوە ، خەریکی قژ ڕنینەوەی خۆی بوو ، بەپەلە قاژێ ولنگەفرتێ وتلاوتلکردن ودوعا کردنەوە ، دەستی درێژکردبوو هاواری بۆدایکی وئەو خەڵکە ئەهێنا کەفریایان بکەون ، بەلام هەمووی بێسود بوو . کۆمەڵێک عەسکەر پەلاماریاندان ، دەستیانکرد بەڕاکێشانیان ، بەچوار دەستەو وقژ ڕاکێشان وپاڵنان هەڵیانگرتن ، دەست وقاچی هەر یەکێکیان بەدستی سەربازێکەوەبوو ، بەشێکی کەیان خەریکی لێدانیان بوون ، بەهەموو بەرەو دەروەی ژورەکەو قاوشەکەیان بردن .لەکاتی ڕاکێشاندا ،ڕۆشنا دەم وچاوی خۆی ئەڕنی وبریندارئەکرد ، کەزوتریش هەموو دەم وچاو ودەست وپەلی لەقوڕ سواغدابوو ، تا دەم وچاوی شیوەی جوانیان پێوە دیارنەبێت ، لە حەوشی قەڵاکەوە بەدەم لێدان وڕاکێشانەوە هەردوکیان بردە ناو ژوری ئیدارەی قەڵاکە .

لەوێ دەستی هەردوکیانیان بەستەوە، ئەوەندەیان لێدرابوو ڕاکێشرابوون ، خۆیان ئازاردابوو شل وکوتبوون ، هیزو وزەیان لێبڕابوو ،هەرهاوارو زریکە وقیژەیانبوو . دوای ماوەیەک کۆمەڵێکی زۆر لە عەسکەر هاتنە وێزەیان ، پالاماری دەست وقاچپیاندان بەدەم لنگەفرتێ وگریان وهاوارو قیژانەوە، بەچواردەستە هەڵیانگرتن ، بەرەو دەرەوەی قەڵاکە بردیانن ، هەردوکیانیان فڕێدایە ناوپشتی پیکابێکی لاندکرۆزی

عەسکەریەوە ، لەبنی پشتەوەی لاندکرۆزەکەدا بەڕاکشاوی توندکران ، چەند سەربازێک هاتنە ناوپشتی لاندکرۆزەکەوە لەمبەرو ئەوبەری کورسیەکان دانیشتن ، دوایی هەندێک چەک بەشان بۆچاودێریان سەرکەوتن ، لەگەڵ سەرکەوتنیاندا لولەی کلاشینکۆفەکانیان تێکردن.

هەرهەمان ئەفسەری پلـەداری ڕۆژی ڕابووردو بـوو، بـەلای پیکابـەکـەوە وەسـتابوو چاودێری کچەکان وکاری سەر بازەکانی ئەکرد ، کۆمەلێـک سـەربـاز لـەدەوریبـوون، چاوەڕوانی ئەنجامدانی کارەکەیئەکرد، دوایی کەزانی هەموو کارەکە بەدڵی خـۆیەتی وئەنجامدراوە، چووە ناو لاندکرۆزەکەوە لەپێشەوە دانیشت، جێبێکی عەسکەری پڕ لە سەربازیش لە دوایانەوە وەستابوو چاوەڕوانبوون .

بە ئەمری ئەو ئەفسەرە هەموو بەڕێ بوون ،بەرەوشوێنێکی نادیار هەموو کەوتنەڕێ، بەدرێژایی ڕێگە هەردوکچەکە بەردەوام هاوارو گریانیانبوو ، فرمیسکی چاویان بەخوڕ ئەباری ، بەتاییەت رۆشنا ، قوڕاوی دەم وچاوی تێکەڵاو بەفرمێسکی بوو ، هەردوکیان لەبەرپێی عەسکەرەکاندا پاڵخرابوون ئەتلانەوە ، سەربازەکانیش بەنوکی پۆستاڵەکانیان ئایانویست بێدەنگیان بکەن ، هەندێکیان بەپۆستاڵەکانیان ولاقیان لەسەر لەشی هەر یەکێکیان دانابوو .

سەربازێک ویستی بەهەلی بزانێت دەستیان بۆبەرێت ، ڕۆشناو دەستە خوشـکەکـەی لەدژی ئەوسەربازە ڕەوشتنزمە کەوتنە هاوارو قیژان وبێزاری وجنێودان ، ڕۆشنا سەری بەرزکردەوە وتفێکی لێکرد ، سەربازەکە لەترسانا دەستیکێشایەوە، بێدەنگ خۆیمتکرد ڕۆشنا چەند وشەیەکی نیمچە عەرەبی دژی دوبارەکردەوە ، لەدوای ماوەیەک هەموو لەشوێنێکدا وەستان ، لەوکاتەدا ڕۆشنا سەیری دەورو پشتی کردو سەری هـەڵبـڕی تەماشای دەرەوەیکرد ، وێنەی سەدامی بینی ، کەلە ژێر وێنەکەیدا نووسرابوو (ئومە عربیە واحدە ، ذات رسالە خالدە ) لەدێری دووەمی ژێرەوە نووسرابوو ( عاش سەدام بتل الامە العربیە والمسلمین ) ، بۆی دەرکەوت کەئەوە ڕێگەی بەغداد بـوو . بەرەو ئەوێ ئەیانبەن ، مەبەستیان لەوەستانەکەیاندا ئەوەبوو ، هەردو قاچ ودەست وچاویان بەباشی ببەستنەوە ، بۆ ئـەوەی ڕێگـا کە نەبیـنن ، نـەزانـن بـۆ کـوێ ئـەبـرێن ؟ .

لەوکاتەدا ڕۆشنا هەمان ئەفسەری بینی ، کەهەر ئەو ئەفسەرەیە یەکەم جار دەستنیشانی کردن وهەر بەدوایانەوە بوو ، کەسەرکردەیانەو بەئەمری ئەوە ئەمان بەودەردە ئەبرێن ، هەر لەبیرو ترس وخەمی ئەوەدابوو ، کەخوا ئەزانێت بەدەست ئەم وەحشیانەوە چیان بەسەردێت ، چیان لێئەکەن ؟ . بەدەم گریان ودوعاو نزاوە بەڕیکرانەوە کاروانەکە بەڕێبوو.

## هەواڵی ڕۆشنا و دەستە خوشکەکەی

لەدوای چەند کاژێرێک گەیشتنە شوێنێک ، لەوەئەچوو شارێکی گەورەبێت، بەهۆی ڕوناکی زۆرو دەنگی سەیارەی زۆر ودەنگی ڕادیو وهۆڕنی ئۆتۆمۆبیلەوە ، زانیان بەناو شارێکی گەورەو فراواندا ئەڕۆن و تێپەڕئەبن ، دوایی بۆیان ساغبووەوە، و زانیان کەگیشتونەتە بەغداد، کاتیک سەربازەکان لەناو خۆیاندا باسی ئەوەیانئەکرد کەگەیشتونەتە بەغداد، لە دوای ماوەیەک لەشوێنێکدا وەستان، لەوەئەچوو لەبەردەرگای ماڵێک بێت .

بەهەموویان ڕۆشنایان بەچوارپەل هەڵگرت، بەدەم گریان وهاوارو قیژاندن وزریکانەوە ، تاتوانای هەبوو هاوارو دوعاو نزایبوو، بە هەموو هەڵیانگرت بردیانە ناو حەوشەیەکەوە ولەسەر گیای حەوشەکەدا فڕێیاندا، کەچاویانکردەوە دی کات ئێوارەبوو درەنگانێک بوو، ڕۆشنا کەچاوی گێڕا خۆی بینیەوە لەناو باخ وچیمەنی کۆشکێکی گەورەدا فڕێدراوە، کەچواردەوری بەدیواری بەرز دەورەدراوە ، دارخورمای زۆری تیایە، خەیاڵی بۆ ئەوەچوو ئەبێت ماڵی ئەو ئەفسەرە بێت، کە ئەوچەند ڕۆژە بەدوایانەوە بوو. کە بەدرێژایی ڕێگە لەگەڵیاندا هاتوە ، کەسەری هەڵبڕی وئاوڕیدایەوە ، چاوی بەو ئەفسەرە کەوت کە لەڕیگەداو پێشتریش هەر بەدوایانەوە بوو ، لێرەیش لەگەڵیاندا هاتوە ، کەئەوچەند ڕۆژەکە لەگەڵ پیاوەکانیدا چاودێریان ئەکرد . لەناو حەوشەکەدا خەڵکی ناو ماڵەکەی بینی ، لەگەڵ کۆمەڵێک سەرباز دەورەیان دابوو ، بەسەریەوە وەستابوون .

ڕۆشنا وەک بێچووە پڵنگێکی بریندارو داماو دەست وقاچ بەستراو وبێدەرەتان وبەندکراو کەوتبوو . باری ڕۆشنا لەوە ئەچوو کە لەناو دارستانێکدا وەک نێچیرێکی ڕاوکراوی بریندار وگیراو هەرچوار پەلی بەستراوبێت وابوو . کەخۆی بەو شێوەیە بینیەوە لە عەزرەتانا هەموو گیانی ئەلەرزی ، دەستیکرد بەهاوارو گریان وشیوەن وناڵە، بەدەم گریانەوە ئەکرۆزایەوە دەستیکردبوو بەودوعاو نزا وپاڕاندنەوە لەخودا.،هەردو دەستی بە بەستراوی بەرز کردبووەوە هاواریئەکرد ، خوایە فریامان بکەوە !، گوناهمان چیبوو بەودەردەت بردین ، بۆچی واتلێکردین ،

خۆئێمەیش موسوڵمان بووین، بۆ ڕەحمێکت پێنەکردین ، بۆ لەسەرمان ئاسمان نەهاتە جواب ، بۆکەسێک لەسەرمان نەهاتە دەنگ ؟  سەربازەکان بۆلێدانی وبێدەنگکردنی بەرو ڕویهاتن ، کابرای ئەفسەر نەی هێشت.

ڕۆشنا لەتاوترس وئەو بارە ترسناکەی تێیکەوتوە ، هەموو گیانی ئەلەرزی وچۆقەیدانی ئەهات ڕەنگی پێنەمابوو هەڵبزڕکابوو، ئاگای لەخۆینەمابوو  وڕێنەیئەکرد ساتێک لە بەرخۆیەوە ورتە ورتی بوو، ساتێکیش هاوارەیئەکرد، لەسێودوی ئەوەدابوو بیری بۆ ئەوە ئەچوو مەترسی ئەوەی هەبوو لێرە خراپەی لەگەلدا بکەن، پەندێکی پێبدەن، ئەبێت لێرەچی لێبکەن، لەم بەندیخانەیەدا ئەبێت چی بەسەربێت، توشی چی کارەساتێک وناهەمواری ببێت؟ لەمەودوا ئەبێت ژیانی چۆنبێت ، دوای ئەمە بۆکوێ ببرێت ؟ ئەکروزایەوە هاوارو شیوەنی بوو ئەیوتەوە ، خوایەگیان چیمان بەسەردا هات. هاواری بوو دەستگیرانەکەی باوکی دایکی براکەی کەس وکاری هاونیشتمانی ئەبێت چیان بەسەردا هاتبێت ؟ . ئەی بزڕکاندو ئەگریا، هاواری ئەکردو ئەیلاواندەوە، کەتوشی چی داوێک بووە ، کەوتوەتە داوی ئەمانەوە کە بەزەییان پێیدا نایەتەوە، هاواری بوو : دایەگیان باوکەگیان مەریوان گیانی برام ، ئێوە لەکوێن ، چیتان لێهات، ئەم خوانەناسانە ، چیان لێکردون ؟. کوادایکم ، باوکەگیان لەکوێیت لەکوێن ، بۆفریام ناکەون ؟ لەسەر ئەمری ئەفسەرەکە سەربازەکان پەلاماری دەست وقاچی ڕۆشنایان داو، چوار دەستە هەڵیانگرت بەدەم لنگەفرتێ ولێدان وڕاکێشانەوە ، بردیانە ژوری ژێرخانێکەوە ، لەناوەڕاستی ژورەکەدا بەدەست وقاچ بەستراوی فڕێیاندا . ئەفسەرەکە لەناو ژورەکەدا بەسەریەوە ڕاوەستابوو ، پیرەژنێکی جلڕەشی بانگکرد کەلە حەوشەکەدا ڕاوەستابوو ، بەعەرەبی قسەی لەگەڵداکرد : وتی دایە ئەم کچەم بۆتۆ هێناوە تاببێتەو هاوکار وهاوڕێت خزمەتت بکات .

ڕۆشنا بەهۆی ئەوەی لەقوتابخانەدا بڕوانامەی پۆلی شەشەمی وەرگرتبوو فێری عەرەبی بوو ، لەعەرەبی تێئەگەیشت زانی ئەفسەرەکە مەبەستی چیبوو ؟. ئەفسەرەکە ڕۆیکردە ڕۆشناو لەسەرخۆ ، وشە بەوشە پێیوت ، تۆ بۆ ئەگریت ؟ ، ئەگەر پێبزانیت من یارمەتیم داویت ، دوایی ئەزانیت ، بۆت دەرئەکەوێت کەمن

فریاتکەوتوم گلمداویتەوە، ڕزگارمکردویت لەوانەیە دوایی سوپاسم بکەیت ، کەمن نەم هێشتوە بتکوژن ، لەوانەیە چەند ڕۆژێکی تری پێنەچێت کەهەموو کەس وکارو هاوڕێکانت بکوژرێن ، ئەنفالبکرێن ، کەس نەزانێت لەکوێ ئەکوژرێن وزیندە بەچاڵئەکرێن ؟من تۆم دزیوەتەوە تا بتپارێزم ، مەترسە تۆلای ئەم داپیرەیە ئەمێنیتەوە ، پارێزراو ئەبیت ماڵەکەمان ئەمێنە ،چاوی لێت ئەبێت ، کچەکەی هاوڕێت براوە بۆماڵی لیوا رەکن (قەحتان التمیمی ) لەوێ ئەمێنێتەوە خەمی ئەویشت نەبێت کە ئەوماڵە نزیکمانە ، بەسەربازەکانی وت پەتەکە لەدەست وقاچی بکەنەوە.

بەبیستنی وشەکانی ئەفسەرەکە دەستیکردەوە بەشیوەن وگریان وهاوارو ناڵاندن ولاواندنەوە. دەمێک ئەکرۆزایەوە شیوەنی بوو بۆکەسوکاری کە بەرەو مردن براون ، خوا ئەزانێت لەکوێ لەناو براون دەمێکیش بۆخۆی دەستگیرانەکەی .

پیرە ژنەکە بەرەوڕوی هات ، لەتەنیشتیەوە بەچێچکانەوە دانیشت ویستی دڵنەوایی بکات ، ئافرەتێکی گەنجی لەگەڵدابوو دەرکەوت کە ئەو ژنە گەنجە هاوسەری ئەفسەرەکەبوو ، کچی پیرە ژنەکەبوو ، لەدوایانەوە چوارکچ هاتنە ژورەوە ، بۆ ڕۆشنا دەرکەوت کە هەر چواریان کچی ئەفسەرەکەبوون ، دوایی دەرکەوت ئەو ماڵە تەنها ئەو چوار کچەیان هەبوو ،کوڕیان نەبوو.

ڕۆشنا لەوکاتەدا بەدەم گریانەوە چاوی بەژورەکەدا گێڕا. دی کە زۆر پێویستی ژیانی تیایە، بەشێوەیەک کەزۆر سادە وساکاربوو .

پیرە ژنەکە جڵ ڕەشێکبوو دەم وچاوی عەرەب ئاسایی ، بەخاڵ کوترابوو ، لچێکی ئەستورو لوتێکی خڕی پانی گەورەی پێوەبوو ، لە ڕۆشنا نزێک بووەوە ولێی پرسی : (اسمک ) ڕۆشنا وەرامی نەدایەوە ، لەوکاتەدا رۆشنا هێزی پێنەمابوو پاڵکەوتبوو بەشیوەن وگریانەوە خەریکبوو ، ماندو بێتاقەت بوو ، دەستیگرتبوو بەدەم وچاویەوە هەڵئەلەرزی ، بەشیک لەدەم وچاوی بەتۆزو خۆڵ وقوڕ ، داپۆشرابوو ، قوڕی سواغدراوی پێشوی پێوەمابوو . هەموو گیانی وجلەکانی خۆڵاوی بوون قوڕێشیان پێوەبوو . پیرەژنەکە پرسیارەکەی دوبارەکردەوە کەناوت چیە ؟ ، ڕۆشنا هەر وەرامی نەدایەوە . کەپیرەژنەکە وەرامی وەرنەگرت بەنووکی پێی ڕۆشنای ئاگادارکردەوە

بەعەربی پێیوت : پرسیارت لێئەکەم بۆ جوابم نادەیتەوە ، ڕۆشنا نەجوولاو ورامی نەبوو ، دوایی ویستی ڕۆشنا ئاگاداربکاتەوە وبیترسێنێت کەخەیاڵی خاوە، لێرە دەربازبوونی نیە ، بەنیوە عەرەبی وکوردی تیکڵاو وتی : (ئەگەر محاولە نجات فایدە نیە، قتل ، حمایە عسکر کتیر بالباب ) . پیرە ژنەکە کەبەم شێوەیە قسەیکرد مەبەستی ئەوەبوو رۆشنا لێی تێبگات ، ڕۆشنا هەرگوێی نەدایە ، دوای ماوەیەک هەموویان چوونەدەرەوە ، دەوریان چۆڵکرد .

پیرەژنەکە دەرگای لە سەری داخست ، دوای تۆزێک بۆلای گەڕایەوە وخواردن و هەندێک پێویستی بۆ هێنا و وتی : (تعرفین عربی ) ڕۆشناجوابی نەدایەوە ، بەدەم وچاو ڕوخسارێکی تێکچووی هەڵبزڕکاوی زەردی هیلاکی خۆڵاویەوە کەئەیلاواندەوە ئەینالاندو دوعاو نزایئەکرد . سەیرێکی پیرەژنەکەی کرد وهاواریکرد خوایە هەڵینەگریت ، خوایە ئەم زوڵمە قبوڵنەکەیت کەلێمان کراوە ، کوا باوکم ،باوکەگیان ،کوا دایکم ، دایەگیان ، کوابراکەم مەریوان گیان ، لەکوێیت ، ئەی کوان هەموو ، چیان لێهات وبەسەرداهات بۆکوێ بران ، لەکوێ کوژران ! کوان؟ . خوایە ئەم زوڵمە قبوڵ نەکەیت ،خراپەی ئێمەچیبوو ، چی تاوانێک خراپەیکمان کرد ، بەو دەردە براین؟ . بۆ ئاسمان بۆمان نەهاتە جواب ، خۆ ئێمەیش موسوڵمانین، هەمدیسان بەلاواندنەوەوە بەسۆزەوە ، دەستیکردەوە بەهاوارو قیژان وشیوەن وگریان .

پیرێژنەکە هاتەوە قسەوتی : (من داڵک کورد ، من کوردی کەم زانی ، لاتخافی ، انا احمی انتی ، انت بنتی ، لاتخافی، نەترس ) لەبەر ئەوەی ڕۆشنا لەقوتابخانە عەرەبی خوێندبوو ، لەمەبەستی پیرێژنە کە تێگەیشت ، پیرێژنەکە هەندێک وشەی کوردی لە بیرمابوو ، یارمەتیدا ، تاڕۆشنا پێویستی تایبەتی خۆی جێبەجێبکات . دواجار داپیرە ژورەکەی بەجێهێشت ،دەرگاکەی لەسەری داخستەوە وتی: ( مفتاح کلیل عندی ، لاتخافی عائلە شریفە)، ڕۆشنا لەلایەکی ژورەکەدا کەوتبوو ، وەک بەچکە پڵنگێکی بریندار و بێدەرەتان ولانەواز بەگریانەوە هەردوعاو نزاییوو ئەیزریکاند، کەچی ڕۆژێکی ڕەشە تێیکەوتوە چۆن واڵەپڕ کەوتەداوی ئەم دڕندە بێبەزەییانەوە، کە ڕێگەی ڕزگاربوونینیە .

بۆ بەیانی دووەم پیرەژن وژنەکەو کچەکان هەموو بۆلای هاتن ، کەداپیرە دەرگاکەی کردەوە به ڕۆشنای وت ( چۆنە، شلۆنکی ) بەڵام ڕۆشنا نەجوڵاو وەرامی نەبوو ، لەسەر لایەکی کەوتبوو، قژ ئاڵۆزو دەم وچاو زەردو هەڵبزڕکاو لەش بەبار ، وەک بەچکە پڵنگێکی ڕاوکراو بەلایەکی چاوسەیری ئەکردن ، کچەکانیش هەر لێی ورد ئەبوونەوە ، لەگەڵ هاتنە ژورەوەیان ڕۆشنا هەردو دەستی بۆئاسمان بەرزکردەوە وکەوتە هاوارو دوعا بەدەم گریانەوە وتی : خوایە ئەم زوڵمە قەت قبوڵنەکەیت) ، (خوایە ئەم حەقەمان لەزاڵمان بسێنیت) .

هەندێک لەکچەکان بەچاوێکی توڕەیی وناڕەزاییەوە سەیری ڕۆشنایان ئەکرد ، هەموو لەوە تێگەیشتن کە دوعاو نزائەکات لەخوا ئەپاڕێتەوە وباسی زوڵم ئەکات . یەکێک لە کچەکان لەوە ئەچوو کەبەعسی بێت وهەڵگری بیرو باوەڕی ڕەگەزپەرستی عەرەبی بێت ، دڵ ودەرون ومیشکی پڕبێت لەبیری جەهالەتی عەرەبی وتیا چەسپیبێت و پڕبێت لەڕق وکینە ودوژمنایەتی ، بەرامبەر بە نەتەوەی کورد ، بەڕقەوە لەرۆشنا نزیکبووەوە ،بەتوڕەییەوە بەسەر ڕۆشنادا قیژانی وهاواری کرد وتی : (لێش تبکین ، لازم تشکرین اللّه والقائد سدام حسين ، انت هنا تعيشين بئمان ، انت من المتمردين على الشعب ، انتم الاكراد مو اوادم ، مع هذا نحن نخدمک هنا) یانی : (تۆ بۆچی ئەگریت ئەبێت سوپاسی خواو سەدام حسین بکەیت ، کەلێرەیت، لەژیاندا ماویت وپارێزراویت ، تۆ یەکێکیت لەوانەی وکەلەم گەلە یاخیبوون وهەڵگەڕاونەتەوە ، ئێوەی کورد هەر ئینسان نین ، لەگەڵ ئەوەدا ئێمە لێرە خزمەتت ئەکەین. ) ، کچەکە لە ڕۆشنا زیاتر نزیکبووەوە وهەمان ڕستەی دوبارەکردەوە و بەسەر ڕۆشنادا ئەینەڕاند وهەڕەشەی لێئەکرد ، وەرامی ڕۆشنا تەنها ئەوەبوو (عەرەبی نازنم ) ، کچەکە هەمیسان ،بەسەریدا قیژاندی وپێیوت : (ئەمەیە عەلامەت وکردارو خیانەتی ئێوە ، بۆعەرەبی نازانیت ، بۆچی بە عەرەبی قسەناکەن ، زمانی عەرەبی چیەتی ؟. ئێوەی کورد هەمووتان ، شعوبی وعونسورین ، دژی عەرەب وئیسلامن ) . ڕۆشناخۆی ڕانەگرت ڕاستبووەوە بەدانیشتنەوە، هەردوودەستی وسەری بۆئاسمان بەرزکردەوە دەستیکرد بە دوعاکردن : ( خوایە حەقمان لە سەدام بسێنێت ، ئیمە تاوانمان چیبوو

؟. وا بەمدردە براین . منی بێدەسەڵات وبێ دەرەتان و داماو لەژورێکدا لێرە گیراوم وبەندکراوم توندکراوم ، من چی تاوانێک وخراپەیەکم کردوە، لەم عومرەدا وام لێبکرێت ئەو زوڵمەم لێبکرێت ، گەلەکەم لەناو ببرێت ؟).ڕۆشنا کە خەریکی دوعاو هاوارو گریانبوو ، بەردەوام دوعاکەی دوبارە ئەکردەوە ، کچەکە لە قسەو دوعاکانی ڕۆشنا تێنەگەیشت ، بەڵام کە ڕۆشنا وشەی سەدامی دوبارەئەکردەوە ، تێگەیشت مەبەستی ڕۆشنا دوعاکردنە لێی . کچەکە شێتگیربوو دەستیکرد بەهاوار بەسەریداو ئەینەڕاند . خۆی ڕاپسکاند بێت لەڕۆشنا بدات ، داپیرەوکچەکانی تر گرتیان ، نەیانهێشت دەستی بگاتێ ، ودوریان خستەوە لێی کچەکان دایانە پێشخۆیان ودەستیانگرت بەزۆر بردیانە دەرەوە، هەموو چوونەدەرەوە ، رۆشنایان بەجێ هێشت . لەدواییدا دەرکەوت خوشکەکانی ئەم ڕەفتارەیان لە لاگران بوو پێیان ناخۆشبوو . بەم شیوەیە ڕۆشنا لەم بەندیخانەیەدا ، بەکۆت و بەندکراوی مایەوە ، دەرگای لەسەر داخرابوو ، لە دنیایەکی بێدەنگی وتەنیاییدا دور لەوڵات وکەس وکارو دایک وباوک وبراو دور لەڕیبازی خۆشەویستی چۆن بژی ، جۆن گوزەران بکات بەوشێوەیە ،چۆن ژیان بەسەر بەرێت ؟.کەسێک نەبوو داخ وئۆف وئاخ وخەفەت وداماوی ومەینەتی وبەسەرهاتی ژیانی کۆیلەیەتی وگرێی دەرون ودڵی لای بکاتەوە ، یان بەتەنها هەر قسەیەکی لە گەڵدا بکات ، لەژیانێکی کپ وبێدەنگی ومەترسیداو لەکەش وهەوایەکی ڕەوشتنزمی و لەگەڵ عەرەبدا بژی ، کە دەر لەیاساو عەداڵەت و بیرو باوەڕی ئاپینی وگیانی مرۆڤایەتی ومافی مرۆڤ ژیانی بەسەربەرێت. سەربەستی وخۆشی ژیانی لێزەوت کرابێت .دوای ماوەیەک بەناچاری لەگەڵ پێرە ژنەکەدا وردە وردە ڕاهات ، مەترسی کەمبووەوە ، هەر چەندە هەردەم لەبیرو تاوتوێ کردنی هەوڵی ڕزگاربوون ودەربازبوون وڕاکردندابوو . ترسێکی زۆری لەدڵدا هەبوو هەر لەم خێزانە بەگومان بوو. لە ئەنجامدا بۆیدەرکەوت ، کە لەشوێنێکدا توندکراوە وئەژی دەرەفەتی ئەوەی نیە ڕزگاری ببێت بیرکردنەوەو هەوڵدانی بێسودە .بەردەوام دەرگا لەسەری داخرابوو ، لەپەنجەرەیەکی بچووکی ژێرخانەکەوە کە بەسەر حەوشەکەدا ئەیڕوانی ، ئەیدی بەردەرگای ماڵە کە بەسەربازو چەک بەشانی زۆر تەنراوە، لەدواییدا زانی هەموو

ماڵەکانی ئەوناوە ماڵی ئەفسەرو پلەداری میری وسەربازیە ، کۆڵانەکە جمەی دێت لەچەکبەشان ، دەنگی بەکەسدا ناگات ، لەوماڵەدا ولەوکۆڵانەدا مێشولە دەرەفەتی دەرچوونی نیە .دوایی بۆ ڕۆشنا دەرکەوت کەپیرەژنەکە ، هێمنە ولەسەرخۆیە لەگەڵیدا خراپ نیەو خەم خۆرێتی ، بەوهۆیەوە ڕۆشنا لەگەڵ پیرەژن بەرەبەرە ڕاهات ، متمانەی لای پەیداکردبوو ، ئەوەی تەسەللای دڵیبوو تەنها ئەوەبوو کەڕۆژانە ئەیبینی وگفت وگۆی لەگەڵدائەکرد ، تاڕادەیەکیش بەناچاری دڵی پێی ئەکرایەوە جار جارەیش کچەکان لەحەوشەکەدا لەگەڵی دائەنیشتن لەلایەن کوردەوە پرسیاری زۆریان لێئەکرد ئەویش وەرامی بەجێی پێنەبوو کەبەحەزو ئارەزوی ئەوانبێت.

بۆماوەیەک ڕۆژانە ماڵەکەیان پڕ ئەبوو لە میوان وخزم وبەرو دراوسێ ، زۆریان هەوڵیان بوو کەڕۆشنا ببینن ، ڕۆشنا بەزۆری لە سوچێکی ژێر خانەکەدا خۆی مەڵاس ئەداو خۆی ئەشاردەوە، حەزی نەئەکرد کەسیان ببینن و بواری ئەوەی نەئەدان قسەشی لەگەڵدابکەن .بۆی دەرکەوتبوو کەداپیرە وەک پارێزەری وابوو بەتەنگیەوەبوو ، لەوبارەیەوە دڵی تاڕادەیەک ئارامبووەوە، متمانەی پەیداکردبوو پێی ، ترسی کەمتربوو .ساڵی نوێ دەستی پێکردبوو ، ماوەی چەند مانگێک تێپەڕیبوو ، ڕۆشنا بەبەندکراوی لەوماڵەدا توندکرابوو ، ڕۆژانە لەکونی پرنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی ئەکرد ئاگای لەهات وچۆی ئەو خێزانەبوو .ڕۆشنا لەگەڵ پیرەژندا زیاتر ڕاهاتبوو وردە وردە متمانەی پێکردبوو خراپەی لێنەدیبوو ، بەگشتی هەردولایان متمانەیان بەیەکتری زیادیکردبوو ، ئەگەر هەرجارێک بچونایە بۆ دەرەوە دەرگاکایان لەسەر دائەخست و لەدەرەوە پاسەوانەکان ڕاسپێررابوون ئاگاداری ناوەوەبن ، ئەم حاڵەی ڕۆشنا بەوشێوەیە بەردەوام بوو .

کەداپیرە زیاتر شارەزای ڕۆشنابوو ، متمانەی زیادی کردبوو ،دوای ماوەیەک داپیرە جار جارە ڕۆشنای ئەبردە حەوشەکەوە ، بۆماوەیەک لەگەڵیدا دائەنیشت وکچەکانیش ، ئەهاتن بۆ دانیشتن ، زۆر پرسیاریان لێئەکرد رۆشنا کەمتر وەرامی ئەدانەوە هەر گوێگربوو ، حەزی نەئەکرد زانیاری زۆریان هەبێت لەسەر ژیانی ، بەتایبەتی هی رۆشنا، وشارو لادێیەکەی وڵاتەکەی .

# بەشی پێنجەم

## بەهارێکی نوێ

لەبەهاری ساڵی نوێدا بۆ یەکەم جار داپیرە ڕۆژێک بەڕۆشنای وت خۆت حازربکە ئەمڕۆ ئەچینەدەرەوە بۆماوەیەک لەگەڵ مندا ئەبیت ، لەگەڵ خۆیدا ئەو ڕۆژە وەک سەیران بۆ یەکەم جار هێنایە دەرەوەی ماڵەکە لەوەپێش کەبچوونایەتە دەرەوە دەرگایان لەسەری دائەخست .

هەر جارە کە ئەجوونەدەرە ، دوسەرباز بەدوایانەوە بوون چاودێریان ئەکردن ، بەهیچ شێوەیەک بواری ئەوەی نەبوو کەبیریش لەدەربازبوون بکاتەوە ، بواری ئەوەی نەبوو لەگەڵ کەسیش بدوێت ، بەتایبەت ئەوانەی دەوریان لەدەرو دراوسێ کە هەموویان لەڕیزی دوژمناندابوون ، زۆریان سەربەمیری بوون ، کەسی بەر هەوێڵ نەئەکەوت دڵی پێیبکرێتەوە وبەزمانە کوردیە شیرینەکەی لەگەڵیدا ساتێک بدوێت. گرێی دڵی لەلای بکاتەوە .

لەبەر ئەوەی ماوەیەک تێپەڕ بوو بەسەر مانەوەی رۆشنادا بەبەندکراوی لە ژێرخانی ئەوماڵەدا ، بەباشی فێری عەرەبی بوو ، ئەیتوانی قسەی پێبکات وتێیبگات ، وەک کەلتوری عەرەب جلێ ڕەشیان دابوویە لەبەرییبکات ، زۆر پێویستی ژیان بەسادەیی ئامادەکرابوو بۆی .ڕۆشنار زۆرجار خواردنی بۆخۆشی دروستئەکرد وچارەسەری پێویستیەکانی خۆیئەکرد پیرە ژنەکەیش لە ئامادەکردنی داواکاری وپێویستیەکانی یارمەتی ئەدا وبەدەنگیەوە ئەچوو.

رۆژێکی بەهاری خۆشبوو لەوە ئەچوو لەکوردستان یەکەم رۆژی نەورۆزبێت، دوای نیوەڕۆبوو، داپیرە پێیوت: ( الیوم؛کەسلە) ئەمڕۆ (کەسلەیە)، هەمیسان دوبارەی کردەوە، بەرۆشنای وت بڕۆ خۆت ئامادەبکە، ئەرۆینە دەرەوە بۆ دەشت ودەر .

(وەک لای خۆمان لەو ڕۆژەدا لەعەرەبستان ئاهەنگیان ئەگێڕا ، خەڵکی بەتایبەت خێزانەکان ژن ومنداڵ وەک سەیران ئەچوونە دەرەوە بۆ دەشت ودەر ، کەلای ئەوان پێی ئەوترا کەسلە) .ئەوڕۆژە پیرە ژنەکە وتی ئەمرۆ ئەچینە دەرەوە بۆ دەوری مەدائن نزیک (تاقی کیسرا) . خواردنیان ئامادەکردبوو . پیرە ژنەکە ودوکچی ماڵەکە لەگەڵ دو پاسەوان بەدوایانەوە ، بەهەموو لەگەڵ ڕۆشنا هاتنەدەرەوە ، لەپێشدا هەموو چوون

بۆمـــەزار ومزگـــەوتـــی (ســـەلمـــانی پـــاک ) بـــۆ زیـــارەتـــی گـــۆڕەکەی . ڕۆشنا بۆیەکەم جار خەڵکێکی زۆری بینی لەوناوەدان ئەسوڕێنەوە وبۆزیارەت هاتوون ، لەداپیرەی پرسی ئەو مزگەوتە ناوی چیە ؟ ، داپیرە وەڵامیدایەوە : ناوی مزگەوتی سەلمانی پاکە ، کەمزگەوتێکی زۆر کۆنەو گۆڕو مەزارگەی ئەسحابەیەکی لێیە. ڕۆشناوتی : ئەوناوە کوردیە، ماناکەی بۆداپیرە بەعەرەبی لێکدایەوە وپرسی :ئەی ئـــەو گـــۆڕەی نـــاو مـــزگەوتەکە هـــی کێیـــە؟. پیـــرەژن وەرامـــی دایـــەوە : ئەم مزگەوتە گۆڕی پیاو چاکێکی موسوڵمانی تیایە کەناوی (سەلمانی فارسی) بووە ، مزگەوتە کەش هەربەناوی ئەوەیە ، کەخەڵکی ئەم ناوچەیە بووە ، پیاو چاکێکی ئاینی ئیسلامیبوو ، لەزەمانی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەر بێت ) ئیسلامبووە ،هاوڕێ ویاوەریبووە ،(ئەسحابە ) بووە ، تەرمەکەی لەم مزگەوتەدا نیژراوە ، زۆر خزمەتی ئاینی ئیسلامی کردوە . ڕۆشنا وەرامی دایەوە ؛ هەر زو وتم ئەم ناوە کوردیە .لەوەئەچێت ئەم زاتە کورد بوبێت .

دوای ئەوەی لەزیارەتی مزگەوت وگۆڕی سەلمانی پاک بوونەوە ، بردیان بۆ دەوری تـــاقی کیـــسرا کـــەنزێـــک ئـــەونـــاوەبـــوو ، لـــەماڵـــەکـــەیانـــەوە نزیکبـــوو . ڕۆشنا بەسەر سامیەوە سەیری پاشماوەی تاقی کیسرای ئەکرد ، لەداپیرەی پرسی ئـەی ئـەم تاقـە بـەرزە کۆنـە عـەجایـەبـە چیـە ؟. داپیـرە وەرامـی دایـەوە : ئەوە پاشماوەی کۆشکێک وپایتەختی دەوڵەتێکی مەزنی سەربەئێرانیان بووە حوکمی دنیایان کردوە . دەوڵەتەکە ناوی ساسانی بـوە ، لـەکـاتی بڵاوبوونـەوەی ئـاینی ئیسلامدا .بۆ یەکەم جار لەشکری ئیسلام هێرشی بۆ ئەم ناوە هیناوە ، موسوڵمانەکان پەلامـاری ئەم ناوچەیـەیـان داوە. لەگەڵ لەشـکری کافرانـدا کەوتـونەتە شـەڕەوە لە ئەنجامدا لەشکری ساسانیان شکاندوە ، دەوڵـەتـەکـەیـان لـەنـاوبردوە ، دوای ئەوە دەوروپشتی ئەم ناوچەیەیان داگیرکردوە ، لەبەرئەوەی دانیشتوانی ئەم ناوە کافربوون ، بەناوی ئیسلام وئەنفالەوە تاڵانیانکردوون هەرچیان هەبووە دەستیان بەسەردا گرتوە و لەنێوان موسوڵمانەکاندا دابەشیانکردوە. بەوشیوەیە دواییان بەحـوکمی شـاکانیان هێناوە کە بەناوی( کیسراوە ) ناویان دەرکردبوو ،حوکمی ئەم وڵاتانەیـان ئەکـرد ،

دوای ئەوە دانیـــشتوان ولاَتـــەکە بـــووەنەتە هـــی عـــەرەب وموســـولَمانان .
ئـەم تاقـە بـەرزە هـی ئەو زەمـانەیەو کۆنـە پاشـماوەی کۆشـکی کیـسراکان بـووە کەپایتەختیان بووە ، شاکانیان لێرەدا زستانان ژیانیان تیا بـەسـەربـردوە وحـوکمی دەوڵەتە مەزنەکەی خۆیـان کـردوە ، تائـەمـڕۆژ ئاسـەواری هــەر مـاوە .
پیرە ژنەکە ئافرەتێکی لەسەر خۆبوو ڕەوشتبەرز بـوو لـەوماڵـەدا قـسەی بڕیـەکرد وڕەواجی هەبوو . پەیمانی بەڕۆشنا دابوو ، وەک کچی خۆی بیپارێزێت ، هـەرگیـز ڕیگەی خراپـەکـار نـەدات لێینزیـک ببێتـەوە وتـۆخنی بکـەوێت ، هـەردەم ڕۆشـنای بەسەرئەکردەوە ولەدەوری بوو ، قسەو باسی دنیایی بۆ ئەکرد ڕۆشناش بەناچاری دڵی پێیئەکـرایەوە کەکەسـی لەو زیـاتری شـک نەئەبـرد قـسەی لەگەڵـدا بکـات.
ڕۆشناش هاتبووە سەرخۆ ، بەناچاری لە جـاران باشـتربوو هۆگرییـوو دڵـی ئـارامی تێکەوتبوو. بەلام هەردەم خەفەت وخەمـی دنیـایی ودامـاوی خەمـۆکی دایگرتبـوو .
بەردەوام هیچ خۆشیەک لەدڵ ودەرون وڕوی ڕۆشنادا بەدینەئەکرا ، هەردەم خەمبارو دڵتەنگبوو دنیای لەلا تاڵ وتاریکبوو هەردەم چاوی بەگریانەوەبوو ، هەرهاواری دایکی وباوکی وبراکەی وخزمانی بوو لەگـەڵ ڕیبـازی خۆشـەویستی ، لاواندنـەوە وگریـانی بەزۆری بۆ یارەکەو دڵدارەکەیبوو ،کەپەیمانی هەتا هەتایی پێدابوو ، کەیادەوەری ئەو پارچەیەک بێت لەبیرو هۆش وکرداری ڕۆژانەی .
وەک وترا بە ناچاری پشتی بەداپیرە بەستبوو ، شێوەیەک لە هێور بوونەوەی پێوە دیاربوو ، لەم دواییەدا لەگەڵ کچەکان ودایکیاندا ڕاهاتبوو ڕۆژانەلەگەڵیاندا دائەنیشت ، ئەیاندوان ، وژەم وبەشی خواردنی وژیانی لەو ماڵەدا جیابوو ، شوێنەکەی لەژێر خانی ماڵەکەدا جیاوازبوو ڕێگەیان بەسەریەوە نەبوو .ئـەوەی لـەوماڵـەدا لەومـاوەیەدا زۆر نیگەرانی کردبوو پەستیکردبوو ترسی لێی پەیداکردبوو ، لەم دواییەدا ژیان وگوزەرانی زیاتر لێتاڵکردبوو ، مەترسیەکی تەواوی خستبووە دڵیەوە ، لاوێکی گێلی دشداشـە لەبەر وعەگال بەسەری پیسبوو ، بەجوتێک نەعلی کـۆنەوە ، هـەردەم لـەپـڕ خـۆی بەحەوشەکەدا ئەکرد کاتی بۆ نەبوو ، بەوناوەدا ئەسوڕایەوە ، هەرکاتێک کە ئەهاتە ناوحەوشەکەوە هەوڵ ومەبەستی تەماشاکردنی ڕۆشنا بوو ، کەخێرا نزیک ژێرخانەکە

ئەبووەوە وچاوە چاوی بوو ، بێشەرمانە سەری ئەنا بەپنجەرەکەوە ئەکەوتە سەرەتاتکێ ، بەدوچاوی خێلی ناشیرێنەوە ، چاوی ئەنا بەپەنجەرە بچوکەکەی ژێرخانەکەوە بەڵکو ڕۆشنا لە ژورەکەدا ببینێت .هەرجارێک بهاتایە ، ڕۆشنا لەحەوشەکەدا بووایە خێرا بەرەورووی ئەهات وسەغڵەتی ئەکرد ، ڕۆشنا خێرا ڕایئەکردە ژورەوە ودەرگاکەی لەسەر خۆی دائەخست ، ئەگەر رۆشنا لەژێر خانەکەدا بووایە ، ئەو گێلە پیاوە بەرەو ژێر خانەکە ئەهات هەوڵی ئەدا بچێتە ژورەوە ، بەنیازی ئەوەی رۆشنا ببینێت وقسەی لەگەڵدابکات . زۆر جار خۆی وادەرئەخست کە نیازی پاکەوخۆشی ئەوێت ، بەڵکو رۆشنا دڵی پیا بهێنێت . هەموو جارێک ڕوشنا بەتوڕەیی وهاوار نەیئەهێشت بێتە ژورەوە ، لێی دورئەکەوتەوە . ئەگەر لە ژورەکەدابووایە خیرا دەرگاکەی لەسەر خۆی دائەخست ، ئەوشوێنەی بەجێ ئەهێشت ولەپەنایەکی ژورەکەدا خۆی متئەکردو ئەشاردەوە .ڕۆژێکیان ڕۆشنا لەداپیرەی پرسی:پێم نالێیت ،ئەم پیاوە کێیە ؟. وابەسەربەستی وساتە نەساتێک وکاتی بۆنیە خۆیئەکات بەمماڵەدا ، خەریکە من بێزار ئەکات وەڕستبووم لێی ، ترسم لێنیشتوە .داپیرە وتی : ئەوە باوک برای زاواکەمانە ، بێ ئیشەو بەرەڵلایە ولەسەرخۆ وتەوانیە ، دواکەوتوە ، عەقڵ سوکە. ماڵیان لێرەوە نزیکە ، خەفەت مەخۆ ، گوێی مەدەرێ ، ئێمەیشی بێزارکردوە ، بەوشیوەیە پێمان خۆشنیە ، کە هەردەم خۆیئەکات بەماڵدا ، نەقسەی خۆشە ، نەڕەفتاری جوانە ، لاوێکی دەبەنگە وکچەکانیش خۆشیان ناوێت .

ڕۆشناوتی : هەموو ڕۆژێک بەناو حەوشەکەدا ئەسوڕێتەوە ، کاتی بۆنیەو ، بێشەرمانە سەیرمئەکات چاوی لەسەرمە ، کەمن ئەبینێت بەرەورووم دێت ، ئەیەوێت قسەم لەگەڵدا بکات ، کەنامەوێت هەر ببینم ، کرداری زۆر ناشیرینە ، بەدەستیەوە بێزارو وەڕستبووم بەڕاستی زۆر سەغڵەتی کردوم ، زۆریش لێی ئەترسم .

پیرەژنەکە وتی : گوێی مەدەرێ ، ومەترسە وابزانە هەرنیە ، هەرکاتێک هاتە حەوشەکەوە تۆ بچۆرە ژورەوە ، باهەر نەتبینێت ، بەخەیاڵی خاوی بەتەمایە داواتبکات ، ئێمەیش قەناعەت بەتۆ بکەین بۆی یرەخسێنین ، کەشوی پێبکەیت ، چەندجار کەس وکاری داویانە بەگوێماندا ، دوبارەیان کردوەتەوە ،بەلام خەیاڵیان

خاوه، ئەمە قەت سەرناگرێت ، تامن لەژیاندا مابم ئـەم نیـازەیـان بـۆ ناچێتـە سـەر وپێیناگات ، تۆ قابیلی ئەو دواکەوتوە نیت ، تامنت لەپشتبم مابم ، نایـەڵـم کـارت تێبکەن ، بێزارتبکەن و بەدەستیانەوە دابمینیت ، و زەرەر مەندبیت تـۆ بویتـە کـچ وهاودەمم چۆن وازت لێئەهێنمەوماوەیەدا رۆشنا بۆی ساغبووەوەو تێگەیشت ، کەپیرە ژنەکە دڵسۆزو خەم خۆرێتی وپارێزەرێتی پشتی پێبەستبوو ، لە گەلیدا وەک هاورێ وکچ ودایک وهادەنگی لێهاتبوو، کەهەردەم لەگـەڵیـدابوو ، ئـەویـش دڵـی بـەڕۆشـنا ئەکرایەوە قسەی خۆشی بۆ ئەکرد ، کەدڵی باتەوە ، پیرەژنەکە ئەیزانی کە خەمبارو خەفەتبارو هیلاکە. مالەکەیان هەردەم پڕبوو لەکەس وکاریان کە ئەهاتن بەمیوانی و زۆر جار حەزیان ئەکرد کە ڕوشنابببینن قسەی لەگەڵـدا بـکەن ، ڕۆشـناش ئەوەنـدە حەزی نەئەکرد بیان دوێنێت یان بیان بینێت ، دڵی پێیان نە ئەکرایەوە ، زۆر جار لە ژێرخانەکەدا خۆی ئەشاردەوەو خۆی متئەکرد ، تابانگی نەکەن ، زۆر جاریش پیـرە ژنەکە بەدوایدا ئەهات و ئیبردە ناو حەوشەکەوە ، لەگەڵیان دایئەنا ، هەندێک جـار پرسیاری زۆریان لێئەکرد کە ئەویش حەوسەڵەی ئەوەی نەبـوو ، ورامیـان بـداتەوە، بەزۆری بێدەنگی هەڵ ئەبژارد  وەک لەدواییـدا بـۆی دەرکەوت کە خزمـانی ئاگـادەر کردبووەوە کەسێک بەشێوەیەک سەیری نەکات ڕەفتارێک نەکات ڕۆشنا دڵگران بکات . هەرجارێک ئەفسەرەکە لەکارەکانی ناو سەربازگە مۆڵەتی وەربگرتایە لەگەڵ ژنەکەی و خەسوی سەردانی رۆشنایان ئەکردهەواڵیان ئەپرسی ،ڕۆشناش لەناخیـدڵیەوە لێـوی ئەکرۆشت وبەناچاری وەرامی ئەدایەوە .

ڕۆشنا بۆی ساغبووەوە وتێگەیشت کەدەربازبوونی لەوشوێنەدا وائاسان نیە ، کۆڵانەکە تایبەتە ، کەسی غەریبە ناتوانێت بەسەربەستی وا بەئاسانی بەو ناوەدا گوزەربکـات بسوڕێتەوە ، بەردەرگاکەیان و دەورویشتیان ، هەردەم پڕبوو لەپاسەوان ، خانووەکانی دراوسێ ودەوروپشت هەمووی هی بەرپرسان و سەرکردەکانی حیزبی بەعـس بـوون. هەرماڵێک بەچەند پاسەوان وپیاو وسەرباز تەنرابوون لەبـەردەرگایـان وەسـتابوون . ڕۆشنا هەرهەردەم دڵ تەنگبوو ، هۆیەک وچارەیەکی بەدی نەئەکرد لەمێشکیدا ، کە تۆزێک سەبووری بەهـۆش وبیـری ڕۆژانەی بـدات ، ناخۆشـی وخەفەت ونـاهەمواری

ساتێک بڕەوێنێتەوە. ئەوەی تەنها تەسەلای دڵیبوو ، هەردەم لەخوا ئەپاڕایەوە وبەهیوابوو بەڵکو خوا دەرویەکی لێبکاتەوە، رزگاری ببێت لەم بەندیخانەوداماویە ، بەهیوای ئەوەی رۆژێک بێت شادبێتەوە بەخاکی نیشتمان ودڵدارەکەی وباوک ودایکی وخزم وکەس وکاری .

## هیوایەك ... چاوەڕوانی

لەوماوە دورو درریژەدا ڕۆشنا چەند جاریک لەگەڵ پیرەژنەکەدا ئەبرایە دەرەوە ، هەرجارە بیری لەهۆیەک ڕیگەیەک ئەکردەوە بۆ دەربازبوون وخۆ ڕزگارکردن ، لەئەنجامدا بۆی دەرکەوت ، هەر بیرو پلان وکاریک بۆڕزگاربوون کە بەخەیاڵیدابیت لیکیبداتەوە ، بەئەنجام گەیاندنی ئاستەمە ئاسان نیە، بەوریاییەوە وایلەخۆی کردبوو کەبڕوای تەواوی پیبکەن دڵیان لیی ئەمین بیتەوە ، هەردەم بەدەنگ داواکاری پیرەژنەوە ئەچوو ،یارمەتی ئەدا .دوای ماوەیەک پیرەژن نەخۆشکەوت ، پیویستی بەدوکتۆری تایبەت هەبوو کەبیبینیت ، لەناو بەغدادا ئەو دوکتۆرە تایبەتە دەستئەکەوت ، بەوهۆیەوە ئەبووایە ببرایە بۆناو بەغداد، کەماڵەکەی ئەمان لە دەوری بەغداد بوو ،ماوەیەک لەناو بەغدادەوە دوربوو.بۆ یارمەتی پیرەژنەکەو بردنی بۆلای دوکتۆر ، دیاربوو لەرۆشنا باشتریان نەدۆزیەوە ودەستنەکەوت کەلەڕیگەو لەعیادەی دوکتۆرەکە یارمەتیبدات ودەستی بگریت و ، بەدیاریەوە بیت ، دوانیوەڕۆ یەک هەموو ئامادەبوون کە بیبەن بۆ بەغداد بۆلای دوکتۆرەکە ، کە لەوەپیش کارتی کاتی دیاریکراویان وەرگرتبوو . رۆشنا ئاگادارکرایەوە کەخۆی ئامادەبکات ، لەگەڵیان بچیت بۆلای دوکتۆری ناو بەغداد ، بەمەبەستی یارمەتیدانی داپیرە نەخۆشەکە ، تا لەڕیگەداو لەکاتی بردنیدا بۆلای دوکتۆرەکەو ، لەڕیگە دەستی بگریت وبچیتە ژیرباڵی . پیرژن وکچەکەی وڕۆشناو لەگەڵ دوپاسەوان ، هەموو ئامادەبوون کەلەگەڵی بچن ، هەموو سواربون بەرەو ناو بەغداد بەڕیبوون .

لەعیادەی دوکتۆرەکە دوای ماوەیەک چاوەڕوانی ، کەنۆرەیان هات کچەکەی کە ژنی ئەفسەرەکەبوو لەگەڵی چووە ژورەوە ، پیش ئەوەی بچنە ژوورەوە بەرۆشنایان وت : تۆلە لەعیادەلەهۆڵەکدا دانیشەو چاوەڕوانبە ، تائیمە تەواو ئەبین لەلای دوکتۆر دیینە دەرەوە ، دو پاسەوانەکەیان ئاگادارکردەوە کەوریابن .ڕۆشنا لەناو هۆڵی چاوەڕوانیدا مایەوە ، هەردو پاسەوانەکە لەبەر دەرگا لەدەرەوەی عیادەکە وەستابوون چاوەڕوان بوون . هەر دوپاسەوانەکە لەبەردەم دەرگاکەدا بەقسەکردنەوە خەریکبوون ، ئاگایان لەناو هۆڵی چاوەڕوانی نەبوو ، رۆشنا لەشوینیک دانیشتبوو هەردو پاسەوانەکەی

لێدیار نەبوو . بەڵام  ئەوان ئاگادار بوون لەچوونە ژورەوەو هاتنەدەرەوی هەرکەسێک لەعیادەکە . کە هەرکەسێک تێپەڕیت بچێتەدەرەوە ،ئەبووایە بەبەردەم وبەینی هەردو سەربازەکەدا تێبپەڕێت . ئەگەر ڕۆشنا خەیاڵی ئەوەی هەبووایە ڕابکات ، ئەبووایە بە بەینی هەردو پاسەوانەکەدا دەربچێت کە مەحاڵبوو . ڕۆشنا لەهۆڵەکدا دانیشتبوو ، چـاوەڕوانبـوو ، تـا دێنـەدەروە وکـارەکـەیـان لەلای دوکتـۆرەکە تـەواوئـەبێـت . لەگەڵ چوونە ژورەوەی داپیرە بۆلای دوکتۆرەکە ، دوای ماوەیەکی کەم ، کەڕۆشـنا لەگەرمەی چاوەڕوانیدابوو . پیاوێکی گەنج وژنێکی دی لـەگـەڵ سـەربازێـک لـەژوری دوکتۆرەکە هاتنە دەرەوە ، ژنەکە دیاربوو نەخۆشبوو منداڵێکی بەبـاوەشـەوەبـوو ، پیاوە گەنجەکەیش ئەشی مێردی ژنەکە بێت ، ڕەچەتەی دوکتۆرەکەی بەدەستەوەبوو ، لەبەردەم دەرگای دەرەوەی ژوری دوکتۆرەکە ڕاوەستان ، بەقـسەوە خـەریکبـوون ، پیاوەکە لەگەڵ ژنەکەی دەربارەی ڕەچەتەکەو دەرمانەکان بەکوردی قسەیئەکرد ، کوڕە سەربازەکەیش بەتەنیشتانەوە وەستابوو .

ڕۆشنا هەر کەبیستی هەردوکیان بەکوردی قسەئەکەن ، خورپەیەک بەدڵیاهات وڕاپەڕی وهەموو گیانی هاتە لەرزین وهەناسەیەکی پڕلە هیوا وخۆشی بەلەشیدا هات وسەیری ئـەمـلاو ئـەولای خـۆیکرد ، دی هەردو پاسـەوانـەکـە ، هـەر لـەبـەردەرگـای دەرەوە وەستابوون ، لەگەرمەی قسەو پێکەنیندا بوون ، ئاگایـان لـە ژورەوە وهـەواڵـی نـاو هۆڵەکە نەبوو ، ئەگەر سەیری ژورەوەیان بکردایە ڕۆشنایان نەئەدی ، کەلەپەنایەکدا ڕاوەستابوو ، ئەگەر هەرکەسێک لەناو هۆڵەکە قسەی بکردایە ، لەدەرەوەی عیادەکە گوێیان لەقسەی  نەئەبوو .

ئەمە یەکەمجارە چەند ساڵێکە ڕۆشنا گوێی لێئەبێت کەیەکێک بەکوردی قسەبکات ، بەهەلیزانی خێرا هەڵساو ، لێیان چووە پێشەوە وتی :شوکور بۆ خوا !! خوا ئێوەی کوردی بۆ ڕەخساندم ، ئێوە خەڵکی کوێن ؟   وتیان : ئێمە خـەڵکـی سـلێمانین ، ڕۆشنا گەشبووە لەخۆشیانا هەموو گیانی پێئەکـەنـی وهاتـە لـەرزیـن ، ئاوڕیدایـەوە دوپاســەوانــەکــەی لێــدیار نــەبــوو ، فریاکــەوت بــەخێرایــی وتــی : ( من لە ئەنفال کراوەکانم ماوەیەکە لـەماڵێکدا لێـرە گیـراوم ، بـەنـدکراوم بـواری

دەرچوونم نیە ، کاتیخۆی بەزۆر لە ئەنفالکراوەکان جیاکرامەوە ، تا ئەمڕۆ چەندجار بیرم لەخۆ ڕزگارکردن کردوەتەوە ، بەڵام تا ئەمساتە دەرەفەتی دەربازبوون ودەرچوونم نەبووە ، تائەمڕۆژ کوردێکم نەدیوە ، لەو ڕۆژەوە کە ئەنفالکراوم لەژێر خانیماڵێکدا بەندکراوم ، ناوم ڕۆشنایە، کچی مامە وەیسەم لەدێی دەرەتوو لەناوچەی ،،،،،، ، هەمو دانیشتوانی ناو دێ ئەنفال کراین ، کوڕێکی خزمم کە ناوی ڕێبازە لەسلێمانی لە خوێندنگەی ناوەندی میدیا خوێندکارە، باوکی ناوی مام ڕۆستەمە ، لەڕۆژانی ئەنفالەوە من لەماڵی (عەقید یەعرب قەحتان ) بەندکراوم ، ئەودو سەبازەی دەرەوە، پاسەوانن ، بەهیچ جۆرێک هەلم بۆ نەڕەخساوە لە هاوزمانم ، کەسێک ببینم ، کەڕازی دڵم ومەینەتی وبەسەر هاتی خۆمی بۆ باسبکەم ، هەواڵم بنێرم بۆکەس وکارم تەنها ئێوە نەبێت فریشتەیەکن بۆم ڕەخساون ، کە یەکەم جارەکوردێکم دەست بکەوێت ، بۆم هەڵبکەوێت لەگەڵیدا بەکوردی قسەبکەم و داخی دڵم و بەسەرهاتم بۆی هەڵبڕێژم ، ئەوەی هیوامە ،هەواڵی مەینەتی کەساسی وتاڵاوی ژیانم بگەیەننە کەس وکارم ، ئێوە فریشتەیەکن بۆم ڕەخساون پشتتان پێبەستم هەواڵم بگەیەنن .
ئەو سەربازەی کە لە گەڵیاندابوو دانیشت کاغەزێک وقەڵەمێکی دەرهێناو دەستیکرد بەنووسینی قسەو هەواڵ وناو وئەدرەسی ڕۆشنا ، ڕۆشناش لە سەرخۆ هەرچی ئەوت ، ئەو وشە بەوشە لەسەر پشتی ڕەجەتەکە ولەسەر کاغەزەکە ئەینووسیەوە ، ئەدرەسی بەغداد وسلێمانی بەجوانی وبەوردی نووسی و ناو وئەدرەسی خزمان وڕێبازی نووسیەوە ،ڕۆشنا هەرچی ئەوت ، بەدروستی ئەینووسیەوە، لەدواییدا هەرچی نووسیبوو ، دوبارە دوایی بەباشی بۆی خوێندەوە ودوبارەی ئەکردەوە ، هەرچی وترابوو تۆمار کرابوو بەدڵی ڕۆشنابوو .
ژنەکەو مێردەکەی بەگێڕانەوەی بەسەرهات وکارەسات ومەینەتیەکانی ڕۆشناو کەس وکاری زۆر دڵگرانبوون ، سویندیان خوارد وپیمانیان پێدا وتیان : خەمت نەبێت ئەگەر سەرمان لەوپێناوەدا داناوە ، بەهەر هۆیەکبێت هەواڵت ئەگەیەنین ، ئەگەر لەسلێمانی ماڵ بەماڵ گەڕاوین ،کەسوکارو خزمانت ئەدۆزینەوە، بەزوویی هەواڵت ئەگەیەنین . مەرج وپەیمانت ئەدەینێ کە گەیشتینە سلێمانی یەکسەر بچین

بۆسۆراغی ماڵی خزمانت، ورێباز بدۆزینەوەهەو ئەوانەی بۆنگێرینەوە دڵیبدەینەوە .
بەڕۆشنایان وت:سۆراخ وهەواڵی تۆو ڕوخسارو ڕەنگ وڕوت ونیشانەی ناسینەوەت ووشەی نهێنی جارانت، وەک خۆت باستکرد مەرجببێت لەگەڵ ڕێبازدا باسیبکەین ، تاپێی بناسرێیتەوە . ڕۆشنا ئاهێکی پیاهاتەوە دەرونی پڕبوو لەهیوا وخۆشی وڕوناکی، دڵی گەشایەوە وئارامیەکی پیاداهاتەوە کە چەندهاساڵبوو ، پڕ بوو لەبیری ڕەشی سەختی نائومێدی ژیان ونەهامەتی ودەربەدەری و خەفەتی لەدەست چوونی کەسوکاری ، دووری لە ڕێبازی دەستگیرانی وکۆت وبەندی ژێرخانەکە .
بەم بینین و باس وخوازەی ئەمڕۆ تروسکاییەکی ڕوناکی نوێ لە ئاسمانی ژیانی پڕ لە تاریکی ومەینەتی ئەمڕۆ بۆی هەڵکرا .
هەوری ڕەشی چاوەڕوانی تۆزێک ڕەویەوە ، هەموو گیانی موچرکەی خۆشی پیادا ئەهات ، گیانی ئەلەرزی نەیئەزانی لەخۆشیاندا چیبکات .
لە بەرخۆیەوە ئەیوت وئەیوتەوە ، چی هەلێکی زێڕین بوو ئەم ئیوارەیە بۆم ڕەخسا ، چی فریشتەیەکی ئاسمانیبوو لەئاسۆی نائومێدی وچاوەڕوانیەوە ئەم ئێوارەیە خوا بۆی ڕەخسانم ، کەنامەو ئاهی دەرونم هەناسەی ساردو ودوریم ، بگەیەنمە وڵات وکەس وکارم وڕێبازی دڵدارم ، بەهیوای ئەوەی کە جارێکی تر پێیان شادببمەوە ، لەم میحنەت وناهەمواری ومەینەتی وتەنیاییە ڕزگارم ببێت. ئەم دێڕە شیعرەیشی لەبەر خۆیەوە ئەوتەوە :لەتاریکی شەوی ژینا ئەنێم هەنگاوی کوێرانە نیە دەستێک دەرمبێنی لەناو ئەم گۆڕەوێرانە
ئەو چەند خوڵەکە ، کە لەگەڵ ژن وپیاوەکەو سەبازەکە تیایدا کەوتە گفت وگۆو وباسی داماوی خۆی و بەسەرهاتی خۆی بۆکردن وڕایسپاردن ، خۆشیەکی بێئەندازەو ئارامیدا بەدڵ دەروونی ڕۆشناداهات .
دواجار دوعا خوازی لێکردن ، دوبارەی کردەوە کە تا ئەتوانن زو هەواڵی بگەیەنن ، ئەوانیش گفتیان نوێکردەوە کەخەمت نەبێت ، ئێمە لەتۆ بەپەرۆشترین. پەیمانبێت دڵت ئارامبێت بەیانی ئەم کاتە دەمێکە هەواڵت گەیشتوە ومژدەمان داوە بەهەموو .
ئەوچەند خولەکە هەلێکی ڕەخساو بوو ، کەڕۆشنا بەئارەزوی خۆی ، بەسەرهاتی ژیانی

بۆیان بگێرێتەوە ، لەولاشەوە هەردو پاسەوانەکە خەریکی قسەو پێکەنین بوون ، هەستیان بەم کەین وبەینە نەکردبوو ، لەبەردەرگای دەرەوە ڕاوەستابوون ، داپیرەش هەرلای دوکتۆرەکە لە ژورەوە مابووەوە تەواو نەبوو .

.

## گوزەرانی ڕێباز

ڕیبازی مام ڕۆستەم وەک هەموو لاوێکی لادێ بەپێی ناسنامەی شارستانی ، تەمەنی بەسیازدە ساڵ خەملێنرابوو ، لەڕاستیدا تەمەنی لە چواردەساڵ زیاتر بوو ، کە زۆر جار واباو بووە، دانیشتوانی لادێکان تەمەنی منداڵەکانیان بەکەمتر لەتەمەنی ڕاستیان تۆمارئەکرد، ڕیباز لە لاوە وریاو هەڵکەوتـوەکـانی ئاواییـەکـەبـوو ، هـەر کەلـەپـۆلی شەشەمدابوو، لەهەڕەتی هـەرزەییـدابوو ، دڵـداری وخۆشـەویـستی لەگەڵ ڕۆشـنادا، بەشێکی زۆر لەهەست وبیرکردنەوە ودەرونی پڕکردبوو . لە بەرامبەر لەولاشەوەسۆزی دڵداری وخۆشەویستی هەموو دڵ ودەرونی ناسـکی ناونـاخی ڕۆشنایـشی پێکـابوو . وزەیەکی بیسنوری پێیدابوو ، بەوهۆیانەوە لەو تەمەنەدا توشی داوی دڵدارییبوو ، کە هەردوکیان لەیەک قوتابخانەدا ئەیانخوێند ، هەرلەو ساڵانەوە وەک هاوڕێی خوێندنگە ، لەگەڵ ڕیبازدا ، بەخوێندنەوەی بابەتی نیشتمانی ودیوانی شاعیرانی کورد وشـێعری دڵـداری وئـەدەبـەوە ، لـەگـەڵ بـەدوادا چـوونی زانیـاری ومێـژوودا خەریکبـوون. زۆر جار بەیارمەتی وئاڕاستـەو ئامۆژگـاری مامۆسـتا بـەڕێـزەکانیـان بـوو ، هـەردەم ئاڕاستـەیـان ئەکـردن بـۆ خەبـات و نیـشتمان پەروەری ودڵـسۆزی ودڵپـاکی وکـاری خزمەتگوزاری گشتی وڕیزگرتن لەهەموو.

دەمێک بوو ڕیباز ، ڕۆشنای خۆشەویستی کردبووە هاوڕێ وهاودەم وهاویاری ، وێنەو یادەوەریەکانی وزەردە خەنەی سەر لێوی ونیگای جوان وشیرینی ، قسە خۆشەکانی هەردەم لەدڵ ودەرونیدا جۆشی ئەخوارد ، ئەبووە تەسللاو خۆشێەک و ، فێنکی ئەدا بەدڵ وگیانی . زۆر جار دیوانی شیعری ئـەهێنـا لـەگـەڵ پارچـە هۆنراوێـک کـەبـۆن وبەرامەی دڵداری وئەڤینی ڕاستی وپاکیانی لێئەهات ، تابەو چێژەوە دڵی هەردوکیان زیاتر بەیەکتریەوە وابەستەببن ، زۆر لە ( شیعرەکان واتەیان ) لەحەزو ئارەزو مانای خۆشەویستی هەردولایان ئەچوو . دواجار لەفرسەتێکدا ڕێباز هـەمـوو هـەسـت ڕازی دەرونی ودڵی وعەشقی بێوێنەی بۆ ڕۆشنا دەربڕیبوو ، ئاشکرای کردبوو ، پەیمـانی خۆشەویستی هەتا هەتاییان بـەیـەکتـر دابـوو . بەهـۆی ئەوسـۆزە دەرونیـەوە وئـەو خۆشیەی کە لەدڵیابوو ، بەردەوام بـەدەم ڕێگـاوە شـیعرو گـۆرانی ئەوت ودوبـارەی

ئەکردەوە وئەیوتەوە :گیانەکەم ، یارەکەم ، دڵدارەکەم ، خۆشەویستەکەم ، ئارامی گیانم ودڵ وهەناوم ، بۆ تۆ ئۆقرەم لێبڕاوە ، خۆراک خەوم نەماوە، تۆ بوویتە ، خۆراک وخەوم ، لەگەڵ هەر ترپەو ولێدانێکی دڵمدا هەموو یادەوەریەکانت دێنێتەوە بەرچاوم ، وێنەی بەژن وباڵاجوانە ڕەنگینەکەت بەبەرجەستەیی ئەبینم . چی هەستێکی پەنهانیە ئەم بزوێنێت ، هیزی لێبڕیوم ، توانام بەسەریدا ناشکێت ، تەزویەکی نادیاری کاریگەرە کەدڵمی پێکاوە ، لەگەڵ هەرلێدانێکدا ناوی ڕۆشنا لە مێشکمدا دوبارە ئەبێتەوە ، بێئەوەی ئاگام لەخۆمبێت زمانم هەردەم ئەیڵێت وئەیڵێتەوە : ئای چەندەم خۆش ئەوێی ، هەرتۆی گیان وبوونمی ، ئەتۆ ڕوناکی ژینمی ، هەموو ژیانم بەتۆوە بەندە ونازانم چێمەو، بۆ واملێهاتوە ، بۆچی دڵداری وا لە لاو پیاو مرۆڤ ئەکات ؟ ساڵانی پێشو من قەت بەو شێوەیە نەبووم ، چی گۆڕانێکەو خۆشیەکەو سەرسامیەکە ، ولەهەمان کاتدا ئازارێکیشە هەموو گیانمی پێکاوە ، لەگەڵ ئەوەشدا خۆم بە بەختیارترین کەس لەم جیهانەدا ئەزانم و ئەبینمەوە ، کەتۆم هەیت هەموو دنیا وخۆشیەکانی ، هی منن ، هەموو بەدەممەوە پێئەکەنن ، تۆ تاکە خۆشەویستی منیت ، هیچ خۆشێەک وتاسەیەک وئارامیەکی ژیان وژوان لەدنیادا ناگاتە ئاستی خۆشەویستیمان !!. پەیمانی هەتاهەتاییمان بەیەک داوە ، کە هەرگیزاو هەرگیز ، تەنها خۆشەویست ودڵداری یەکتر بین ، هێز نیەلەیەکمان بکات ، مەگەر مردن نەبێت.

ڕیباز لەماڵی مامی بوو لەسلێمانی ئەیخوێند ، ،چەند ڕۆژێک پێش ئەنفال کردنیان بۆ دواجار ڕۆشنای بینیبوو ، باوکی بەزۆر ناردبوویەوە بۆسلێمانی ، بۆ ئەوەی لەئاوایی بەدور بێت ، لەناوچەکە دوربکەوێتەوە تا وتوشی ئەو نەهامەتیە ترسناکەنەبێت و پارێزراوبێت.

## خەمناکی

لەگەل دەسپێکی هێرشی تاوانکاری و کۆمەڵکوژی ئەنفال خەڵکی ئاویی وڕۆشنای دەستگیرانی وباوکی ودایکی وبراکەی و خزم وکەس وکاریان هەموو ئەنفالکران ونبوون بەهیچ شێوەیەک هەواڵیان نەماو نەبیسترا ، کەس نەیئەزانی بۆکوێ بران وچیّان لێکراو چیّان بەسەرداهات ؟.خەفەت ومەراقێکی بێوێنەو نائومێدی خەمۆکی بیروهەست میشکی ڕێبازی داگرتبوو ، دەمێک بۆ هەموو کەس وکاری وهاو نیشتمانی ، جارێکیش بەتایبەت بۆتاکە خۆشەویست ودڵەکەی ، کەیادەوریەکانی لەدڵ ودەرون ومێشکیدا خولی ئەخوارد لەدڵیدا پۆنگی خواردبووەوە ، ژیانی لێتاڵکردبوو ، خەو وخۆراکی نەمابوو ، هەردەم لە خەیاڵیدابوو .سات بەساتیش بەدوای هەواڵی ڕۆشناو باوکی ودایکی وهەموو ئەندامانی خزمان ودانیشتوانی ئاواییەکەوەبوو ، دوایی بیستبووی کە ئاواییەکەیان ، بەتۆپ وفڕۆکە بۆردومان کرابوو وهێزی لەشکری پەلاماری ناوچەکەو ئاواییەکەیان دابوو ، هەموو لە ناو دۆڵێکدا گەمارۆ درابوون ، ڕێگەی هات وچۆو ڕزگاربوونیان لێبڕابوو . دوایی لەخەڵکی ئاوایی وئەوانەی مابوون بیستبوویان ،کەس لەوناوەدا نەمابوون هەموو ئەنفالکران ، نەیئەزانی بۆکوێ بران چیان بەسەرداهات ؟. دەربارەیان هیچ زانیارییەکی لە لا نیە وسۆراخیان نیە .

لەدوای ئەوهەموو کارەسات وناهەمواریە ، بەتایبەت کەبیستی زۆرترینی ئەنفالکراوان تیرۆر ئەکرێن قەڵەمی ئەژنۆی شکابوو ، ڕۆژانە وەک شێت ئەسوڕایەوە ئاگای لەخۆی نەمابوو قسەی هەلەق مەلەقی ئەکرد ، هەرناوی ڕۆشنای لەسەر زمانبوو ، تارماییەک وپەردەیەکی ڕەشی ناخۆشی وبێئارامی خۆی کێشابوو بەسەر دڵ ودەرون ومێشکیدا ، خەم خەفەت دایگرتبوو ، بەردەوام لەبەر خۆیەوە قسەی ئەکردو ئەیبزرکاند، تێکچووبوو ، هەردەم ناوی ڕۆشنای لەسەر زمانبوو ئەیوتەوە.

دوای ماوەیەک هەواڵی ناوچەکەی پێگەیشتبوو ، لەڕێی ئەوکەسانەوە کەزووتر ڕایانکردبوو ، خۆیان لەوناوە دورخستبووەوە، هاتبوونە ناوشارەوە، هەروەها لەڕێی هەندێک لەوجاشانەوە کە لەو ناوچانەدابوون ، کە لەگەڵ هێزە سەربازیەکەدابوون لەهێرشەکاندا هاوبەش بوون ، زانیبوی کە دانیشتوانی ئاوایی بەرەو گەرمیان چووبوون

هێزی لەشکری عەرەب بەچری ئەوناوەیان تەنیبوو ، بەرنگاریان بووبوونەوە گەمارۆیان دابـوون ، دەوریـان گرتبـوون ، ئەوخەڵـکە بـواری خـۆ ڕزگارکردنیـان نەمـابوو . لەشکری عەرەب بەهەموو تفاقی جەنگی ، لەفرۆکـەو هیلیۆکۆپتـەرو تـۆپ وتانـک ، بەهەموو هۆی کوشتن وکاولکاری نوێوە، هاتبوونە گیانی خەڵکی بێتاونی ناوچەکـە، کەوتبوونە وێزەی ژن ومنداڵ ولاو وپیر، بەلێدان و تێهەڵدان وتەقەکردن ، هەموویان کۆکردبووەوە ، دەستیانکردبوو بەبڕینی گیرفان ودەست بەسـەراگرتنـی هـەمووماڵ ونەختینەکانیان ودەستدرێژی بۆ سـەریـان . مـاوەیـەک ، بـەبرسـێتی وتینویـەتـی و لەبەرسەرما مابوونەوە ، بەدەم شەق تێهەڵدانەوە لەودەشتەدا ئەو خەڵکەیان گیردابوو گڵدابووەوە هێشتبویاننەوە ، بەو شێوەیە هەموو دانیشتوانی ناوچەکەیان ئەنفالکردبوو ، دوایی ژن ومنداڵیان جیاکردبووە ، دوایی هەموو بەزیلـی عـەسـکەری برابـوون بـۆ شوێنێ نادیار بەمەبەستی کوشتنی بەکۆمەڵ وجینۆساید کردنیـان ، ودابـەشـکردنی بەشێک لەژن ومنداڵەکان لە نێوان خۆیاندا .

بەپێی ئایەتێکی قورئانی بەناوی الانفالەوە ئەم تاوانانە ئەنجـامئەدران ، کە هەمـوو کوردیان بەکـافر دابـووە قەڵەم . بەپێـی ئەو ئـایەتە وەک خـوا فەرمـویەتی ، مانـا کوردیەکەی وابوو : ( هەرچیتان هەیە لە هۆی شەڕ بەکاری بهێنن ، دەست مەگێڕنەوە تا دوژمنانی خوداو ئێوە بترسـێنن بەزەییتـان پیایانـدا نەیەتەوە ، هەرچیـان هەیە بۆخۆتان بەتالانی ببیەن وپێتان حەڵاڵە) بەپێی ئەم ئایەتە ، هەرچی ژن ومنداڵ وماڵ وخانوو کێڵگەو هەموو پێویستی ژیانی کـافران ، کەهەیـانە ئەبێـتە دەستکەوت بـۆ موسـوڵمانان ، وەک دەسـتکەوتێک لەنێـو خۆیانـدا ئەتـوانن دابەشـیبکەن. دوای ئەمە کەس نەی زانی چیان بەسەردا هاتوە، وچیان لێکراوە ؟، دڵی ڕێباز بەهیچ لەو باس و خەبەرانە، ئاوی نەئەخواردەوە .دوایی هەواڵ گەیشتبوو دواجار براون بۆ تۆپزئاوا بەمەبەستی دابەشکردن وجیاکردنەوەیان، دوایی لەڕێی ئەوژنانەی بۆ هەندێک مەبەسـتی نەخۆشـی کە ئەبـرانە دەروە، زانیبوویـان هـەنـدیکیان بـراون بـۆ قـەڵا سەربازیەکەی دوبز، دوایی زانیبووی ڕۆشناو ژنان ومنداڵانی ئاوایی وهەندێک لە خزمانی لـەقـەڵای دوبـز بـەیـەکـەوە لەوقەڵایەدا بەنـدو تونـدکراون .

دوای ئەوە نەزانراوە ڕۆشنا لەگەڵ کەس وکاری وخەڵکی ئاوایی چی بەسەریاندا هاتوە ، هەموو بۆکوێ براون ؟.زانرابوو کەقەڵای دوبز یەکەم مەڵبەندی جینۆسایدو کارەسات ومەرگ وناهەمووباریان بووە ، لەوێ جێکرابوونەوە بەشبەشکرابوون ، بەشێکی زۆریان بەمەبەستی تیرۆرکردنیان لەوێ نەمابوون برابوون بۆ شوێنی نادیار . دوایی لە قەڵای دوبز لەڕیی ئەو کەس وژنانەی کەنەخۆش بوون ولەخەستەخانەی منداڵدا بوون کەوتبوون ، ئەوەی فریاکەوتبوون گێڕابوویانەوە ، بەوهۆیەوە سۆراغی ڕۆشنای کردبوو .ڕێباز زانیبووی هەر لەتۆپزئاواوە، ئەفسەرێکی پلەدار دێتەناو قاوشی بەشی ژنان ومندالآنەوە ، بەناویاندا ئەگەڕێ ، ڕۆشنا دەستنیشان ئەکات ، لەگەڵ کچێکی دەستە خۆشکی خەڵکی ئاواییەکەیان، ناوی هەردوکیان ئەنووسن ودەستنیشانیان ئەکەن. بۆ بەیانی دووەم هەموو بۆ قەڵاکەی دوبز ئەبرێن. لەڕێگادا هەمان ئەفسەر لەگەڵیاندا ئەبێت ، بەردەوام بەسەریانئەکاتەوە ، بۆ بەیانی لەقاوشەکاندا ، بەدوایاندا ئەگەڕێن ، لەگەڵ ئەوەی لەناو ژنەکاندا خۆیان شاردبووە ، هەر ئەیان دۆزنەوە ، عەسکەرەکان پەلاماریان ئەدەن، بەلێدان ودەست وقاچ ڕاکێشان ، بەدەم گریان قیژان وهاوارەو دەم وچاو وقژ ڕنینەوە ، هەردو کیان بەڕاکێشان ئەبەنە دەروە ، دوای ئەوە کەس نەیزانیوە بۆ کوێ براون ، چیان لێکراوە و چیان بەسەردا هاتوە ، سۆراخیان نیە ؟. ئەم هەواڵە یەکجاری قەڵەمی ئەژنۆی ڕێبازی شکاندبوو شپرزەی کردبوو شێتگیربوو ئاگای لەخۆی نەمابوو توانای بەسەر خۆیدانەبوو. لەو ڕۆژەوەی ڕێباز کەلەسلێمانی بوو هەواڵی ئەنفالکردنی کەس وکارو دانیشتوانی ناو دێ وهاو نیشتمانیانی ودەستگیرانەکەی بیستبوو . ئارامی لێبڕابوو ، وەک شێتی لێهاتبوو ،وێڵ وسەرگەردان ئەسوڕایەوە، ماتەمینی وخەفەت وخەمگینی دایگرتبوو ، توانای بەسەر دڵ ودەرونی خۆیدانەمابوو، توشی خەمۆکی بێوێنەبوو ، بۆدایکی بگری یان بۆ باوکی وخزمان وکەس وکاری یان بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی ، کە بەو دەردە ئەبرێن ، یان بۆ ڕۆشنای خۆشەویستی ، چۆن وابەئاسانی ولەپڕ لەدەستی چوون ، تووشی بەڵایەکی ناگەهان وداوێکەوە بوون ، وازوو لەبەر چاوی ونبوون ، بڕوای وابوو کە جارێکیتر چاوی پێیان ناکەوێتەوە، ڕێباز توانای بەسەر خۆیدا نەمابوو ، وەک وێڵ

سەرگەردان ئەسوڕایەوە، ئاگای لە خوێندن وقوتابخانە نەمابوو ، هەردەم لە بەرخۆیەوە قسەی ئەکردو شێعری ئەوەتەوە ئەیبزڕکاند . بەردەوام ئـەیوتـەوە ، ئـەبێـت چێـان بەسەردا هاتبێت ، چەندیان کوژرابن ، لەکوێ لاشەکانیان فڕێدرابێت کـەوتبێـت ؟. هەردەم لە بەرخۆیەوە دوبارەی ئەکردەوە :دڵدارەکەم خۆشەویستەکـەم ئـەستێرە گەشەکەی ئاسمانەکەم ، هیواو ئاواتم هەموو ژیانم ، هێزی ئەژنۆم و ڕوناکی چاوم ، چیت بەسەرداهات بۆکوێ برایت ؟. چۆن وازو لەبەرچاوم ون بوویت ، خوا چۆن ئەم زوڵمە قبوڵ ئەکات !!.

ڕێباز لەپۆلی قوتابخانەدا کە بەلەش ئامادەبوو ، ڕۆحیانەتی لـەگـەڵ ڕۆشـنادابوو ، کەبەئاسمانی بەرزو بەریندا چاوی ئەگێڕا تێکەڵ بەتارمایی وێنەی خەیاڵی ڕۆشنا ئەبوو ، هـەردەم وێنـەکـەی دەرئـەهێنـاو ئـەکـەوتـە گفتـاروژوان لـەگـەڵـی . مامۆستاکان هەستیان بەو گۆڕانە وتێکچوونەی کردبوو ، ئـەیـانزانی هـۆی خـەفـەت وزامەکانی چیە ؟ . هەردەم بەئاگایان ئەهێنایەوە ، دڵخۆشیان ئەدایەوە ، بەچاوێکی ڕێـزو تێگـەیـشتنەوە لـە بـارەکـەی وژیـانی ورد ئـەبوونـەوە . ئەیانزانی کە لەپێش ئەنفال کردنی کەس وکاریاندا وانەبوو تێک نەچووبوو ،چست وچالاک ورێابووە. مامۆستاکان خوێندکارەکانیان ڕاسپاردبوو ، کەئاگایـان لێبێـت وهاوکـارو یارمـەتیـدەری بـن ودڵیبـدەنـەوە ڕێـزی لێبگـرن . لەوماوەیەدا ڕێباز هەردەم وەک ئاوارەو گێژو سەوداسـەر ، ئـەسوڕایەوە کۆمـەڵێـک پەڕاوی بەدەستەوەبـوو ، کە زۆریـان دیـوانی ئـەو شـاعیرانە بـوون ، کـەلەسـاڵانی ڕابووردودا لەگەڵ ڕۆشنادا هەردەم بەیەککەوە ئەیان خوێنـدەوە ، هـەوێنـی دڵـداری وخۆشەویستیان بوون ، هەست وژوانی دڵداریان لێهەڵئەهێنجا ، زۆر جار ڕێباز بەدەم گەڕان وڕۆیشتن وهات وچۆیەوە ، وەک فەقێی مزگـەوتـەکـان ئـەم پارچـە شـێعرەی بەسۆزو ئاوازو گۆرانیەوە ئەوتەوە و دوبارەی ئەکردەوە و هەردەم لەسەر زمانیبوو :

بڵێن بەیار یاری نازدار سەد هەزار جار خۆزگەم بەپار
خۆزگەم بەساڵی رابوردو عومری کورتی دڵداریم بوو

لەپر هات و لەناكاو چوو پڕ بەدنیای ئارەزوو
بڵین بەیار یاری نازدار سەد هەازر جار خۆزگەم بەپار
خۆزگەم بەپار خۆزگەم بەپار

هەر جارە لەبەر خۆیەوە دوبارەی ئەكردەو ئەیوتەوە : بەڕاستی لەپڕهات ولەناكاو چوو !! لەكیسم چوو ون بوو ! ، وەک باڵندەیەک دای لە شەقەی باڵ ولێم دوركەوتەوە ، نەخێر نەخێر وانەبوو ، بەڵكو داڵە كەر خۆرەكانبوون پەلاماریان داو دەنوكی تاوانیان لێتوندكردو گەستیان لەگەڵ خۆیان بردیان ، ئەبێت بەدەنووكی تاوانیان ، چیان لێكردبێت ؟. دەک دەستی شكاوم ، ئەبێ ئێستا لەكوێ بێت . ئەبێت چۆن بێت ، تۆبڵێی ئەمرۆ زەلیل وكەساس بناڵێنێت بەدەستی ئەو زاڵمە بیبەزەیی ودڕندانەوە یان مردبێت زینە بەچاڵ كرابێت ئەی چیان لێكردبێت ؟! بڕواناكەم مابێت ؟ . ڕۆشنا گیان هەموو ئێواران وشەوان لەگەڵ ئەستێرە گەشەكەدا گفت وگۆمە، وێنە شێرینەكەیشت ، لەسەردڵمە ، هەرگیز باوەڕناكەم ئەنفالكرابیت . ئەستێرە گەشەكە بەگوێمدا ئەچرپێنێت وڕۆشناییم ئەداتێ وپێم ئەڵێت خەم مەخۆ ڕۆشنا ماوە ، چاوم لێیەتی ، بەڵام كزو لاوازو لەشبەبارو خەفەت بارو بێدەرتانە لەوڵاتی دڕندانە . ڕیباز بەشێوەیەک گۆڕابوو شێووابوو هاوڕێكانی ، لەدەم و قسەو گوفتارو كرداری خوێندنەوەی شێعری بەردەوامیدا هەستیان بەجۆرێک تێكچوون كردبوو. كە بەردەوام بەگۆرانی ولاواندنەوە ودوبارەكردنەوەی شیعردا خۆی خەریک كردبوو. دیاردەی ماتەینی وخەفەت تێكچوون لەدەم چاوی زەردی هەڵبزركاوی ڕێبازدا بەدێئەكرا شەوانە خەوی نەبوو هەردەم بەئاگابوو شیعری ئەوتەوە ودوبارەی ئەكردەوە زۆر جار خۆشی لەوەدابوو پارچەشێعرێكی شاعیران پەیدابكات شەوانی تاریكی وتەنیایی پڕلەخەم وخەفەتی پێبەسەربەرێت : ئەیوتەوە ئەم شەو چێ شەوێكی درێژە ..! درێژتر لە خەمەكانی ناخم وتاریكتر لەرۆژانی تەنیایی و پڕسوێتر لەئازاری دابڕان وسەختی لەدوری ئازیزان !!. تۆ دەزانی لەو دورەوەخەمەكانت پورەیان داوە لەگیانمگوێم لە ترپەی دڵ و هەناسەی بەكوڵ و ئاشنام بەژانە بێكۆتاییەكان و

كـــانی وشـــكی فرمێـــسكەكانت !!مـــن دەزانـــم ئەودەرونەت چ هەورێكـــی پـــڕە نەدەبارێتە سەر قەتماغەی برینەكانمان و
نە ڕەو دەكات بەرەو كوێستاننەلەوێ دەڕژێتە خوارێ و نەلە نیشتمانیش دا دەبارێ ....! كەبەئاســمانی شــارەكەما گــوزەرت كــرد ئەوە وەردی پــاییزە تەمەنــێكە و شـــەقار شـــەقار تینـــوتر لە لەڕوبـــارو برســـیتر لە هەژارانـــی شـــار !!
هاوڕێكانی ناویان نابوو ( فەرهادی كێوی بێستون) . بێوچان هۆنراوەی ، بـەبـالآی ڕۆشنادا هەڵئەداو ئەیوتەوە ،هاوڕێ وقوتابیانی پۆلەكەی بەچاوی ڕێـزەوە سـەیریان ئەكرد، هاوكاریان ئەكرد ودڵیانئەدایەوە هاوخەمیبوون ، ڕێباز لەگەڵ ئەوبارە خراپەیدا توانی پلەی ناوەندی ببڕێت .
لەڕۆژی ئەنفالكردنی كەس وكاریانەوە ئەوخەڵكە وێڵبوون بـەدوای هـەواڵـی ئـەنفـال كراواندا . هیچ سۆراخێكیان نەبوو. بەڵام هەر نائومێدو بێهیوا نەبـوون ، ڕێبـاز هەر بەهیوای ڕۆشناو یادەوەریەكانی ئەژیا ، هەردەم وەك خەیاڵێك چەند دێرە شێعرەكەی دوكتۆر ئەمینی لەبەر خۆیوە ئەوتەوە:

كەدوریت لێم ...!
دەبمە پوشی
دەم ڕەشەبا
وەكو ئاسكی
برینداری
نابەلەدی
تونی بابا
هیندە گەڕام
بەدوای تۆدا
هاكا دڵم
لەترپەكەوت .

# بەشی شەشەم

## ڕۆشنا و ڕاسپاردەکەی

ژن وپیاوەکە ومندآڵەکەو سەربازەکەی ، عیادەی دوکتۆرەکەی بەغدا ، کە لەلای دوکتۆرەکە هاتنە دەرەوە وڕۆشنایان دیَ ، ئەوباس وخوازو ڕاسپاردانەیان لیَوەرگرت ، گفت وپەیمانیاندایە ،کەخێرا و تازووە کەس وکاری ڕۆشنا بدوزنەوە ، هەواڵی ڕۆشنا بەکەس وکاری وڕێبازی دەستگیرانی بگەیەنن .

دوای ئەوەی دوعا خوازیان لەڕۆشناکرد . مەینەتی وبەسەرهاتی رۆشنا کاریتێکردن زۆر خەفەتیان خوارد کە هیچیان پێناکرێت ناتوانن لەوە زیاتر هاوکاریبکەن ودەستیبگرن ، وبتوانن یارمەتی کاتیبدەن . ئەوەی لەم کاتەدا ئەتوانن بۆییکەن ، باشترینیان ئەوەیە کە بەزوویی هەواڵی ڕۆشنا بەکەس وکاری بگەیەنن.بۆ بەیانی زوو لەبەغدادەوە بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتن ، لەڕیگادا هەر لەخەمی ڕۆشنادابوون . لەتاوتویی ئەوەدابوون لەگەڵ گەیشتنیاندا ، زۆبەزو هەواڵی ڕۆشنا بەکەس وکاری وڕیباز بگەیەنن . مژدەی سلامەتی ڕۆشنایان بدەنیَ . لەگەڵ گەیشتنیاندا دوای ماوەیەکی کەم حەسانەوە ، هەر خێرا ئەو ڕۆژە لەمآل دەرچوون ، کەوتنە گەڕان وهەواڵ پرسین وسۆراخ ودۆزینەوەی کەس وکاری ڕۆشنا ، لە دوای گەڕانێکی زۆر ماڵی مامی ڕێبازیان لەسەرشەقام دۆزیەوە ، مژدەی سەلامەتی ولەشساغی وسۆراغی ڕۆشنایان پێگەیاندن ، ئەدرەس وشوێن وڕێگەیان بۆ ڕونکردنەوە ، هەرچی ڕاسپارەدەو نیشانەی ناسینەوەی ڕۆشنا هەبوو ، هەموویان گەیاندە ماڵی مامی ڕێباز ، لەگەڵ ئەدەرس وئەوشوێنەو ئەوماڵەی کەڕۆشنای تیابەندکراوە لەگەڵ کۆلان وناوچەکەیان بەوردی بۆیان ڕونکردنەوە وەک نەخشەیەک دەستنیشانیان کرد وتێیان گەیاندن .

بەوهەواڵ ومژدەیە مآلی مامی ڕیباز لەخۆشیاندا ، نیمچە شاییەکیان سازکرد ، سوپاسی بێپایانی ئەو خێزانەیانکرد کە ئەو هەواڵ ومژدەیەیان پێگەیاندون ، دوای ماوەیەک دوعاخوازیان لە ماڵی مامی ڕێباز کرد ، ئەدرەس وڕێگەو شوێن وژمارەی تەلەفۆنی خۆیان لەلایان دانا ، وتیان لە بەرئەوەی هیلاک وماندوی ڕێگەین و ناساغین ناتوانین لەوە زیاتر بمێنینەوە ، هەر پەیوەندیمان لەگەڵتانا ئەبێت . ویستیان ڕیبازیش ببینن ، ئەو لەماڵ نەبوو لەدەرەوەبوو هێشتا نەهاتبووە وە.

کات درەنگبوو ، وتیان کەهاتەوە بابێت بۆماڵمان ، هەرچی زانیاریەکی ئەوێت دەربارەی رۆشنا ولەلامانە وهەیە، ئەگەر ویستی بیزانێت ، هەمووی بۆ ڕونئەکەینەوە ، ڕاسپاردەکانی وەک خۆی پێئەگیەنین. خواحافیزیان کرد بەروماڵی خۆیان بوونەوە. دەمەو ئێوارەبوو دیان ڕیباز بەرەو مآل دێتەوە ، منداڵان لەگەڵ مامی بەپیریەوە چوون ، مژدە وهەواڵ و سۆراغی ڕۆشنایان پێگەیاند ، وتیان ئەمڕۆ خیزانێک لەبەغدادەوە گەڕاونەتەوە ، بەخێرایی هاتون بۆ ماڵمان وتیان ڕۆشنامان دیوەو سەلامەتە ، هەربەخێرایی هاتبوون ، تا مژدەی سەلامەتی وهەواڵی ڕۆشنا بگەیەنن پێمان ، وتیان ڕۆشنا ، لەماڵێکدا لەبەغداد بەندکراوە ، دەرگای لەسەرداخراوە وتوانای دەربازبوونی نیە .وتیان ڕۆشنا زۆر پەرۆش وپەرێشانە وبەتاسەوەیە بۆ هەواڵی ماڵی باکی وخزمان وئاوایی، ئەیەوێت بزانێت چیان بەسەرداهاتوە ، بەڵام خۆی سەلامەتە . بەبیستنی ئەم هەواڵەو ومژدە خۆشە، ڕێباز لەشوێنی خۆی ڕاپەڕی خورپەیەکی خۆشی بەدڵیداهات ، بازێکی داو لەخۆشیاندا ئاگای لەخۆی نەما هاوارێکی کرد ، بەرەو ناوماڵ ڕایکرد ، بەدەم ڕاکردن وهاوار وپرسیارەوە دوبارەی ئەکردەوە کوان کوان ! لەکوێن ئەوانەی ئەم هەواڵەیان هێناوە؟. بابچم خێرا بیانبینم .! کەبەڕاکردن خێرا بەرەو ژورەوە چوو ئامۆژنی بینی ، داوای لێکرد هەواڵەکەی بۆبگێرێتەوە باشتر بۆی ڕونبکاتەوە.

بەشپرزەییەوە لەئامۆژنی پرسی : کوا کوا ، ئەوانەی کە هەواڵی ڕۆشنایان هێناوە ولەکوێن ؟.خێراپێم بڵێن باڕاکەم خێرا بیاندۆزمەوە.ئامۆژنی وتی: ئەوخێزانە ماوەیەک لە مەوپێش لێرەبوون چاوەڕوانی هاتنەوەی تۆبوون ، ئەو خێزانەی کەهەواڵی ڕۆشنایان هێناوە ، دوێنێ لەبەغداد بوون ئەمڕۆ گەڕاونەتەوە ، لەوێ لەعیادەی دوکتۆرێکدا ڕۆشنایان دیوە ، ڕۆشنا کە زانیویەتی کوردن ، هاواری بۆ هێناون ودامێنیان بووە کە کەس وکاری وڕێباز لەسلێمانی بدۆزنەوە ، هەواڵی ڕۆشنایان پێبگەیەنن . ڕاسپاردەی زۆریان پێبوو ، هەموویان باسکرد ، بەوردی هەموو قسەو ڕاسپاردەکانمان لێوەرگرتن حەزیان ئەکرد تۆش ببێنن.لەبەر هیلاکی کە ئەمڕۆ لە بەغدادەوە هاتونەتەوە وژنەکە نەخۆشە ، نەیانتوانی زیاتر بمێننەوە. دوعاخوازیان کردو ، وتیان

سەرتان لێئەدەینەوە ، یان با ڕیباز بێت سەردانمان بکات ، وتیان ماڵمان لەگەڕەکی سـەرشـەقامـە ئـەمـەش ئـەدرەسـەکـەمـانە ، کە بەنووسـراوی دایـانە دەسـتم. ڕێباز زانیاری وهەواڵی سەلامەتی و هەموو ڕاسپاردەکانی ڕۆشـنای وەرگـرت لـەگـەڵ ئەدرەسی ماڵەکە .ڕێباز وتی : ناتوانم هەتا بەیانی چاوەڕوانی بینینیان بکەم ، ئیستا ئەچم بۆماڵەکەیان ئەیاندۆزمەوە ، حەز ئەکەم لەدەمی ئەوانەوە ، سـۆراخ وهەواڵـی ڕۆشنا وزانیاری زیاتر دەربارەیەوە وەربگرم .بەگوڕێک ودڵێکی پڕ لەهیواو خۆشیێەوە بەدەم وچاوێکی ڕونەوە ، بەخێرایی وبەپەلە چووە دەرەوە بەرەو ماڵەکە ڕۆیشت تازوە بیاندۆزێتەوە ، کەماڵەکەیانی دۆزیەوە ، باوەشی بەپیاوەکەدا کردو کەوتە پرسیار ، ژن وپیاوەکە هەموو هەواڵ وباس وخوازو سۆڕاخ وڕاسپاردەکانی ڕۆشنایان بەدروستی و بەوردی بۆگێڕایەوە .

بۆ ناسینەوەی زیاتری ڕۆشنا باسی ئەستێرەکەو مانگ و وێنەکەی سەردڵی ڕیبازیان بۆگێرایەوە . بۆ دڵنیایی زیاتر باسی ڕۆشنایانکرد کە کچێکی بالآبەرز وسپی پێست وقژ زەرد بوو ، جلی ڕەشی لە بەردابوو . وتیان : ڕۆشنا لەو ماوە کەمەدا لەعیادەی دوکتۆرە کە ، ئەوەی فریاکەوت وتوانی بەدەم نیوەگریانەوە وهەنسکی نائومیدیەوە ، باسـی کارەسـات ودامـاوی ومەینەتـی خـۆی بەپەلەو بەکـورتی گێڕایەوەبۆمـان . ژنو پیاوەکە وتیان : وەک بۆمان گێرایتەوە هەندێک نیشانەی بـەینـی هـەردوکتـانی باسکرد ، کەهۆی ناسینەوەی یەکتربوو ،بەدرێژایی ژیانی ڕابووردوو ڕووداوەکان ئەوەی لەبیرتانە وژیانی ناودێ وخوێندنگە کەبەیەکەوە بوون ، ڕۆشنا هەمووی بۆ گێڕاینەوە (لێرەدا مەبەست ڕەوێنەوەی هەرگومانێک بوو کە لەلای ڕێباز هەبێت لە ناسینەوەیدا ). لە ئەنجامدا ڕیباز بڕوای هێنا کە ئەوکەسە ڕۆشنایەو هەموو ڕاسپاردەو نیشانەکانی ڕاستەوە گومانی تیانیە .بۆیانگێڕایەوە وتیان ڕۆشنا : بەدەم هەنسکی ساردو گریانەوە ئەوەندەی فریاکەوت بەکورتی باری ژیانی خۆی بۆ گێراینەوە .

وتی : لەوماوە دورو درێژەی کەئەنفالکراوە ، یەکەم جارە کوردێک ببینێت ولەگەڵیاندا بەکوردی گفت وگۆیەک بکات ، ناخۆشی ومەینەتی وبەسەرهاتی وزەلیلی وداخی دڵی بۆیان هەڵبڕێژێت ، بـەسـەر هـاتی خـۆی بۆیـان باسـبکات ، هـەواڵ وڕێگـەو شـوێن

وناونيشانى خۆى بەجوانى بنێرێت وتيان : ڕۆشنا بەخۆشيەكى بێئەندازەوە زۆر سوپاسى كردين ، هەر دوبارەى ئەكردەوە ئێوە فريشتەن بۆم ڕەخسان ، دەستم دامێنتان لەبيرم مەكەن ، هوالّم بەزوويى بگەيەنن .

زۆر دڵى پێمانكرايەوە وسوێندى داين كەبەزويى هەواڵى بگەيەنين ، زوبەزو بچين بۆلاى كەس وكارى . ڕيباز وتى : ئەمە هاوكارى و يارمەتيەكى بەرچاو وگرنگە بۆمن جێگەى شانازى وسوپاسەو خزمەتێكى گەورەيە بۆمان. ژن وپياوەكە وتيان : ئێمەيش بەهيوابن بەڵكو خوا فرسەتى بدات وفريشتەيک نازڵبكات ، لەم مەينەتى ودەربەدەرى وبێدەرەتانيە رزگاريبكات. ئێمەيش بەفرمانێكى نەتەوەيى خۆمان زانى وئەركى سەر شانمانە ئەنجاميبدەين بۆيە وابە پەرۆشەوە زو بەدەنگتانەوە هاتين . ڕيبازيش سوپاسى بێپايانى كردن ، بەخۆشيەكى بێئەندازەوە ، بەدڵێكى گەشاوەو پڕلە هيواوە ، بەچاوێكى گەش وڕونەوە، بەجێى هێشتن .

تروسكاييەک ووزەيەكى نوێ دەرون وهەناوى پڕكردەوە لەخۆشى ، لەگەڕانەوەيدا بۆماڵەوە هەموو گيانى پێئەكەنى ، هەر لەبيرى ڕۆشنادابوو ، بەڕێگاوە بيرى لەوە ئەكردەوە ڕۆشنا چۆن ببينێت و پێيبگات و جارێكى كە بەبينينى شادبێتەوە . لەرۆژانى دواييدا هەر لەبيرى ئەوەدا بوو : چۆن وبەچى شێوەيەک وڕێگەيەک وهۆيەک وڕێگەيەكەوە ؟، شووێنى بدۆزێتەوە وپلانێک دابنێت بۆ ڕزگاركردنى ، بەچى شێوەيەک بتوانێت ڕۆشناى يارو ياوەرو دڵدارو وهۆى ژيانى وخۆشەويستە ونبووەكەى بدۆزێتەوە ، تا بتوانێت لەو نەهامەتى وناهەموارى ومەينەتى وخەفەت ودورى بەندايەتيەى ڕزگاريبكات جارێكى كە بەيک شادببنەوە.ڕێباز بيرى لەوەكردەوە چۆن بڕوات بۆبەغداد ، سۆراغێ ڕۆشنا بكات بيدۆزێتەوە . بەپێى ناسنامەى بارى شارستانى ، ڕێباز هێشتا بۆخزمەتى سەربازى لە تەجنيدەوە ناوى نەهاتبووە وە ماوەيەكى مابوو ، بەو هۆيەوە ئەگەر سەفەربكات ، تەمەن ڕێگرنابێت لەبەردەميدا وئاساييە ، ئەتوانێت بەدواى هەواڵى ڕۆشنادا بێلێپرسينەوە بۆ بەغداد بڕوات .دواى پرسى زۆرو خۆ ئامادەكردن وڕاوێژكردن بەخزمان وهاوڕێيان خۆى ئامادەكرد ، دواى چەند ڕۆژێک لەگەڵ چەند كەسێكێكى ناسياو ، بەرەو بەغداد كەوتەڕێ ، بۆ ماوەى چەند ڕۆژێک لە بەغداد

مایەوە ، دور لەو شووێنەی ڕۆشنای تیابەندکراوە ، تا وردە وردە شارەزای بەغداد ببێت . ڕۆژێک لەگەڵ ناسیاوێکیدا ، چوو بۆ ئەو گەڕەکەی کە ڕۆشنای خۆشەویستی ، تیابەندکراوە، لەپێشدا چوون بۆمزگەوتەکەی سەلمانی پاک ، دوایی بۆنزیک تاقی کیسرا ، ماوەیەک بەو ناوەدا گەڕان وسوڕانەوە ، دوایی بەرەو ناوچەو گەڕەکی ماڵەکە هاتن ، کەنزیکبوونەوە . لەدورەوە کۆڵانەکەیان بەدیکرد ، دیان بەسەربازو پاسەوان وچەک بەشان ولاو منداڵ بەچرِی تەنرابوو .ڕێباز بۆی ساغبووەوە کەسێکی نامۆ ونەشارەزا ناتوانێت بەوناوەدا گوزەربکات ، کەتووشی ڕاگرتن ولێپرسینەوە ئەبێت ، بەو هۆیانەوە ڕێباز بۆی ساغبووەوە کەناتوانێت بەئاسانی بچێتە ناو کۆڵانەکەوە ، کەوەک داخراو وایە ، لە ماوەی گەڕانیدا بەوناوەدا ، ڕیباز زۆر بەوردی لەکۆڵان وشەقامەکان وردئەبووەوە تا شارەزای نەخشەی ناوچەکە ببێت . لەگەڵ ناسیاوەکانیدا ، توانی شوێنی گردبوونەوەی کرێکاران بدۆزێتەوە ، کە لەمزگەوتە کەوە نزێکبوو ، بۆ ئەوەی بەیانیان لەوێ ئامادەبێت ، بەهیوای ئەوەی کارێک بدۆزێتەوە یان کرێکاریبکات . تالەو ڕێگەیەوە بەوشێوەیە بتوانێت بژێوی ژیانی خۆی ئاسان ودابینبکات ودرێژە بەمانەوەی بدات لە بەغداد ، هەروەها بەوهۆیەوە بتوابێت لەو ناوەدا زیاتر خەکی بناسێت وناسیاوی پەیدابکات وژیانی لەوناوەدا لەناو خەڵکیدا ، ئاسایی وئاسانتر بیت .

## ڕێباز کرێکارە

ڕیباز کە یەکەم جار چووە ناوچەکە وگەڕەکە کە هەوڵیدا شوێنی وەستان وکۆبوونەوەی بەیانیانی کرێکاران بدۆزێتەوە ، تا ئەویش بەیانیان زوو لەوێ ئامادەبێت ، کارێک بدۆزێتەوە ویان کرێکاریبکات ، ماوەیەک بەکرێکاریەوە خەریکبوو ، هەندێک پارەی پەیداکرد وخەڵکی ناسی وزیاتر شارەزای ناوچەکە بوو ، دوای ماوەیەک لەنانەوا خانەیەکدا بووبەشاگرد ، کەلەشوێنێکی نزیک ناوچەکەبوو ، وردە وردە زیاتر شارەزای ناوچەکەبوو خەڵکی ناسیان ، بەوهۆیەوە ئەیتوانی ڕۆژانی پشو بەسەربەستی وبێترس ، زیاتر بەوناوەدا بسوڕێتەوە بەتایبەت بەدەوری مزگەوتەکەی سەلمانی پاکدا ، کەهەردەم خەڵکی بەزۆری ڕویان تێئەکرد قەرەباڵغبوو. وەک شاگردی نانەواخانەکە لەو ناوەدا و لەناو خەڵکیدا ناسرا ، لەگەڵ شاگردەکانی تردا ماڵەکەی دۆزیەوە ، کەچەند جار لەگەڵیاندا بەلای ونزیک ماڵەکەدا تێئەپەڕی ، ماڵەکەی ئەدی هەردەم دەرگاکەی داخرابوو ، کۆمەڵێک چەک بەشان لەبەر دەرگاکەدا ڕاوەستابوون .کۆڵانەکەیش بەهەمان شێوە بەسەربازی زۆری چەکبەشان تەنرابوو ، لەگەرانەکانیدا جارێک ڕوشنای بەر هەوێڵ نەئەکەوت .

دوای ماوەیەک بیری هاتە سەر ئەوەی عەرەبانەیەک پەیدابکات ، تا لەدەوری مزگەوتی سەلمانی پاکدا لەسەر عەرەبانەکە وردەواڵەو چەرەس وشۆکۆلاتەو بنێشت وپێویستی وشتی مندالآنە بفرۆشێت . بەوهۆیەوە بەدرێژایی مانەوەی لەبەغداد بتوانێت لەوناوەدا بمێنێتەوە ، بەسەربەستی بسوڕێتەوە وکەس گومانی لێنەکات ، ڕیباز ڕۆژانە خۆی خەریک کردبوو بەشت فرۆشتنەوە زۆرجار بەعەرەبانەکەیەوە لەبەر مزگەوتەکەدا ڕائەوەستا ، بەتایبەت لەڕۆژانی هەینیدا ، هەرچاوە چاوی بوو بەڵکو ئەو خێزانە بێن بۆ زیارەت و ڕۆشنایان لە گەڵدابێت. ئەو خێزانەی کە هەواڵی ڕۆشنایان بۆ هێنابوو ، بۆیان ڕونکردبووە وە کە ڕۆشنا لە گەڵ ئەو خێزانەدا ناوە ناوە بەسەیارە دێن بۆ زیارەتی مزگەوتی سەلمانی پاک ، کە پیرە ژنی ماڵەکە زۆر حەزی بە زیارەتە ، ئەگەر تۆ بەر دەوام لەو ناوەدابێت لەوانەیە ڕۆژێک بۆت هەڵبکەوێت لەکاتی هاتنیاندا ڕۆشنا ببینیت .

ڕێباز بەوهیواو ئومێدەوە ئەوعەرپیانەی پەیداکردبوو ، بەو هۆیەوە لەوناوەدا بسوڕێتەوە بەڵکو فریشتە خۆشەویستەکەی ڕۆژێک بەم ناوەدا گوزەربکات وئەندامانی ماڵەکە لەگەڵ خۆیان بیهێنن بۆ زیارەت ، هەموو هیوای هاتەسەرئەوەی ، ئەگەر بۆساتێک وچاوتروکانێکیش بێت چاوی بەڕۆشنا بکەوێت ، خەم وپەژارەی دوری وخەمی دنیایی وبیرو تاسەی بینینی ڕۆشنا کەمێک لە خەفەت حەسرەت لەدڵیدا بڕەوێنێتەوە ودەربکات ، ساتێک گیانی بحەوێتەوە هەناسەیەکی ئارامی هەڵمژێت .
ماوەیەکی زۆر لەسەرکارەکەی بەوشێوەیە بەردەوامبوو بەرگەیگرت ، هەر لە چاوەڕوانیدابوو ، نائومێد نەبوو ، کۆڵینەدا .
دوای ماوەیەک لەڕۆژێکی هەینیدا کاتێک ڕێباز بەعەرەبانەکەیەوە ، لە بەردەرگای مزگەوتەکەدا ڕاوەستابوو، لەپڕ لاندکرۆزێکی ڕەشی تازەی دی لەنزیکیەوە لەبەردەم مزگەوتەکەدا ڕاوەستا ، دو پاسەوان خێرا لێیدابەزین ، دەرگای پێشەوەیان کردەوە پیرەژنێکی جلڕەش هاتە خوارێ ، دوائ ئەو کچێکی کەڵەگەتی جلڕەش ولەچک بەسەر لەدوایەوە دابەزی ، لەگەڵ دابەزینی کچەکەو هاتنی بۆلای پیرەژنەکە تا یارمەتی بدات ، ڕێباز بەلایەکی چاو ، لایەکی دەم وچاوی کچەکەی بەدیکرد وناسیەوە کەئەوە ڕۆشنای خۆشەویست ودەربەدەرو لارەمل ودامـاو بەندکراوی خۆیەتی .
کەهەموو بەیەکەوە بەرەو دەرگای مزگەوتەکە بەڕێبوون.
کاتێک ڕێباز ئەم خێزانەی دی وڕۆشنای ناسیەوە ، هەموو گیانی هاتە لەرزین ، ئاگای لەخۆی نەما و شپرزەبوو ، توانای بەسەرخۆیدا نەماو بێهێزبوو گیانی هاتە لەرزین ، بەپێوە خۆی نەئەگرت هەردو قاچی ئەلەرزی خەریکبوو بکەوێت ، بەرەو پیریان ڕابکات بکەوێتە هاوار ، دوایی دانی بەخۆیداگرت وهاتەوە سەرخۆ ، زۆر هەوڵیدا کەخۆی ڕابگرێت ، تاهەستی پێنەکرێت ، لەگەڵ ئەوەدا هێزی ئەژنۆی نەمابوو گیانی ئەلەرزی ، خەریکبوو بکەوێت ، بەدسکی عەرەبانەکەوە خۆیگرتەوە . دوای پشودانێک ، خۆی گێل کردو پاڵینا بە عیرەبانەکەوە وردە وردە چووە پێشەوە وبەرەو دەرگای مزگەوتەکە هات ، تا بەبەردەمیاندا تێپەڕێت .ڕۆشنا کە ڕێبازی بەدیکردو بەبەردەمیاندا تێپەڕێ ناسیەوە ، خەریکبوو ببورێتەوە ، ئاگای لەخۆی نەما وڕەنگی تێکچوو

هەڵبزڕکاو وەستا ، بەپێوە خۆی پێڕانەگیرا بەچیچکانەوە دانیشت وبەهەردو دەستی هەردولای دەم وچاوی خۆیگرت ولە شوێنی خۆی بە چێچکانیشەوە خەریکبوو بکەوێت ، جوڵەی نەماو لەسەر ئەرزەکە دانیشت .پێرە ژنەکە کەدی دانیشتوە وتێکچوە ڕەنگی زەردو بزڕکاوە خەریکە ببورێتەوە وتی : بۆ وات لێهاتوە هەڵبزڕکاویت وڕەنگت تێکچووە چی ڕویداوە ؟.

ڕۆشنا دەمی گۆینەئەکرد وەرامی دایەوە: هیچ نیەو ئازارێکی لەپڕ بۆمهات ، تۆزێک گێژبووم ، ئیستاهەموو گیانم ئەیەشێت ئەمبینیت ئەلەرزم ، نازانم بۆچی ؟ . هەردو پاسەوانەکە بەلایەوە وەستابوون ، هەرلێی وردئەبوونەوە ، توانی دانبەخۆیدا بگرێت هەردودەستی بەدەم وچاویەوە گرتبوو تاهەستی پێنەکەن . لەو ساتە لەپڕە هەڵکەوتوەدا ، تاهەستیان پێنەکرێت کارێکی چاک و وریایانەیان ئەنجامدا ، ڕێبازو ڕۆشنا بەوریاییەوە دانیان بەخۆیاندا گرت . ڕۆشنا کەهاتەوە هۆش خۆی ، هەناسەیەکی هەڵکێشاو لەگەڵ هەوڵی هەڵسانیدا بەلایەکی چاو سەیرێکی ڕێبازی کرد ، کەئەویش ئاگای لەخۆی نەمابوو ، بەڵام خۆی گێلکردبوو ، توانیبووی خۆی ڕابگرێت ، ڕیباز بە پاڵنانی عەرەبانەکەوە خۆی خەریک کردبوو ، بەتیلەی چاوسەیرێکی ڕۆشنایکرد ، لەوکاتەدا هەر یەکەیان ئەوەندەیان لەبیر بوو ، لەیەک ساتا دەستیان لەسەر دەمیاندا دانا ، کەئاماژەو ئیشارەتێک بوو بۆ هەردوکیان کەباشتر وایە هەریەکەیان وریابن بێدەنگبن دەم دابخەن وهیچ نەڵێن وفزە نەکەن .ڕیباز عەرەبانەکەی خێرا لێیان دورخستەوە لەلایەکەوە وەستا وپشتی تیکردن ، خۆی خەریککرد بەڕێکخستنی شتەکانی سەر عەرەبانەکە .

ڕێباز لەوەپێش نامەیەکی نووسیبوو ئامادەی کردبوو ، باسی ڕوداو ونیاز وخوازی دڵی وپلان و پرۆگرامی ڕزگارکردنی ڕۆشنای هەمووی تیابەیان کردبوو ، کەئەگەر توانی ڕۆشنا ببینێت وبۆی هەڵکەوێت ، نامەکەی بداتێ .

دوای ماوەیەک کە پێرەژنەکەو ڕۆشنا لەزیارەت بوونەوە هاتنەدەرەوە ، رۆشنا دانی بەخۆیداگرتبوو هاتبووە سەرخۆ ، لە بەردەرگای مزگەوتەکەدا ڕۆشنا ڕێبازی بەدیکرد ، بەعەرەبانەکەیەوە وەستاوە، ئەویش هاتبووە سەرخۆ بەشت فرۆشتنەوە خۆی

خەریک کردبوو . ڕۆشنا داوای لەپیرەژنەکە کرد ، کە ڕێگەی بدات بچێت ، هەندێک بنێشت وشت لەسەر ئەو عەرەبانەیە بکڕێت ، داپیرە ڕێگەیداو ، هەندێک پارەی دایە وداوای لێکرد کە بنیشتی بۆبکڕێت .

کاتێک ڕوشنا ڕێگەی پێدرا ، خێرا بەرەو عەرەبانەکە هات ، پشتیکردە ئەوان ولەگەڵ شتکڕێندا کەوتە قسە ، ئەوەندەی فریاکەوت وتی : ڕیبازگیان !! گیانی شـێرینم !! هێزی ئەژنۆم ، هێزو هەناوم ، ژیانم بێتـۆ تـاڵبووە ، بێتـۆ دنیـا لـەلام تـاریکبوو ، بەهیوای تۆوەوە ژیاوم ، خۆم بەژیانەوە بەستبووەوە ، دەنا لەوسەغڵەتیەدا دەمیکبوو خۆم کوشتبوو هەربەهیوای تۆوە بەرگەم گرتوە ، ئەوەمنم جارێکیتر تۆئەبینمەوە ، دڵەکەم خۆشەویستەکەم ، هەرتۆی هەمووژیانم ، چی تۆی گەیاندە ئێرە وبەمن ، چی فریشتەیەک وهێزێکی ئاسمانی بوو ، تۆی بۆمن ڕەخساند ، لەدوای بەندیخانـەو ئەم هەمـــوو مـــەینـــەتیـــەدا جـــارێکی تـــر بتبیـــنمەوە ئـــای چەنـــدە دڵخۆشـــم ؟ .

ڕیباز وەرامی دایەوە وتی : ڕۆشنا گیان ، ڕۆشنایی دنیاو بوون و ژینم ، چاوەکانم ، خۆشەویستەکەم ئێستا هەستئەکەم لەژیاندام وئەژیم ، ژیانم سەر لەنوێ نووسرایەوە ، دڵم خۆشەو وەختە لەخۆشێدا گەشگە بگرم ، هەڵپەڕم ، پڕ بەدەم هاواربکەم ، ئای چەندەم خۆش ئەوێی ، خۆتۆ جەرگ وهـەنـاوی ، هـەرتـۆ ڕونـاکی چـاوی ! بەهـۆی ئەوخێـــزانەوە هەمووزانیاریمـــان وەرگـــرت ،هەبەو پێـــودانەوە مـــن لێـــرەم .

ڕێباز بەدەم قسەکردنەوە نامەکەی پیشاندا ،کە لەلایەکی عەرەبانـەکـەدا دانـابوو ، ڕۆشنا نامەکەی هەڵگرت، خێراخستیە گیرفانیەوە .

ئەم کەین وبەینە وبەیەک گەیشتن ویەکتر بینینە وقسەکردنە ، ساتێکی مێژوویی وپرلە خۆشی بێئەندازەبوو بۆ هەردوکیان کە هەمووگیانی هەردوکیان ئەلەرزی ، شپرزەییان پێوە دیاربوو ، بەزۆرخۆیان پێڕاگیرا ، ڕیباز باسی خۆیکرد وتی : ڕۆشناگیان لەو ڕۆژەوەی تۆم لەبەرچاو نەمایت ونکرایت ، ژیان وخەو وخۆراکم نەمابوو ، ئای ئێستا چەند بەختەوەرو دڵخۆشم ، کەسۆراغی تۆمکردو ، تۆم دۆزیەوەتەوە ، چاوم بەنیگای چاوی جوانت گەشایەوە وکرایەوە ، ئەتۆی هەموو ژیانم وهۆی بەرگەگرتنم ، کەهەردەم گۆرانی وشێعرم بەباڵاتا ئەوت وئەخوێنـدەوە ، تۆیـت تاکـە کـەسـی ڕاگـری ژیـانم ،

بەئومێدی تۆوە ژیاوم ، خۆشەویستەکەم هەرئیستا هەرچی خـەفـەت وئـازاری ژیـانم هەبوو وچێشتم ڕەوینەوە ، تروسکاییەکی پڕ لەهیواو خۆشی لەئاسۆێ ژیانمدا جێگەی گرتەوەو هەڵهات ، ئیستا خۆم بە بەختیارترین کەس ئەزانم کەتۆم لەبەرچاوە ، ژیانم سەرلەنوێ نووسرایەوە .

ڕۆشناگیان من هەردەم لێرەم بەم ناودا بەعەربانەوکـەوە ئـەسـوڕێمەوە ، بـەتایبـەت ڕۆژانی هەینی ، لەبەردەم مزگەوتەکادا ڕائەوەستم ، بەهیوام هەلێکمان بۆ بڕەخسێت ، لەم زێندانەو وڵاتە پڕلە تاوانە ڕزگارتبکەم ، وجارێکیتر لەژێر سێبەری خۆشەویستی وژواندا بحەوێینەوە ، بۆمان هەڵبکەوێت بەم عەرەبانەیە ڕزگارتبکەم ، هەموو ڕیگەو نیازو هەنگاوەکانم ، لەو نامەیەدا بۆت نووسراوە وڕۆنکـراوەتـەوە لەکـاتی گونجـاودا چیبکەین باشەودروستە و چی ڕیگەیەک بگرینەبەر .

دانیشتوانی ماڵەکە بە شیوەیەک بڕوایان پێکردبوو متمانەیان پێیبوو ، هەرجارێک پیرە ژنەکە بەزیارەت بهاتایە بۆمزگەوتەکە ، ڕۆشنای لەگەلدا بوو لە بەرئەوەی کە نەخۆش ولاوازبوو ئەبوو دەستی بگرێت و لەڕێگەوباندا یـارمەتی بـدات . ڕۆشـناش هەرجـارە بەفرسەتی ئەزانی ، داوای لە داپیـرە ئەکـرد کەڕێـگەی بـدات هەنـدێک شـتبکڕێت ، ڕۆشناش بەخێرایی بەناوی شتکڕینەوە ئەهاتەلای بەلایەوە ڕائەوەستاو ، ئەکەوتنە باس وخوازی دڵداری وخۆشەویستی وخۆ ئامادەکردن وئەنجامدانی پلانی ڕزگارکردنی ڕۆشنا ، کە لـــەکـــات وســـاتی گونجـــاودا بۆیـــان هەڵبکەوێـــت جێبەجێـــی بـــکەن.

پیرەژنەکە بەردەوام بەزیارەتی گۆڕی سەڵمـانی پـاک زۆر خۆشـیئەهـات ، زۆر جـار لەڕۆژانی هەینیدا لەگەڵ ڕۆشناو کچەکانـدا ودوپاسـەوانەکەدا ئەهـاتن بۆزیـارەت ، کەبووە کارێکی ئاسایی لەلایان. پیرەژنەکە متمانەوە وبڕوای تەواوی بەڕۆشنا کردبوو ، هۆگرییبوو خۆشـی ئەویـست ڕۆشـناش زۆر بەتەنگیەوە ئاهـات و خزمەتـی ئەکـرد بەتایبەت کە بەبینینی ڕێباز شادبووەوە . ڕۆشناش هـەمـوو جـار ئـەهـات بـۆکڕینی وردەواڵەو شیرینی وبنێشت ، لەلای ڕیبازو دوکانەکانی تری ئەوناوەش شتی ئەکڕی .

ڕێباز ڕۆژێک بەڕۆشنای وت : ئازیزەکەم من ئەم عەرەبانەیەم بە مەبەستی ڕزگارکردنت کڕیومە وئامدەکردوە ، بۆیە خۆم پیوەی خەریک کردوە، تابەوهۆیەوە ڕزگارتبکەم پێی

، خۆم ئامادەکردوە بۆ ڕۆژێکی لەبارو هەڵکەوتوو ، فرسەت بهێنین ،توش ئامادەبە بۆڕۆژی هەڵکەوتنی فرسەتێک ، هەلێک. کەناسنامەو هەموو پێویستی ڕێگەت پێبێت ، هەرکاتێک لەگەڵ پێرەژنەکە دێن بۆ زیارەت ، من لەسوچێکی بەرامبەر مزگەوتەکەدا ڕۆژانە ئەوەستم ، کەهاتیت بۆ شتکڕین ، لەهەڵمەتێکی خێراو دەستوبرد دا ، لەپڕ خۆت بکەیت بەناو بەشی ژێرەوەی عەڕیبانەکەدا ، کە بەباشی لەناویدا جێگەت ئەبێتەوە ، منیش خێرا دەرگاکەی لەسەرت دائەخەم ، خێرا خۆم ئەکەم بەدیوی ئەو دیوی کۆڵانەکەوە خێرا دورئەکەومەوە، کە لەبەرچاو ونئەبین ، بەعەرەبانەکەوە خێرا لەوناوەدا دورئەکەوینەوە . عەبایەکیشم لەناویدا داناوە ، لەکاتی هاتنەدەرەوەدا بیدەیت بەسەرتدا ، دەم وچاوت بشاریتەوە.قەت باوەڕناکەم گومانمان لێبکەن وپلانەکەمان سەرنەگرێت ،پشت بەخوا بەئاسانی دەربازت ئەکەم . گوڵەکەم ئەوەی پێویستە لە سەرت ، خۆت ئامادەبکەیت ، بۆ ئەوڕۆژە چاوەڕوانکراوە وهەموو پێویستیەکانی جێبەجێکردنی بەرنامەکە ئامادەکراوە ، عەباو پێوستی ڕێگەم تیاداناوە ، بۆ ڕێگەش باپێناسەکەت لەگیرفاندابێت ، بۆکاتی لێپرسینەوە وداواکردنی پێناسە پێویستە پێمانبێت ، لەگەڵ هەندێک شتی تایبەتی خۆت پێت بێت ، بائێمە پەلەمان نەبێت ، تا لەباشترین هەڵکەوتنی کاتدا ئەمکارە بەئەنجام بگەیەنین . هەر جارێکیش کە لەگەڵ ئەو خێزانەدا هاتن بۆ زیارەت بائامادە بێت وابزانیت ئەوڕۆژە پلانەکە ئەنجامئەدەین .

## ڕۆژێکی ناوازە

ڕۆژێکی هەینی سەرلەبەیانی بوو ، وەرز بەرەو هاوین ئەچوو ، بەهەمان شێوەی جاران ، ڕۆشنا لەگەڵ داپیرەو هەردو پاسەوانەکە هاتن بۆ زیارەتی سەلمانی پاک ، جاران ئاسایی لەکاتی هاتنە دەرەوەدا ڕۆشنا داوای لەداپیرەکرد ، کەڕێگەی بدات ، هەندێک شتبکڕێت ، پیرەژنەکە بێ سێودو ڕێگەیدا ، کەهیج گومـانی لێینـەبـوو ، ڕای سـپار کەهەندێ شتی بۆبکڕێت . ڕۆشنا خێرا هاتە بەردەم عەرەبانەکە ، کـەلـەسـوچێکی بەرامبەری مزگەوتەکەدا وەستابوو ، لەوشوێنەی کەماوەیەک لەوەپـێش بـەڕۆشـنای وتبـوو ، لێـرەدا ئەوەسـتم ، کەباشـترین شـوێنە بۆئەنجامـدانی کارەکەمـان . هەمـوو جارێـک شـتکڕینی ڕۆشـنا کـارێکی ئاسـایی بـوو ئەوخێـزانە بیریـان لەوە نەکردنـووەوە کـارێکی وای لـێ بووەشـێتەوە گۆمانـاوی بێـت . هەر کەڕەتێک ڕۆشنا کە ئەهاتە بەردەم عەرەبانەکە ، ڕێباز پشتی ئەکـردە پیـرەژن وپاسەوانەکان کەلەدورەوە ، لای ئۆتۆمۆبیلەکەیان ڕاوەستابوون ، ماوەیەک هەردوکیان خۆیان بەشتکڕینەوە خەریکئەکرد ، لەڕاستیدا بەقسەکردنەوە خەریکئەبوون ، زۆر جار باسی ژیان وبـەسـەرهـات وهـەسـت وئـازارو خۆشـەویستیان ئـەکـردو ئەگێـڕایەوە . داخ وگلـەیـی بێـزاری وبـەسـەرهـاتی ناخۆشـی خۆیـان بـۆ یـەکتـری ئـەگێرایـەوە ودوبارەئەکردەوە ، لەوچەند خولەکەدا ، کەبەیەک ئەگەیشتن وفریابکەوتنایە، بەژوان و ئەوینەوە ئەچوونە دنیایەکی خەیاڵاوی وئەفسانەییەوە ، لەوانەبوو بۆساتێک خۆیـان بیربچێتەوە .

هاتنەکەو شتکڕینی ئەمجارەی ڕۆشـنا ، لـەوانـەی پـشوو نـەئـەچـوو ، چـارەنـووس وسەرکەوتنیان بەسترابوو بەچەند خولەکێکەوە ، کەبتوانن ئەو پلانەی کەمـاوەیەکی زۆرە دایانناوەو خۆیان بۆی ئامادەکردوە ئەمڕۆ ئەنجامیبدەن ، کە ئەبێت لەپڕبێت لەوچرکەیەدا بێت ، بەمەرجێک لەوکـاتەدا کەسـێک نەیـان بینێـت شـک نەکـات کە خەریکی کارێکی نەخوازراون ، هەست نەکرێت بەپلان وگومانێک کە لەژێر سەریاندایە .

بەچاو تروکاندنێک ، ڕۆشنا ئەبێت خۆی بکات بەناو عەرەبانەکداو خێرا ڕێباز دەرگاکە لەسەری دابخات وبەخێرایی بێئەوەی کەس بیان بینێت لەوناوە دوربکەوێتـەوە ، تـا

ئەوەی هیواو ئاوات وئامانجی چەند ساڵەیانە لەوچەند چرکەو خولەکەدا خێرا بیهێننەدی . وەک لەوەپێش وتمان ، دوای ئەوەی داپیرە ڕێگای بەڕۆشنادا ، کەبچێت بۆ لای عەرەبانەکە بۆ شتکڕین لەناو سەیارەکەدا دانیشتبوو چاوەڕوانی ڕۆشنابوو بگەڕێتەوە . رۆشنا بەخێرایی گەیشتە لای ڕێباز ، کەلەسوچی کۆڵانەکەی بەرامبەر مزگەوتەکەدا عەرەبانەکەی ڕاگرتبوو ، دەرگای ژێرەوەی عەرەبانەکەی کردبووە وە ، کەڕوی دەرگاکەی لەدیوارەکەبوو ، ڕێباز هەردو چاوی لەسەر پیرەژنەکەو پاسەوانەکان بوو ، کە دڵنیابوو چاویان لە سەر ڕۆشنانیە ، بەچۆنی چاکی وهەواڵ پرسینەوە لەگەڵ ناسیاو وخەڵکیدا هەموویان خەریکن ، بیری ڕۆشنایان نیە ، کۆڵانەکە چۆلە . بەڕۆشنای وت : خێرا وەرە ئەم دیوەوە ، دەرگای عەرەبانەکە کراوەتەوە ، لەچرکەیەکی بێئاگاییدا خێرا خۆت بکە بەناو عەرەبانەکدا .

ئەوەندەی بڵێیت یەک ودو ، ڕۆشنا بەچاو تروکانێک ، خۆیکرد بەناو عەرەبانەکەداو دانیشت ، دەرگاکەی لەسەرخۆی پێوەدا ، ڕێباز خێرا دەرگاکەی لەسەری داخست . عەرەبانەکەی دایە پێشخۆی خێڕا پاڵی پێوەنا تا لەدیوی ئەودیوی کۆڵانەکەدا دیارنەمێنێت . ویستی بەخێرایی لەوناوەدا دوربکەوێتەوە .ئەوەندەی پێنەچوو ، پیرەژنە کەو پاسەوانەکان هەستیانکرد ڕۆشنا دیارنەماوە ، عەرەبانەکەیش لە شوینی خۆی نەماوە ، پاسەوانەکان بۆ سۆراخ ودۆزینەوەی ڕۆشنا لەوناوەدا بڵاوبوونەوە دەستیانکرد بەسوڕانەوە بەدوایدا ، سەربازێکیان لەدورەوە هەواڵی ڕۆشنای لەڕێباز پرسی : وتی ، کچێکت نەدیوە تۆزێک لەمەوپێش لەم ناوەدابوو ؟. ڕێباز بەدەم ڕۆیشتنەوە وەرامیدایەوە وتی : کچی چی نەخێر نازانم تۆچی ئەڵێت ، من کەسم لەم ناوەدا نەدیوە ؟ .پاسەوانەکان بەخێرایی وشپرزەیی بەوناوەدا بڵاوبوونەوە دوای ماوەیەک کەڕۆشنایان بەرهەوێڵ نەکەوت ونەدۆزیەوە ، بۆسۆراغی دەستیانکرد بەگەڕان وبەڕاکردن وپرسیار بەدوایدا ، سەیری ئەملاو ئەولای خۆیان ئەکرد . سەریان لێشێوابوو نەیانئەزانی بۆکوێ بچن بۆکوێ ڕاکەن لەکێ بپرسن ، لەکوێ بۆی بگەڕێن ، ڕو لەکوێیکەن ، شپرزەیی بەدەم و چاویانەوە دیاربوو ، وێڵیبوون نەیان ئەزانی چیبکەن. ڕێبازیش بەخۆشیەکی بێوێنەوە عەرەبانەکەی پێشخۆی دابوو . لەوناوەدا

بەخێرایی دورکەوتەوە .عەرەبانەکەی بردەوە بۆشوێنی ئاسایی جارانی خۆی ، کە شەوانە لێیدائەنا ، کە لەمزگەوتەکەوە دوربوو.هەرلەو شوێتەدا ڕێباز هەناسەیەکی خۆشی هەڵکێشاو وتی بێگومان ڕزگاربووین ئیتر ،جێگەی گومان نین ، هەر لەو شوین وپەناچۆڵەدا ، ڕۆشنا هاتە دەرەوە ، عەباکەیدا بەسەریداو خۆی داپۆشی وئامادەبوون بۆ ڕۆیشتن .هەردوکیان بەیەکەوە بەخێرایی کەوتنەڕێ ولەو ناوە دورکەوتنەوە، هەربەڕێوە تەکسیەکیان بەکرێگرت ، بەرەو نەقڵیاتی سلێمانی وکەرکوک بەڕێبوون .

وەک باسکرا ڕێباز عەبایەکی لای خۆمانی بۆ هێنابوو ، ڕۆشنا پێناسەکەی پێمابوو نەفەوتابوو ، لای خۆی پاراستبووی ، پیشانی کەسی نەدابوو . دانیشتوانی ئەومالەی کەڕۆشنای تیابەند بەندکرابوو ناوی ڕۆشنایان بەباشی نەئەزانی . هەتا خەڵکی ماڵەکەو خێزانی پیرەژنەکە لەبەغداد فریای خۆیانکەوتن ، وێڵی ڕۆشنابوون ، بەچڕی بەدوایدا دەستیانکردبوو بەگەڕان وپرسیار.

ڕیباز وڕۆشنا هەردوکیان فریای نەقڵیاتی بەغداد کەوتبوون بەزوویی سواربوون ، بەرەو کەرکوک وسلێمانی بەڕیبوون ، رۆژی هەینی بوو ، دوای ماوەیەک بەسەلامەتی گەیشتنە کەرکوک .

لە ڕێگەدا هەردوکیان لەخۆشیاندا هەموو گیانیان پێئەکەنی ، لەکەش وهەوایەکی خۆشەویستی وژووانی هەڵکەوتوی نوێی بێوێنەو بێهاوتادابوون ، کەهەردوکیان چەندساڵبوو تامەزرۆی ڕۆژێکی وابوون . ڕیباز بەگوێی ڕۆشنادا بەئەسپایی وهێمنی، ئەیچرپاند ودوبارەی ئەکردەوە ، ڕۆشناگیان ، ئازیزەکەم ، دڵ وهەناوم ، بێتۆ ژیانم چۆنبوو وچۆن ژیام ، چۆن بەرگەمگرت ، چۆن ئارامم گرت ؟. ژیانم بێتۆ تاڵبوو ، خواردنم وەک ژەهری ماربوو ، دنیا لەلام تاریکبوو ، خەفەتی دوری تۆ خەو وخۆراکمبوو ، گیانم وبیرم هەردەم لەلاتبوو .

ئەمڕۆ بەپێچەوانەوە ، هەموو دنیا ئەبینم بەدەممەوە پێئەکەنێت ، ئازیزەکەم کەتۆم دەستکەوتەوە هەموو دنیام دەستکەوتەوە. خۆشەویستەکەم هەموو هیوا وژیانم بەندبوو بەندە بەنیگایەکی چاوە جوانەکانت، بەخەندەی سەرلێوەکانت ، بەبزەو وشەی سەرلێوی ناسکت، وبەڕازی تەنیاییت، من ئەمڕۆ ژیامەوە وئەژیمەوە، ئازیزەکەم

لەوڕۆژەوە کـەلـێم ون بوویـت دوریـان خـستیتەوە ، هـەر بـەهیـوای تـۆوە ژیـام ، یادەوەریەکانت تروسکایی ژیانم بوو ، هەردەم ئەم پارچە شیعرەم بەگۆرانیەوە ئەوت وئەوتەوە کەجاران بەیەکەوە هەڵمان ئەبژاردو ئەمان خوێندەوە وئەمانوتەوە :

| | |
|---|---|
| بلێن بەیار یاری نازدار | سەد هەزار جار خۆزگەم بەپار |
| خۆزگەم بەساڵی ڕابووردو | عومری کورتی دڵداریم بوو |
| لەپڕ هات و لەناکاو چوو | پڕ بە دنیای ئارەزوو |
| بلێن بەیار یاری نازدار . | |

ڕۆشنا لە خۆشیاندا هەموو گیانی پێئەکەنی ، بەبـزەی سـەرلێوی وبـەنـەرمـیەکەوە وبەدەنگێکی کزو بەچپە بەگوێی ڕێبازدا ئەیچرپاند ئەیوت : تۆ لەمن باشتر بوویت ، من لەناوچوار دیوارێکدا بەند کرابووم لەناو کۆمـەڵێـک دڕنـدە وخوانـەناسـدا ژیـام ، بەهیـوای تـۆوە وە بەرگەمگـرت وژیـام ، بەکـوێرەوەری زەلیلـی ژیـانم بەسـەربرد ، بـەوهـەمـوو خراپـەکـاری ومانـای ڕەوشـتنزمی سـاڵانێک دەردو ئـازاریم چێـشت . بـەنـاوی دینـەوە ئـەشـکەنجـەدرام لـەژیـان بێبـەشـکرام ، ئـەنفـالکرام . لەلای کۆمەڵێک بەنـاو موسـوڵمان بەنـدو کـۆت کرابـووم ، ئەو موسـوڵمانە کـافرانە کەهەموو دروشمی ژیانیان وڕەوشتیان پیاوکوشتن وتاڵانی بڕێو حەڵاڵکردنی ژن ومنداڵ وموڵک وماڵی کوردبوو .

کەگوایە دینەکە وڕێگەی پێداون ( خوا لەپشتیانەویەو بەپێی ئایەتی ئەنفال بۆیانی حەڵاڵکردوە ) ، ئەوکافرە دڕندە عەرەبە بەدڕەوشتانە لەوڕۆژانەدا ئەو هەموو تاوانەیان لەنزیک ئاواییەکەمان وناچەکە ئەنجامدا ، ولەڕێگەدا کارو ڕەفتاری بەدو ڕەوشتنزمی ونامرۆڤانەیان لەگەڵماندا کرد .هەرلەو بەندیخانەیەدا لەوماڵەدا پیرەژنی ماڵەکە پێی وتم : ئایەتی ئەنفال لەقورئاندا فەرمودەی خودایەو ، جێبەجێکردنی ڕەوایەو خۆا ئەمری پێمانکردوە ، وتی لەئایەتی ئەنفالدا نووسراوە وئەمرمان پێئەکات ، کافران بەوپێیە بەودەردە بەرین . کەئەمە دەقی مانـاکەیەتی بەکـوردی ئەڵێـت ( پێویـستە لەسـەر

موسوڵمانان هەرچیان لە بەردەستدابێت . لەچەک وهێز ولآخی بەرزە بەکاری بهێنن دژی کافران کەدوژمنی خواو ئێوەن ).لەڕۆژانی ئەنفال کردنماندا ، هەرچی گیانی بەزەیی ورەوشت، هەبوو لەبیروکرداری ئەودڕندە بەشەریادا بەدیٚ نەئەکرا ، کە لەگەڵ هیچ بیرێکی مرۆڤایەتی وفەرمودەو بەهای ئاسمانی ، یاسای مرۆڤایەتی نە ئەگونجا وقبوڵنەئەکرا.کە ئەم بیرو بۆ چوونانەو ڕەفتاروکردارە بەدڕەوشتانەیان ، قابیلی قبوڵنین وخۆ ئێمە کافر نەبووین ، من لەو مەینەتیەدا ژیام . هەرساتێکم مردنێک بوو کارەساتێکبوو ، لەترسدا ئەژیام ، ئەبیٚ چیم لێبکەن ،چیم بەسەر بێت ، لەوژیانە تاڵەدا ورۆژانی پڕلەمەینەتی وکارەسات ومەترسیەدا کاتم بەکولە مەرگی وبەتەنیایی بەسەربرد . لەوتاریکی وتەنیاییە بەردەوامەدا ئەژیام ، بەهیواتانەوە بەرگەمگرت . کەسێکم شکنەئەبرد ، ڕازی دڵمی بۆ هەڵبڕێژم وهەناسەیەکی خۆشی لەگەڵیدا هەڵمژم . بەوزمانە شیرینەی نەتەوەکەم ساتێک بدوێم. کەلە حەوشەکەدا بەتەنیا دائەنیشتم ، ولە ژورەکەمەوە، هەردەم دەرگای دەرەوەم ئەبینی داخرابوو لەئاسمان زیاتر هیچم نەئەدی ، وبیرم لەگەڵ وێنەوە یادەوەریەکانتاندا خەریکبوو . کە چۆلەکەپاساری وکۆترو وباڵندەکانم ئەبینی ، بولبل بەسەرچڵی درەختەکانەوە ئەیانخوێند ئەوپارچە شێعرەم ئەکەوتەوە یاد کەمامۆستای زمانی کوردی کاتی خۆی پێی لە بەرکردبووین وەک :

| | |
|---|---|
| بۆلبوڵ بەنەغمەی دڵ خۆش وخۆشی | گوڵزاری پڕکرد دەنگ و خروشی بانگی |
| کرد خەڵکان سەربەست خولقاوم | لەم باخ و دەشتە ڕوناکە چاوم |

بەردەوام بە تاسەو هەناسەیەکی ساردەوە سەیرم ئەکردن ، چۆن وا بەسەربەستی هەردەم ئەیدەن لە شەقەی باڵ وئەفڕن گەشتی خۆیان ئەکەن ، بۆ هەرکویٚ بیانەوێت ،ئەچن سەربەستن.ئازاد وسەربەست هیچ هێزێک نیە ڕێگەیان لێبگرێت بەندیانبکات ، نەک وەک من لەژێر خانێکدا لارەمل وکەساس ، بێبەش لەژیان دور لە وڵات وکەس وکارو خۆشەویستان بەکولەمەرگی ڕسواییی بەدەستی دوژمنەوە بژیم .

زۆر جار ئەمدی ، چۆلەکەکان لەسەر دارەکان وگوێسوانە وسەربانەکان وناوحەوشەکەدا ئەنیشتنەوە ، جریوەیان ئەهات ، ڕوم تێئەکردن ئەمدوانن : ئەموت وئەموتەوە : ئای ئێوە چەندە سەربەستن ،چەندە دڵخۆشن ، چەند خۆشە سەربەستی ، خۆزگەم بەخۆتان !. ئێوە بەئارەزوی خۆتان ، لەم چڵ بۆ ئەوچڵ لەم لابۆ ئەولا ئەفڕن ، وەک من دیل وخەفەت بارنین ، ئەزانم هەرکاتێک بتانەوێت وئارەزوتان لێبێت ، ئەتوانن بدەن لەشەقەی باڵ بەرەو هەرکوێەک بتانەوێت ئەفڕن .
لەبەرخۆمەوە چۆلەکەیەکم ئەدوان: چۆلەکە نازدارەکە بەتەنها تۆ ئەدوێنم ، توخوا ئەم جارە بەرەو کوردستانی شیرێنم بفڕە ، بۆ وڵاتی خوێنین وکاولکراوم ، لەسەر بانیژەسوتاو وسەربانە تەپیوەکاندا ، لەسەر دارو دارستانە سوتاوەکاندا ، لەنزیک کانیە وشک کراوەکاندا ، لەناو ڕەزە وێرانکراوە بەڕەڵلاکراوی بێخاوەنەکاندا ، لەبەردەرگای خانووی سوتاو وێرانکراو وبێخاوەنە ئەنفال کراوەکاندا ، پڕبەدەم بجریوێنە ، بەجریوە جریوی خۆش وئاوازی شیرێنت ، لە ناو دۆڵ قەدپاڵەکان وپێدەشتە چۆڵکراوەکاندا پڕ بەدەم بچریکێنە وهەواڵی منیان پێبگەیەنە ، هەواڵیانم بۆ بهێنە .
لەگەڵ جریوەدا بە ئەسپایی بچرپێنە بەگوێی ئەوانەی کەماون ولەگەڵ خۆشەویستەکەمدا ، مژدەیان پێبدە ، دڵیان خۆشبکە دڵیان پڕبکەرەوە لەهیوا. پێیان بڵێ : کەئێمە ماوین ، بەڵام لەژێرخانێکی تاریکدا بەندین ، زەلیلین وکزین لاوازو داماوین بێدەرەتانین ، گیرۆدەی دەستی تاوان ونزمی ڕەشتیانین . بەهیوای ئێوەوە شادبوونەوە پێتان خۆمان بەژیانەوە بەستوەتەوە ، لەو ژێرخانە تارێک ونوتەکەدا ، دەنگمان بەخودادا نەبێت ، بەکەسدا ناگات ، بەڵام نازانم بۆچی خودا بەدەنگمانەوە نایەت تۆبڵلی ئێمەی نەوێت ، لایەنگری ئەو تاوانبارو ڕەوشتنزم وبەدڕەفتارو دڕندانە بێت ، ئەوانی لەئێمەزیاتربووێت ، تۆبڵێی ؟. چۆلەکەکانی هاوڕێم توخوا : بائێوە هەواڵ بەرو شایەتبن وهاواکارمبن ! ، چۆلەکەبچکۆلەکەی سەردارەکە ، ئەم جارەش تۆ ئەدوێنم ، هەواڵم راسپاردەم بەنیشتمانەکەم ، بەبراو دایک وباوکم وکەس وکارم بەڕۆڵەکانی نیشتمانم ، بەتاکە ڕیبازەکەم بگەیەنە !.ئەم هەواڵ وسۆراخەم بگەیەنەو بڵێ : ڕۆشنای کچ ماوە وداماوە لەناو چوار دیواری ژێر خانی ماڵیکی عەرەبدا

بەندکراوە ، بێهێزو لاوازەو ڕەنگ زەردو تەنیایەو بێدەرەتان ولەش بەبارە ، کەسێک نیە بەوزمانە کوردیە شیرینە وشەیەکی خۆشی بەگوێیدا بچرپێنێت ، تا ئاهێک بەدڵ وهەناسەی ساردیدا بێنێتەوە ، تاساتێکیش بێت ، گەرمی وتاسەیەکی خۆشیێ بەدڵیابێتەوە با هەناسەیەکی گەرمی خۆشی هەڵمژێت .

توخوا هەواڵی هەموو خزمان وخۆشەویستانم ، بۆبهێنە بزانە چیان بەسەرداهاتوە ؟.

هەورەکانیش ڕاسپێرە بالە ئاسمانەوە چاویان لێیان بێت ، هەواڵ هاوارو ناڵەو ئاە ونزولەیان ، بگەیەننە بارەگای خودا کەئێمە چاوەڕێی ، بەزەیی وگەورەیی ئەوین .

بەڕێباز بڵی ڕۆشنا هەموو ئێوارەو شەوانێک لەگەڵ ئەستێرە گەشەکەو مانگدا لەژوان گوفتارو وتاردایە یادەوەریەکانت هەواڵت لەگەڵیاندا . دوبارەو دوبارە ئەکاتەوە پەیمانی نویێ ئەکاتەوە .ڕێباز گیان ئەوەی تاکە تەسەللای دڵمبوو ، فریشتە ئاسایەکبوو ، لەو سەغڵەتی ومەینەتیەدا فریامکەوت ، لەدەستی دڕندە بەشەریەکانی عەرەب پاراستمی ، ئەوێش پیرە ژنەکەبوو دایکی ژنی ئەفسەرەکە وخاوەن ماڵەکەبوو( بەمانای خەسوی) بوو ، هەردەم لەدەورم بوو ، هاوەڵ وهاودەم وپارێزەرم بوو ، بۆیە تا ئەمڕۆ ماوم بەپێوەم ئەژیم ، وبەهۆی یادەوەریەکانتانەوە کەخۆراکم بوون ژیام ، بەهیوای ئەوەی کەڕۆژێک بڕەخسێت بگەڕێمەوە ناوتان ، پێتان شاد ببمەوە ،بێمەوە ناو باوەشی نیشتمان ، بەرگەمگرت ئەگینا دەمێکبوو خۆم کوشتبوو .

ڕیباز گیان ئەوەی لەلام زۆر ناخۆش بوو ، مایەی ترس خەفەت خەمی شەو و ڕۆژم بوو ، گەنجێکی گێڵی دەبەنگی دواکەوتوی عەگال بەسەر دشداشەیەکی پیسی چڵکنی لەبەردا بوو ، بەجوتێک نەعلی دڕاوەوە ، کەلەهەموو شتێک ئەچوو تەنها لە مرۆڤ نەبێت ، شێتۆکەیەکی پیسی قێزەون بوو ، هەردەم دەورو خولی ئەدام ، سەرەڕای ئەو هەموو مەینەتی وکەساسی وخەفەتە زۆرەی کەهەمبوو ، ئەویش بووە سەربارییان ، ژیانی زیاتر لێتاڵکردبووم ، بەدەستیەوە هاوارمبوو ، زۆریش لێی ئەترسام ، نەک پەندێکم پێبدات .هەردەم لە حەوشەکەدا ئەسوڕایەوە، نزیک ژێر خانەکە هات وچۆی بوو ، بەنیازی ئەوەی من ببینێت قسەیەکم لەگەڵدا بکات ، هەر ئەو لەدەرگای حەوشەوە دەربکەوتایە ، ڕامئەکردە ژورەوە ودەرگاکەم لەسەرخۆم دائەخست ،

لەکونجێکی نەدیاری ژورەکەدا خۆم ئەشاردەوە. منیش پیرە ژنەکەم ئاگادار کردبووەوە ، لەڕفتارو کرداری ناشێرین ورەوشتی نزمی ئەوگەنجە دواکەوتوە ، پیرەژنەکە گفتی دامێ ، کەدوری بخاتەوە لێم ، ڕێگەی نەدات کەنزێکبێتەوە لێمان . بووە سپێرێک بۆم ، یارمەتیدام وسنورێکی بۆ دانا ، لەماڵەکەیان دوری خستەوە.
لەڕێگەدا لەکەش وهەوایەک ولەهەلێکی ڕەخساوی مێژوویی وادا ڕۆشنا سەرینابوو بەسەرسنگی گەرمی ڕێبازەوە ، گوێی لەترپەی دڵی ولێدانی بوو ، ساتێکی ئارامی چاوەڕوان نەکراوبوو هەلێکی ڕەخساوبوو. هەردوکیانی ئەگێرایەوە بۆ ڕۆژانی خۆشی وئەڤین وژوانی ڕۆژانی ڕابووردوویان .
ئەوە ئەوانن ئەم جارەش بەیەکتر شادبوونەتەوە ؟ . هەردوکیان لەوساتە خۆشیەدا چووبوونەتە دنیایەکی تری ژیانی خەیاڵاویەوە .لەخۆشیاناخەریکەخۆیان لەبیربچێەوە ، لەم ساتە هەڵکەوتوە چاوەڕوان نەکراوەدا ئەمرۆ خەریکە هەموو تاسەو مەیل وزامەکانی دوری وخەفەت وتەنیایی ناخۆشی ژیانیان لەبیر بچێتەوە وبڕەوێنێتەوە. خۆشیەکی بێوێنەی بەیەک گەیشتن جێگەیان بگرێتەوە . ساتێکی پڕلە ئارامی دەرونی ودڵێکی پڕ لەخۆشی وژوان ئیتربەیەکەوە بەسەربەرن ، دڵیان تێرببێت ، ساتێک بەئارامی پێکەوە ژیان نوێبکەنەوە ، سەرلەنوێ بەیەکەبن ساتێکی پڕلەدڵداری وژوان وخۆشی دور لەخەم بگوزەرێنن. ئاهێکیان پیابێتەوە وپەیمان بۆ یەکتری تازەبکەنەوە .بەدرێژایی ڕێگە دەستیان لەناودەستی یەکتردابوو . ڕۆشنا بەردەوام سەرینابوو بەسنگی ڕێبازەوە، کە دەمێکبوو بەوتاسەوەبوو، چاوەڕوانی ئەو ساتەو ڕۆژە مێژوویيە وبەیەک گەیشتنە پڕ یادەوەریەی وەک ئەمرۆ بوون ، کەخەو وخەیاڵی چەند ساڵەیان بوو ، ئەمڕۆ وابۆیان ڕەخساو هاتەدی . ئەمڕۆ بۆیان هەڵکەوتوە وبەخۆشی لەکەش وهەوایەکی سەربەستی وئازادیدان .
بیرو دەرونی هەریەکێکیان لەئاسمانێک ودنیایەکی خەیاڵاوی وپڕ لەئازادی ودواڕۆژی ژیانیاندا مەلەیان ئەکرد ، بەوهیوایەی. لەمەودوا یەک چرکەی لەدستنەدەن ، لەدوای ئەم بەیەک شادبوونەوەدا ساتێک ئاسودەبن ، بەرەو دواڕۆژێکی پڕلە بەختەوەری کامەرانی بەڕێبن .لەپڕ ڕێباز وتی : ڕۆشنا گیان ، وەک لەدواییدا هەواڵی قەلاَی دوبز

گەیشت ، بیستم ، کەتۆ لەگەڵ دەستە خوشکێک کچێکی ناو ئاوایی خۆمان ، جیاکرابوونەوە. بەیانی دووەم بەدەست قاچ بەستراوی وقژ ڕاکێشان ولێدانەوە بەچوارپەل ، لەناو قاوشەکەوە برابوونە دەروە ، کەس نەیزانی بۆکوێ بران ، چیتان بەسەرداهات ؟. دوایی هەواڵیش گەیشت ، لەناو ئەنفالکراواندا ، کۆمەڵێک ئافرەت وکچۆڵەی کورد براون وبەوڵاتانی عەرەب لەوێ وەک کۆیلە فرۆشراون ، ئیتر نەمانزانی ، هەموو چیتان بەسەردا هات ، بۆکوێ بران ، چێتان لێکرا ؟.

دوای ئەم هەواڵە جەرگبڕانە من شێت بووم ، ئارامم لێبڕا وخۆم ڕانەئەگرت ، بەدرێژایی ئەم ماوەیە ، خەفەت وخەمی تۆ وئێوە وهەموو خەو وخواردن وژیانی لێتاڵ کردم .

ڕۆشنا وتی :ڕیباز گیان من لەگەڵ خونچەی هاوڕێم ، هەر لەیەکەم ڕۆژەوە دەستنیشان کراین ، ناو نووسکراین ، ئەو چەند ڕۆژەی کەلەگەڵ ئەنفال کراوەکانی کەدا بووین ، بەردەوام بەسەر ئەکراینەوە ، دوایی براین بۆ قەڵا سەربازیەکەی دوبز ، کەبۆئەنفالکراوەکان کرابوو بۆ بە بەندیخانە. هەر بۆ ڕۆژی دوایی سەرلەبەیانی ، ناومان خویندرایەوە ، خۆشاردنەوە کەڵکی نەبوو . دوایی دۆزراینەوە وناسراینەوە بەڕاکێشان ولێدان براین بۆپشتی لاند کرۆزێک بەدەست وپێ بەستراو فرێدراینە پشتی لاندکرۆزەکەوە، کە لەهەردولای پشتی لاند کرۆزەکە سەربازی زۆر بەچەکەوە دانیشتبوون . لەژێر چاودێری ئەوئەفسەرە پلەدارەدا کە زووتر هەڵی بژاردین ئەم تاوانەوکارە ئەنجامدرا ، ئەو چەند ڕۆژە بەردەوام چاوی لەسەرمان بوو ، لەڕیگە لەپێشی پیکابەکەدا دانیشتبوو ، دوایی بەچەند ئۆتۆمۆبیلێک بەرەو شوێنێکی نادیار براین ، لەڕیگە هەردو چاویشیان بەستینەوە ، دوایی زانیمان بەرەو بەغداد ئەبرێین . لەئەنجامداو لەکاتی گەێشتندا من لەحەوشەی ماڵیکدا فرێدرام ، دوایی زانیم ماڵی ئەفسەرەکەیە ، خۆنچەش برا بۆ ماڵێ ئەفسەرێکی تر ، بەناوی ( قەحتان التمیمی ) ، دوای ئەوە ئیتر من هەواڵی خۆنچەی دەستە خۆشکم نەزانی . خوا ئەزانێت ئەو تائەمرۆ چی بەسەردا هاتوە ، هەر ئەو ڕۆژەی گەیشتین کابرای ئەفسەر لەنزیکمەوە وەستاو وتی : تۆ بۆ ئەگریت هاوار ئەکەیت ، ئەگەر من نەم هێنایتایە بۆ ئێرە ، تۆ ئەنفال کرابوویت فرۆشرابوویت یان کوژرابوویت ، ئەوە بزانە

ئەوانەی کە لەگەڵ تۆ بوون زۆرترینیان کوژراون کەس نازانێت لاشەکانیان لەکوێ فڕێدراوە ، دوایی ئەزانیت من خراپەم لە گەڵدا نەکردویت .
وتی : کچەکەی دەستە خوشکت لەماڵێکی ترە ئەویش سەلامەتە من هەواڵی ئەزانم .

# بەشی حەوتەم

## بازگەی کەرکوك

لەڕێگا ڕێبازو ڕۆشنا بەدڵێکی پڕلە ئاسودەوە کاتێکی پڕ لەخۆشی وکامەرانیان بەیەکەوە بەسەربرد ، هەستیان بەدوری وهیلاکی برسێتی ڕێگەکە نەکرد ، ئەوەندەیان زانی گەیشتوونەتە کەرکوک لە نەقلیاتی کەرکوک ، سلێمانی دابەزین . لەوکاتەوە کە لەبەغداد بەسەرکەوتوویی ڕزگاریانبوو ، خێرا لەناوچەکە دورکەوتنەوە ، زۆر بەپەلەبوون . کاتیان بەفیڕۆنەدا ، نەوەستان بەخواردنەوە خۆیان خەریکنەکرد ، پەلەیان بوو تافریای کەرکوک بکەون ، لەڕێگەیش بۆ نانخواردن دانەبەزین ، ڕێباز هەنەدێک بسکویتی لەگەڵ خۆی هینابوو ، بەخواردنی بسکویتەوە خۆیان خەریککرد ، لەناو کەرکوکیشدا نەوەستان لەنەقلیات خێرا تەکسیەکیان بەکرێگرت ، تازووە بگەنە سەیتەرەی سلێمانی / کەرکوک ، بەرەو سلێمانی بەڕێبن .

لەوکاتانەدا بەعس بەهەموو شیوەیەک ئەیویست کورد قڕیکات وبەهەر وەسیلەیەک بێت ئازارمان بدات و لە ناومان بەرێت بێڕێزی بەرامبەر بەهەر تاکێکی کوردبکات . ئەمری دەستگاکانی سەرکوتکەری بەعس وابوو ئەوکەسەی کەئەیەوێت لەکەرکوکەوە بەرەو سلێمانی بچێت وبەپێچەوانەوە ، ئەبووایە بەلۆری هات وچۆ بکات لەپشتی لۆریەکدا بەپێەوە بووەستێت ، تائەگاتە شوێنی مەبەست ، تەنها لۆری دانرابوو بۆگواستنەوەی خەڵکی، کە تاکە هۆی گواستنەوەبوو ، قەمەرەی تایبەتی وتاکسی گشتی یان باس وپیکاب قەدەغەکرابوو ، ڕێگەیان پێنەئەدرا بۆگواستنەوە بەکاریان بهێنرێن .هەسێک کە ئەیویست بەرەو سلێمانی بڕوات وبەپێچەوانەوە بۆ ئەوەی بگاتە سەربازگە، ئەبوو بەتەکسی لەدورەوە دابەزێت ، ماوەیەک بەپێ بڕوات تابگاتە ، نزیک سەیتەرەکە وتابگاتە خاڵی پشکنین ولێپرسینەوە و ودەربازبوون . لەدوای پشکنین ودەربازبوون وسەرقەبڵاندن ، لەودیو سەیتەرەکەوە ئەبووایە ماوەیەکی کە بەپێ بڕوات تابگاتە لای لوریە وەستاوەکان ، لەوێوە سواری لۆری ببێ . وەک باسکرا ، بۆ گوێزانەوەەی خەڵکی لەنێوان شارەکانی کوردستاندا وشارەکانی بندەستی بەعس وبەپێچەوانەوە ، تەنها لۆری ڕێگەی پێدرابوو . بەوشێوەیە ئەبووایە ڕۆشناو ڕێباز لە سەیتەرەی کەرکوکەوە بەسواری پشتی لۆڕی بۆ سلێمانی بڕۆنەوە.

ڕێباز پارەی زۆری بەدەستەوەبوو لەمشتیدا ئامادەی کردبوو، بۆ ئەوەی دەمی سەربازەکانی خاڵی پشکنینی پێ چەور وشیرینبکات ، کەئەمە نەریتێکی پیاوەکانی بەعس ومیرییبوو ، کەکەسێک ئەگەر پارەو بەرتیلی زۆربدات سەری بقەبڵێنێت ، بەئاسانی ئەتوانێت لەخاڵی پشکنین ڕزگاری ببێت ، ڕێگەی پێئەدرێت زوتر لەخاڵی پشکنین بپەڕێتەوە .

لەڕێگە لەناو تەکسیدا کەبەرەو بازگەکە ئەڕۆیشتن ، ڕۆشنا سەیری شەقامەکانی ئەکرد ، تابلۆیکی گەورەی بینی کە لەسەری نووسرابوو ، ئەو ڕێگەیە بەرەو بەغداد ئەچێت ، یەکێکی تر لەسەری نووسرابوو ، بۆ سلێمانی ئەچێت . کە تاکسیەکە لە سەیتەرەکە نزیکبووەوە خاوەنی تاکسیەکە پێی وتن : فەرمون لێرەوە ئیتر ئەبێت دابەزن ، لەوە زیاتر بۆمنیە بچمە پێشەوە ، ماوەیەک ئەبێت بەپێ بڕۆن . ڕۆشناو ڕێباز دابەزین ، بەپێ بەرەو خاڵی پشکنین کەوتنەڕێ ، کەگەیشتنە نزیک بازگە کە ، دیان کۆمەڵیکی زۆر لەخەڵکی لەوناوەدا وەستاون وبلاوبوونەتەوە چاوەڕوانن ، بەشێک هاتوچۆیانە ، بەشێک لەسلێمانیەوە هاتوون ، بەشێک بەرەو خاڵی پشکنین تەکانئەدەن بەنیازن بەرەو سلێمانی بچن . لەوناوەدا کارەسات ومەینەتیەکی مرۆڤایەتی وڕەوشتنزمی ودڕندەیی کاربەدەستانی بەعسی بەر جەستە ئەکرد .

خەڵکێکی زۆر لەوناوەدا لەرووبەرێکی بەربڵاودا بەکۆمەڵ وبەتاک بڵاوبووبونەتەوە ڕاوەستابوون ، چاوەڕوانن ، یان بەڕێوەبوون ، لەدەم وچاویاندا شێوەیەکی دودڵی وترس وماتەمینی دەرئەکەوت ، زۆریان چارۆکەی پڕ لەشت وکۆڵەپشتی دڕاویان پێبوو ، بەشێکیان بەرەو پێشەوە تەکانیان ئەدا بەرەو خالی پشکنین بەڕێوەبوون . زۆر لەوانە کچۆڵەو منداڵبوون ، هەژاری ونەداریان پێوەدیاربوو ، جلی شرو دڕاویان لەبەردابوو ، زۆربەیان ، دەبەی نەوت یان بەنزینیان بەدەستەوەبوو ، یان چارۆکەیەکیان کردبووە شان ، کەدەبە نەوت وبەنزینی تیابوو ، یان کەل وپەلی تر وپێویستی ژیانیان پێبوو ، زۆریان پەلەیان بوو بەخێرایی بەرو خاڵی پشکنین ئەچوون بۆ ئەوەی تازوە سەری خۆیان بقەبڵێنن ولە سەیتەرە دەربازبن ، بۆدیوی ئەو دیوی

سەییتەرەکە بپەڕنەوە ، تافریای لۆریەکە بکەون لەناو پشتی لۆریەکەدا جێگەی خۆیان بکەنەوە .وەک وترا ژن وکچۆڵەکانیش هەریەکەیان چارۆکەیەکیان بەشانەوەبوو یان بەدەستەوەبوو ، پڕبوون لە پێویستی ڕۆژانەو ژیانیان ، ئەوانیش وەک هەموو بەوشیوەیە بەرەو خاڵی پشکنین بەڕێوەبوون .ڕیبازو ڕۆشنا زوڵم وزۆرێکی بێئەندازەیان بەدیکرد . هەرمنداڵ وکچ وژن وپیاوی پیر بوو ، بەدەم شەق و زللەو تێهەڵدان وکێبڵ وپاڵنانی سەربازە دڕندە عەرەبە بەعسیەکانەوەبوون ، بەدەم شەق ولێدان دارو کێبڵەوە لەبەردەمیاندا ڕایانئەکرد ، تاخۆیان لەوسەربازانە بپارێزن و توشی لێدان نەبن ، ئەکەوتن و هەڵئەسانەوە .

سەربازەکانیش کۆڵیان نەئەدا وەک دەرئەکەوت لەزەتیان لەولێدانەدا ئەبینی کەلێیان بدەن ورِاویان بنێن بەرەو دواوە بیانگێڕنەوە .هەر ژن وکچۆڵەو منداڵ بوو ، بەدەستی سەربازەکانەوەبوون ، بەدەم لێدان وقژ وپەڵ ڕاکێشانەوە ئەبرانە ژورێکی لای جادەکە بۆ پشکنین . هەر منداڵبوو دەبەیکی نایلۆنی بەدەستەوە بوو ، پڕبوو لە بەنزین یان نەوت ، بەنیازی بردنیبوون بەرەو چەمچەماڵ .

لەولاشەوە دەستە کچ و ژنان ئەوانەی شتیان بەدەستەوە بوو یان بەکۆلیانەوەبوو ، لەپیناوی ژیاندا ئەیانویست لە سەیتەرە دەریانبکەن ، سەربازەکانیش بەتەکان ولێدان وڕاکێشان لییان ، ئەسەندن وئەیانڕشت و بەقۆناغە کلاشینکۆڤ لییانئەدان ، بۆدواوە ئەیانگێڕانەوە . هەندێک سەرباز ئەبینران ڕایانئەکرد بەدوای منداڵەکانداو دەبە بەنزین ونەوتەکانیان لێئەسەندن وئەیانڕشت ، منداڵانیش بەدەم لێدان وگریانەوە لێیان ئەپاڕانەوە، بەڵکو بەزەییان پێیاندابێتەوە بیاندەنەوە نەی ڕێژن . هەرچی گیان وبیری مرۆڤایەتی ویاساو بەهای ئایینی وئاسمانی وڕەوشت ویژدان هەبوو ، لەلای ئەودڕندە بەعسیە عەرەبە جاهیلە فاشستانە لەوناوەدا نرخیاننەبوو.
سەربازی زۆر بەوناوەدا بڵاوبوون لە نێوان خەلکەکەدا ئەسوڕانەوە ، هەر یەکەیان بەئارەزوی خۆی ، لەخەڵکی ئەداو جنێوی ناشێرینی پێئەدان وشتەکانی لەدەستی خەڵکەکە ئەگرت ولە قەراغ جادەکە ئەیڕشت ودەبەکەی فڕێئەدا وشتەکانیانی پەرت وبلاوئەکردەوە .بەشێکی تریان لەولاوە خەریکی پارە وەرگرتن بوون لەخەڵکی ،

بەوهۆیەوە گیرفانەکانیان کەپڕ ئەبوو ، هەڵئەئاوسا ، جێگەی پارەی تری تیا نەئەبووەوە ، ئەو سەربازانە ئەوناوەیان بەجێ ئەهێشت ، نۆرەی سەربازێ تر ئەهات کەجێگەی ئەوانیان ئەگرتەوە ، بۆگیرفان پڕکردن.

بۆ پەڕینەوە لەخاڵی پشکنین ، ئەبووایە هەرکەسێک کۆمەڵێک پارەی بەدەستەوەبووایە ، لەگەل پێناسەی شارستانی ، کەئەگەیشتە پێشەوە ، بە بەینی دو دیواری تەسکی برامبەریەکدا تێئەپەڕی ، تا ئەگەیشتە بەردەم ئەو سەربازەی کەخەریکی پشکنینە .

سەربازەکە لەشی ئەوکەسە ئەگەڕێت لەگەڵ شتەکانی وسەیری پێناسەکەی ئەکات ، وەک نەریتێک هەرکەسە کۆمەڵێک پارە وپیناسەکەی بەدەستەوە گرتوە . دوای بەرتیلدان وچەورکردنی دەمیان ، وپشکنین وسەیرکردنی پێناسە ، بەشێوەیەکی ناشیرین وبێڕێزی بەڕێئەکرێن وپێیان ئەوترێت ڕەتبە .ئەگەر هەندێک کەسیان بەدڵ نەبووایەو پێناسەو پارەی وەک پێویستی پێنەبووایە ، بەدەم جنێودان وشەق وزللەو لێدان ودارو کێبڵ ئەیانگێرایەدواوە . زۆر جار زیاتر سەیری پارەکەیان ئەکرد لە پێناسەی شارستانی .

ئەوەی پارەی زۆرتر بدات پەڕینەوەی ئاسانتر ئەبێت. ئەوەی لە خاڵی پشکنین وسەرقەبڵاندن نەجاتیبوو پێیوترا ، ڕەتببە بڕۆ دەربازبە ، ئەوکەسە بەخێرایی دورئەکەوێتەوە بەرەو لۆری گواستنەوە ئەڕوات ، ماوەیەک ئەبێت بەپێ بڕوات ، تائەگاتە ئەولۆریەی بۆ گوێزانەوەی خەڵکی تەرخانکراوە .

ڕیباز وڕۆشنا ، لەخاڵی پشکنین نزیکبوونەوە ، ڕێباز پارەیەکی زۆری بەدەستەوەبوو ئامادەیکردبوو لەگەڵ پێناسەی شارستانی ، هەر بەوشێوەیەش ڕۆشنا کۆمەڵێک پارەی لە مشتدابوو لە گەڵ پێناسەی شارستانی بەدەستیەوەبوو ، لەپێش ڕێبازەوە ئەڕۆشت کەڕۆشنا بۆپشکنین گەیشتە ئاست وبەردەمی بازگەکە ، لەسەبازەکە کەنزیک بووەوە ، ئەو پارەیەی لەناو دەستیدابوو ، دایەدەستی ، لەبەر پارەی زۆر ، سەربازەکە ، سەری نەپەرژایە سەر پێناسەکەی ولێیوەربگرێت وتەماشای بکات ، بەعەربی پێیوت برۆ رەتبە . کەهەردوکیان لە خاڵی پشکنین دەربازبوون وپەڕینەوە بۆ ئەودیو

سەیتەرەکە. بەخۆشیەکی بێوێنەوە هەردوکیان هەناسەیەکی پڕ لەخۆشیان هەڵمژی و بەپێکەنینەوە سەیری یەکتریانئەکرد ، سەریان بۆ ئاسمان هەڵبڕی ، هەموو گیانیان لەخۆشیاندا پێئەکەنی ، لەم کەش وهەوا بێوێنەیەدا زمان حاڵیان ئەیوت ئەیوتەوە ، ئەوە ئێمەین دواجار دەربازبووین ، بەرەو ژیانێکی نویوە بەڕێوەین ، ئەوە ئێمەین ئەمڕۆ بەرەو نێشتمان بەڕیبووین و سەربەست وئازادین ئەوەندەی پێناچێت بەئاواتی چەند ساڵەمان شاد ئەبینەوە .لەخۆشیاندا ئاگایان لەخۆیان نەمابوو ، هەر ئەوندەی مابوو هەردوکیان پڕ بەدەم هاواربکەن ودەستبکەن بەگۆرانی ودوبارەکردنەوەی ژوانی دوێنێیان ، لەڕێگەدا دەستی یەکتریان گرتبوو بەخێرایی بەرو لۆریەکە ئەچوون ، تا زووە سواربن وجێگەی خۆیانی تیابکەنەوە .ڕۆشنا بەڕێوە هەر ئەیوت وئەیوتەوە ئەوەئیمەین دەربازبووین ، سەربەستین ،هەوای پاکی نیشتمانی خۆشەویستمان هەڵئەمژین .ڕێبازیش بەخۆشی وپێکەنینەوە ، دەستی ڕۆشنای گرتبوو ، هەردوبارەی ئەکردەوە : ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کەچەندەها ساڵەچاوەڕوانیم ئەکرد ، کەبەهیوای بووم ، چەند ساڵبوو لە خەفەت ومەینەتیدا ئەژیام! هەر بەو هیوایەوە خۆم بەژیانەوە بەستبووەوە.ڕێباز ڕویکردە ڕۆشناو هاواریکرد : ئای چەندەم خۆش ئەوێی ! خۆتۆ گیان وژینمی ، پارێزەری بوونمی !! ڕۆشنا هاواریکرد چەند خۆشە هەوای خاوێنی کوردستان پێی ژیامەوە ، ئاخ وداخ وخەفەت ومەینەتی و بەسەرهاتی تاڵ وناخۆشی چەند ساڵەی ڕابووردوی لەبیر بردمەوە.

ڕیباز کەوتەوە قسەو وتی : ڕۆشنای خۆشەویستم ئازیزەکەم ، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە چەندەها ساڵە شپرزەو چاوەڕوانی بووین ، دوای ئەو هەموو چەرمەسەری و دەردەسەری ودەربەدەری وخەم وئازارو مەینەتی وبەسەرهاتە ناخۆشانە ، بەیک شادبووینەوە. شوکرانە بۆ خوا ئەم جارەیان کارەکەمان زۆر بەئاسانی وئاسایی بەڕێوەچوو ، ڕزگارمانبوو ، خوا ئەزانێت ئیستا لەبەغداد لەکوێ بۆمان ئەگەڕێن . دڵەکەم سەغڵەت نەبێت کەلێرە بەدواوە هۆی گواستنەوەمان ئاسان نابێت وەک پێویست دەست ناکەوێت ، کەکەسێک دێتە ئەم دیوەوە ، سەیارەیەک نابینیت ،

کەشیاوی ئەوەبێت ،مرۆڤ سواری ببێت نەپاس نە قەمەرە ونەهۆی گوێزانەوەی شیاو لەم ناوەدا نابینیت ، تەنها لۆری کۆنی شکاو نەبێت.

ئەو درندە بەعسیە عەربانە پێمان ئەڵێن : ئێوە شیاوی لەوە باشتر نین ، تا بەتاکسی وقەمەرە وهۆی گووێزانەوەی باش سەفەربکەن .تەنها لۆری کۆن هەبوو ، کەهی زەمانی تەقیانووسە وچادرێکی کۆنی پیسی دڕاوی بەسەرەوەیە ، کەبەتەنها ئەمڕۆ تاکە هۆی گوێزانەوەیە ، کەڕێگەی پێدراوە خەڵکی لەنێوان کەرکوک وسلێمانی وبەپێچەوانەوە بگوێزێتەوە ، کە دەلالەتی ورەفتار ورەوشتنزمی ودوژمنایەتی بەعس و ڕەگەزپەرستان وجاهیلیەتی عەرەبە .

بەدرەوشتی عەرەب بەرامبەر هاو وڵاتیانی کورد بەرجەستە ئەکات . یەکێک کە سواری لۆریەکە ئەبێت ، تەنگە نەفەس ئەبێت ، هەناسەی بۆ نادرێت ، ناچار ئەو خەڵکە چادرەکە کون ئەکەن ، تابەو هۆیەوە هەناسەیان سوار نەبێت ،هەوایەکی پاک هەڵمژن ،پشویەک بدەن .لەپشتی لۆریەکەدا ئەوەندە نەفەری تێئەخزێنن ، هەموو بەسەریەکدا ئەکەون ، کەژمارەیان لە بەینی ٧٠ بۆ ٨٠ کەس مەزەنە ئەکرێن ، کەسێک مەجالێ ئەوەی نامینێت کەبجوولێت ، خەڵکی بەسەر یەکتریدا کەوتون لەش بەڵەشەوە نووساوە ، هەریەکە لە باوەشێ ئەوی کەدایە . ژنێک وپیاوێک لەحاڵی خۆی شەرمەزار ئەبێت وتەریق ئەبێتەوە، سەد خۆزگە ئەخوازێت کە سەفەری نەکردایە ، توشی ئەم ناڕەحەتی ودەردەسەری وسوکایەتیە نەبووایە لەولاوە شەڕو جنێو وقیژەی منداڵ وپاڵەپەستۆ وشەڕێ لابەلا بەردەوامە ، بۆنی بەنزین ونەوتی ڕژاو لەولاوە بوەستیت ، کەخەتەریکی چاوەڕوانکراوە ، وهەردەم لەئارادایە ، ئەگەر نەوتەکەو بەنزینەکە گڕیانگەرت ، کارەساتێکی گەورەی مرۆڤایەتی لێئەکەوێتەوە ، ئەبێتە هۆی ئەوەی هەرچی لەناو لۆریەکدایە بسوتێن وژیان لەدەستبدەن .کاتێک هەموو خەڵکەکە سوار ئەبن ، بەئاستەنگ جێگەی خۆیان ئەکەنەوە ،کەپشتی لۆریەکە پڕ بوو، شۆفێری لۆریەکەش ، لەپێشدا دەرگای پشتەوەی لۆریەکە دائەخات ، چادرەکە ئەبەستێت ئەوسا ، دەستئەکات بەلێخوڕین. دوای ئەو ئامادەکاریانە، کە لۆریەکە ئامادە ئەبێت بۆ لێخوڕین ، لۆریەکە بە شێوەیەک

**چادرەکەی  سەری لەپشتەوە بەستراوە وپشتی لۆریەکە داخراوە . تاشۆفێرەکە دانەبەزێت ودەرگای پشتەوە نەکاتەوە کەس ناتوانێت بێتە دەرەوە ، کەس بۆینیە وناتوانێت دابەزێت .**

## ڕێباز و ڕۆشنا سوار ئەبن

ڕیبازو ڕۆشنا کەلەخاڵی پشکنین پـەڕینـەوە بـەرەو لـۆری ئامـادەکراو بـەڕێبـوون ، کەگەیشتنە لای لۆریەکە دیان سیخناخەو جێگەنەماوە ، ڕێباز لە پێشدا سـەرکـەوت وهەردو دەستی ڕۆشنای گرت رایکێشاو هەڵیبڕی بۆ ناو پـشتی دواوەی لۆریـەکـە ، کەسەیریانکرد لۆریەکە جمەیدێت ، ئەمان فریانـەکـەوتـون ، دواکـەوتـون ، جێگـەی ئەوتۆیان بۆنەماوە ، بەزەحمەت بەپاڵەپەسستۆ لەپشت ودواوەی لۆریـەکـە جێگـەی خۆیان کردەوە .

دوای ئەوەی دەرگای دواوەی لۆریەکە لەسەریان داخرا ، چـادرەکـە بـەسـترا پـشتی لۆریەکە کونبڕکرا ، بەرو سلێمانی بەڕێکەوتـن . ئەوەنـدەی پێنەچـوو ، ڕۆشـنا زۆر سەغلەتبوو ، جێگەی ئەوتۆی دەستنەئەکەوت ، نەیئەتوانی بەئاسانی ڕابـووەسـتێت وبجوڵێت ، بواری جوڵان وهەناسەدانی نەبوو . هەناسەی سواربوو ، بەڕیبازی وت : ڕێبازگیان من خەریکە ئەخنکێم ، هەناسەم بۆ نادرێت ، فریامبکەوە ، چارەیەکم بکە ، شوێنێک پەیدابکەین هەوای دەرەوەی لێوەربگرم .ڕێباز زۆر هەوڵیدا کەڕۆشنا بپارێزێت ، شوێنی بۆ بکاتەوە ، دەستیکرد بـەپاڵنـانی خـەڵکـەکـە ، تـوانی تۆزێـک دوریـان بخاتەوەلێی بەوشێوەیە ڕێباز بەزۆرجێگەی بۆکردەوە ، وەک سپێر لە بەردەم ڕۆشنادا ڕاوەستا ، کونێکی کردە چادری لۆریەکە ، بەو هۆیەوە ڕۆشنا هەوایەکی پاکی هەڵمژی وتۆزێک هەناسەی باشتربوو هێور بووەوە .

بەڵام هەر شەکەت وهیلاکبوو ، پاڵیدابوو بەلایەکی دواوەی لۆریەلکـەوە شـوێنەکـەی تاڕادەیەک باشتر بوو لەهی ڕێباز ، بەدرێـژای ئـەومـاوەیـە ، ڕێبـاز زیـاتر لـەڕۆشـنا لەسەغڵەتی وناڕەحەتیدا بوو ، لەبەرخاتری ڕۆشنا هـەردەم لـەپاڵـەپـەسـتۆ و وردە شەڕدابوو.

ڕێباز وتی : ئازیزەکەم ، بەڕاستی سواربوون وسەفەر بەم شێوەیەو بەم لۆریە مایەی ناهەمواری وشەرمەزاریە لێرەدا وهەر کەسە لەحاڵی خۆی تەریق ئەبێتـەوە ، بـەڵام ناچارین ، بۆماوەیەکەو ئەبێت بەرگەبگرین ، تائەگەینە چەمچەماڵ لەوێ تاکسی بەکرێ ئەگرین ، دوای ئەوە لەم ناڕەحەتیە نەجاتمان ئەبێت هەموو ناخۆشی وکارەسـاتمان

لەبیرئەچێتەوە ، ئەکەوێنەوە دنیایەکی کەوە ژیان ورابووردومان سەرلەنوێ دوبارە ئەکەینەوە .لەناو پشتی لۆریەکەدا کە هەموو ڕاوەستابوون شوێنی دانیشتن نەبوو ، لەش بەلەشەوە نووسابوو ، بواری کەسێک نەبوو تۆزێک لەوەی تەنیشتی دوربکەوێتەوە ، هەرمندالّ بوو لەبەر هێزی پالّەپەستۆی بەردەوامدا ، خەریکبوو بکەوێتە بەردەست وپێ ، لەژێر پێدا بپلیشێتەوە وبخنکێت ، ژنان لەبەر شەرمەزاری لەوحالّە هاواریانبوو ، لەحالّی خۆیان شەرمەزار وتەریقبوون . هەموو بەشەڕو پالّەپەستۆو وشەڕەدەست و ورتەورت وبۆلّەو تورەیی وجنێودانەوە خەریکبوون . لەبەر بێبەختی وچارەڕەشی هەردو دلّدارەکە وهەمووان ، کاتێک لە چەمچەمالّ نزیکبوونەوە ، لەئەنجامی بگرەوبەردەو شەرو پاَلەپەستۆی گەورەو بچوک وشەڕەدەست پالّنان وبرت وبۆلّە وگلەیی ژنان ودەمەقالّی. دەبە بەنزینێ منداڵێک لەدەستی کەوتبوە خوارەوە لەبەر پێدا وڕژابوو ، بەخێرایی بەنزینەکە لەژێر پێیاندا بلاّوبووەوە .لەوتەنگەبەریەدا بۆنەکەی بلاّوبووەوە ، لەبەر زۆری خەلّکەکە وتەنگی شوێنەکە ، بۆنەکەی کاسیکردن وزیاتر تەنگە نەفەسیکردن ، لەسەرو ئەوانەوە لەبەرچادری سەرلۆریەکە کەبەسترابوو جێگەی هەناسەدانیان نەبوو ، کەئەبووایە چادرەکە کۆن کون بکرێت .زۆریان هاواریان لێهەلّسا ، تەنگە نەفەسن وهەناسەیان سوارەو خەریکە بخنکێن وهەوا لەناو پشتی لۆریەکەدا نەماوە ، هەموو هاواریان بوو ، داویان لەشۆفێرەکە ئەکرد بووەستێت هاواریان بوو ، بەلاّم ئەوگوێی لەدەنگ وهاواریان نەبوو بەشێکی بەنزینە ڕژاوەکە بەخێرایی لەناو لۆریەکەوە لەبەرپێی خەلّکە کەوە چۆڕەی کردە دەرەوەی لاکانی لۆریەکە، تاگەیشتە سەر تایەکانی پشتەوەی لۆریەکە . بەزەبری گەرمی تایەکان بەنزینەکە لەپڕ گڕیگرت ، لەچاوترەکانێکدا گڕێئاگر دزەیکردە سەروە بەناو پشتی لۆریەکەدا بلاّوبووەوە ، دەبەی بەنزین تەقیەوە، بووە هۆی تواندنەوە وتەقینەوەی دەبە بەنزینەکانی تر .

هەر دەبە بەنزین ونەوتەکانی تربوو یەک لەدوای یەک ، لەهەموو لاکانی پشتی لۆریەکدا ئەتەقینەوە گڕیانئەگرت ، وگڕەکەیان بەرز وبلاوئەبووەوە لەچەند چرکەیەکدا ، ناوپشتی لۆریەکە بووە تەنوورێکی ئاگری پڕ لە مەشخەلاّن.

گڕی ئاگرو چڕە دوکەڵ بەخێرایی بەناو خەڵکەکەدا بڵاوبووەوە ، بەرزبووە، جلوبەرگی ئەوخەڵکە بەخێرایی گڕیانگرت ، بەزەبری دوکەڵەکە هەر زوو زۆریان خنکان ومردن. چیجای بەرزبوونەوەو تەشەنەکردن وبڵاوبوونەوەی گڕیئاگرەکە بەهەموو لایەکدا کڵپەی ئەکرد ، کەهەموو چادری سەرلۆریەکە گڕیگرت وسوتا .

کڵپەی ئاگر بەشێوەیەک بەرزوبڵاوبووە وە ، پشتی لۆریەکە وەک تەنورێکی پڕلە ئاگر ، مەشخەڵانی بوو بەرەو ئاسمان بەرز ئەبووەوە لەپشتی لۆریەکەوە گڕوکڵپەی بوو . بەهۆی ئەوەی درگای پشتەوە داخرابوو ، چادەرەکەش پارچەیەک بوو لەئاگر ڕیگەی دەربازبوونی کەسێک نەبوو ، پارچەی سوتاوی چادرەکە بەسەریاندا ئەکەوتە خوارێ ، زیاترسەرو دەم وچاوی ئەسوتاندن .ئەوخەلکە هەریەکەیان لەترسی ژیانی خۆیان شپرزەبوون ، ئاگایان لەخۆ نەمابوو ، پەلەکوتێ وپەلەقاژێ وپاڵەپەستۆ ولنگەفرتێی سەرەمەرگیان بوو ، زۆر لە منداڵەکان بەهۆی پاڵەپەستۆ وپەلەقاژێی گەورەکان کەوتنە ژێر دەست وپێوە ، بەهۆی گڕی ئاگرو چڕەدوکەڵەوە هەر زو زۆریان خنکان وسوتان وگیانیان لەدەستدا .ناو پشتی لۆریەکە جەهەنەمێک بوو بۆخۆی ، هاوارو کروزانەوە وگریان ونوزەی سەرمەرگی ئەوخەڵکە ، تێکەڵاو بوو بەدەنگی نێڵە نێل ومەشخەڵانی وئاگرو وقرچە قرچی سوتاندنی لەش ولارو جلی ئەو خەلکە داماوە کەساسە سۆتاوەانە . بۆنی نەوت وبەنزین تێکەڵاو بوو لەگەل بۆنی هەڵقرچانی لەشی سوتاو گۆشت و جلوبەرگی ئەوخەڵکە کەبەتەنها ئەمەهۆیەکبوو بۆمردن. ئەوەندەی پێنەچوو ، ئەوخەڵکە زۆریان کەوتبوونە بەرپێ وژێر قاچ ودەستەوە ، بورابوونەوە ، خنکابوون وسوتابوون زۆریان مردبوون . منداڵانیش هەرزوو لەژێر پێی ئەوخەڵکەدا پلیشانەوە بەوهۆیەوە زۆریان مردوبوون .

ئاگر کەوتنەوەکە ، تراجیدیایەک وکارەساتێکی مرۆڤایەتی بێوێنەی دروستکردبوو . گڕو مەشخەڵانی ئاگرەکە بەرزئەبووە ولەگەڵ دوکەڵی جڵ ولەشی سوتاو دوکەڵی ونەوت وبەنزیندا کەتێکەڵ ئەبوون ، بەهەموو بوونە، پەڵەهەورێکی ڕەش بەری ئاسمانی گرتبوو .بارەکە زیاتر شێوابوو ، کە هەندێک لەوانەی هێشتا گیانیان تیامابوو پەلەقاژێی سەرەمەرگیان بوو . لەهەوڵ وپەلکوتاندا وپەلەقاژێدابوون ، بۆ خۆ

رزگارکردن لەسوتانی زیاتر ، ئاگایان لەخۆنەمابوو ، هەر یەکە بەرەو پشتی لۆریە کە تەکانیئەدا ، هەموو پاڵەپەستۆیان بوو ، زۆر لەوانەی لە پێش ئەوانە لای درگای دواوە بوون ، بە جلەکانیانەوە گیانیان گڕیگرتبوو ، لەبەر شپرزەیی وچڕی خەڵکەکە بواری ئەوەیان نەبوو بجوڵێن وجلەکانیان بکوژێننەوە ، بەو هۆیەوە زۆریان گیانیان لەدەستدابوو ، لەشی زۆریان بەمردویی وەک کۆڵەوژو خەڵوزیان لێهاتبوو ، یان بەشێکیان نیوە مردو بوراوە لەپشتی لۆریەکەدا لەژێر پێدا بەسەریەکدا لاشەکانیان کەڵەکەبوو کەوتبوون .

تا شوفێری لۆریەکە پێیزانی ولۆریەکەی ڕاگرتبوو ، فریای دەرگای پشتەوە کەوتبوو کردبوویەوە ، کار لەکار ترازابوو ، بەشێکی زۆر لەنەفەرەکان بەجلەکانیانەوە گڕیانگرتبوو، سوتابوون ، وخنکابوون ، هەندێکیان بەنیوە سوتاوی بورابوونەوە ، بەشێکیان دواهەناسەی مەرگیان بوو .کە شۆفێرەکە دەرگای پشتەوەی کردەوە ، تەنوور ئاسایی کڵپەی ئاگروگەرمی بەرەو ئاسمان زیاتر بەرزئەبووە . لەناو پشتی لۆریەکەوە دوکەڵ، وەک پەڵەهەورێک ئاسمانی گرتبووەوە ، بۆنی چڕی دوکەڵی گۆشتی سوتاو خوین وجل وبەرگ تێکەڵاوی بۆنی نەوت بەنزین بوو سەرداری بێسەر ئەکرد. هەرکە دەرگای پشتی لۆریەکە کرایەوە ، لەپاڵەپەستۆو پەلەقاژێ وهەوڵی دابەزیندا ، لاشەی منداڵ ولاو و پیرو ژن بەسوتاوی ومردویی لەبەرپێیدا ، کەوتنە خوارەوە ، هەندێکیان لاشەی وەک خەڵوزی وشک بووی لێهاتبوو . نیوە مردوەکانیش لەبەرگیانی خۆیان بازیانئەدا وخۆیان فرێئەدایە خوارەوەو زیاتر توشی ئازار ئەبوون ، بەسەرلاشەی مردوەکاندا لەسەر زەویەکە ئەکەوتنەخوارەوە ، زۆرلەوانەی کە کەوتنەخوارەوە ، یان ئەهاتنە خوارێ ، لەگیانەلاودابوون ، گیانیان بەرەوتەواو بوون ئەچوو ، زۆریان بەدەم ئازاری سوتاویەوە هاواریانبوو ، نوزەو زایەڵەو گریان وهاوارو فۆغان بەرزئەبووە وە ، لنگەفرتێی مردنی منداڵ وژن وپیر ، لەولاوە بووە ستێت ، ئەوناوە وەک رۆژی حەشری لێهاتبوو .وەک مژارکرا گڕیئاگر وگەرمی ودوکەڵی ناو لۆریەکە وپەلەقاژێ وپاڵەپەستۆی هەموو بۆ خۆ ڕزگارکردن لە ئاگرەکە ، خەڵکەکەی زیاتر شپرزەو پەرێشانکردبوو ، زۆرترین لاشەکان لەپشتی لۆریەکە کەڵەکە

بوون . لەگەڵ وەستانی لۆریەکە ئەوکەسانەی کەلە (پێشی ) لۆریەکەدا دانیشتبوون سەلامەت بوون ، فریاکەوتن کەوتنە یارمەتیدان ودەرهێنانی لاشەی خەڵکە کە . ئەوانەی هێشتامابوون ، هیوای ژیانیان لێئەکرا جیاکرانەوە ، هاوارو قیژەی سوتاو وبریندارەکان بەرز ئەبووە . بەشێک لەوانەی لنگەفرتێ وپەلەقاژێێ سەرەمەرگیانبوو ، لەسەر خۆڵەکە ئەتلانەوە خوێنی ڕژاوی زامەکانیان تێکەڵاو بەخۆڵی سەر زەوی لای جادەکە ئەبوو . (بەهەموو ، دیمەنێکی پڕ لەمەینەتی وکارەسات وبەسەرهاتی هەرگیز لەبیرنەچووی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی بەرجەستە ئەکرد ، کەبەدەستی کافرانی ڕەگەزپەرستانی عەرەبی ، بیر ومێشک پوتی پڕ لەکەلتوری جاهیلیەتەوە کە توشیانبووە ) لەوانەی کەمابوون زۆریان زمداروبون سوتاویان پێوەبوو ، سەریان لێشێوابوو ، واقیان وڕمابوو ، برینەکانیان هێشتانوێ بوو ، هاواریانبوو ئەیانبزرکاند ،بەشێک بەچەپۆک ئەیاندا بەسەری خۆیاندا ، بەدەم گریانەوە ئەیان لاواندەوە ، کەچی کارەساتێکیان بەسەرداهات .

ڕۆشنا یەکێکبوو لەسەر نشێنەکانی ناو لۆریەکە ، کەهێشامابوو ، لەهۆش خۆی چووبوو ، بورابووە وە لەژێرپێ خەڵکەکەدا لەپشتی لایەکی لۆریەکەدا کەوتبوو، لەشی لەچەند لایەکەوە سوتابوو ، بەڵام کوشندە نەبوون هیوای ژیانی لێئەکرا ، کەهێنایانە خوارەوە ، لەدەشتەکەدا بەبوراوەیی لەسەر زەویەکە پاڵیانخست .

لەکاتی ئاگرکەوتنەوەکەدا ، ڕیباز زۆر هەوڵیدابوو کەڕۆشنا لە ئاگرەکە بپارێزێت ، لە ئاگرەکەوە دووربێت دوری بخاتەوە ، وەک سپێر خۆی دابووە بەرئاگرەکە ، تا کارنەکاتە سەر ڕۆشناو ئازاری ئەوتۆی پێنەگات . لە ئەنجامدا خۆی بەسەختی سووتا ، لەپێناوی خۆشەویستەکەیدا ژیانی خۆی خستە مەترسیەوە ، ئامادەبوو وگیانی خۆی لەوپێناوەدا بەتاکە خۆشەویستەکەی ببەخشێت وببێتە قوربانی وسپێر بۆدڵدارەکەی .ئەوکاتەی کە درگای پشتەوەی لۆریەکەیان کردەوە جلەکانی ولەشی ڕێباز گڕیانگرتبوو .خۆی لەپشتی لۆریەکەدا کەوتبوو، بەداخ وپەژارەیەکی زۆرەوە لەشی لەزۆر شوێندا سوتابوو ، بەئاستەم نوزەی تیامابوو ، کە لەجیاتی ڕۆشنا ، لەشی خۆیدابووە بەرئاگرەکە .

ڕێباز لەگێیانەلاودابوو ، ئەیبزڕکاند ، هەرناوی ڕۆشنای لـەسـەر زمـانبوو ، دوبـارەی ئەکردەوە. لەسەر زەویەکە پاڵیان خستبوو خوێن لەبرینە سوتاویەکانیەوە تیکەڵ بە خۆڵەکە ئەبوو وەک دەرکەوت هیوای چاکبوونەوەی لێنەئەکرا ، ڕۆشناش لـەولایـەوە بەبوراوەیی پاڵیان خستبوو ، کە تەندروستی وحالی وسوتاوی لەڕێبـاز باشـتربوو . کاتێک تیمی تـەندروسـتی فریاکـەوتنـی سـلێمانی وچـەمچـەمـاڵ گـەیشتن ، بـەرەو نەخۆشخانە بردیانن ، لەڕێگادا ، ڕێباز بـەئاسـتەم نـوزەی تیامـابوو ، وئـەیبزڕکانـد بەردەوام ناوی ڕۆشنای ئەهێناو ، دوبارەی ئەکردەوە کەوڕێنەی سەرەمەرگیبوو ، دوای ماویـــەکـــی کەم لـــەڕێگـــەدا ، لەنزیـــک ســـلێمانی گیـــانی لـــەدەســـتدابوو . بەوشێوەیە ولەناوگێژاوی بەسەرهات وژیانی پڕ لەمەینەتی وناهەمـواری وکـارەسـاتی بەردەوامدا وبە دەربەدەری وئازاری دەرونی ودوری لە خۆشەویستەکەی وبەسەرهاتی نـــاخۆش وخەفەت بـــاری ، بەوشـــێوەیە ئەو چەنـــد ســـاڵە ژیـــا . لەدوافرسەتی شادبوونەوەیدا بەڕۆشنای خۆشەویستی ، بەهیوای ئەوەبوون کەئیتر دوا بەسەرهات و کارەساتیان بێت ، بەدڵێکی پڕلەهیـوایەوە ولە ژوانێکـی پـڕ لەخۆشـی وخۆشەویستی وبەیەکەوە سەر لەنوێ دورلەمەینەتی ولێک دابڕان ژیانیان پێک بهێنن. مەخابن بەوشیوەیە لەگێژاوی ئەوکارەساتەی ئەمڕۆدا مەرگ یەخەی پێگرت وبوارینەدا ، ئەوگیـــانە پڕلەهیـــواو چـــاوەڕوانیەی لێنەســـەند وازیلـــێ نەهێنـــا . ئەمڕۆ لێرەدا بەو شێوە کارەساتیە گیانی بەرەو ئاسمانی نەمری بەرز بووەوە ، کـە بیبەش بوو لـەخۆشـی ژیـان ، هـەردەم بـەخـەفـەت وهـەناسـەی ساردەوە ڕۆژانـی بەڕێئەکـردو چـاوەڕوانی ڕۆژێکـی وابـوو. بەئومێـدی ئەوەی جـارێکی کە بەبینـین وبەیەکگەیـشتنی ڕۆشـنا شـادبێتەوە ، بـۆیە خـۆی بەژیـانەوە بەسـتبووەوە. بۆ چەند کاژێرێک دوای چاوەڕوانی ساڵانێک ، هیوایەک وچاوەڕوانی ژیانێکی نوێ لە ژێـر سـیبەری خۆشەویـستی وشـادبوونەوەیاندا بەیەکتـری ،بۆیـان ڕەخـسایەوە ، بەهیـــوایەکی نوێـــوە ویـــستیان ســـەر لەنـــوێ ژیـــان بەڕێـــبکەن . چاوەڕوانبوون ئەم بەیەک شادبوونەوەیە ، جێگەی ئەو هەموو ناخۆشیانە بگرێتەوە ، سەرباری ئەو هەموو تاریکی وناخۆشیانەی ژیانی ڕابووردویان ، ئیتـر بەرو ژیـانێکی

خۆشی نوێ وهاوسەرگیری برۆن .بەداخ وپەژارەیەکی زۆرەوە ،ئەمرۆ دوبارە بەڵایەکی ناگەهان یەخەی پێیگرتنەوە ، دواجار مەرگ یەخـەی پێگـرتن ڕیبـازی کێشایە نـاو گۆڕەوە .

کەوتنەوەی ئاگری ناو لۆریەکە ، نەیهێشت ساتێکی تری پڕلەئارامی لەکەش وهەوایەکی خۆشەویستی هەڵکەوتووی نوێدا ، بەخۆشی ژیان بەسەربـەرن ، بـەوهۆیـەوە ئەمـرۆ هەرچی هیواو ئۆمێدیانە ئاواتی دوا ڕۆژیانە، مەخابن ڕێباز وا لەپـڕ لەگەڵ خۆیـدا بیباتە ژێرگڵەوە . کەبە خەیاڵیاندا نەئەهات وا لەپڕ لەو کارەساتەو مەینەتیە نوێیەدا ، گیانی پاکی ڕێباز بەرەو ئاسمانی نەمری بەرزبێتەوە ، بچێتە ڕێزی دڵدارانی هەمیشە زیندو وبەئاکام نەگەیشتووی هاوشێوەی خۆیان. وەک ئەوانەی لە گەڵ دڵدارەکانیاندا ، بەهیوای ژیانێکی ئاسودە بوون ، هەریەکەیان بـە ناهـەمـواری وپـڕ لە کـارەسـات سەریاننایەوە، بەئاکام نەگەیشتن . ناوی ڕێباز چووە ناو لاپەڕەکانی مێژووی دڵدارانی بێبەش لەژیان ، وەک ئەوانەی هاوشێوەی ئەوان کەمێژوویەک وداستانێکی نەمریان بۆ خۆیان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمارکردوە ، وەک ئەوانەی بەهیوای ژیانی هاوسەرگیری وبەیکگەیشتن بوون ، مەخابن بەو ئاواتە نەگەیشتن ، بەنائومێدی سەریان نایـەوە ، بێبەش بوون لەتام وچێژی ژیان وهاوسەرگیری وەک : مەم وزین ، شیرین وفەرهاد ، ڕۆمیـۆو جولێـت ئاسـایی . دەهـا دڵـداری کەی وەک ئەوان بێـبەش بـوون لەژیـان، بەوئاوتانەوە سەریاننایەوە .لەناو ئەمبولانسەکەدا لەڕێگـەی خـەسـتەخانـەدا ڕۆشـنای خۆشەویستی لەتەنیشتیەوە بەبوراوەیـی بـەڕاکـشاوی کـەوتبـوو ، ئـەوانـەی لـە نـاو ئەمبولانسەکەدابوون ، گێرایانەوە ، بەدرێژایی ئەوماویەی لەڕێگەدا کە بەرەو سلێمانی بەڕێوەبوون ، ڕێباز لەدوا هەناسەی ژیانیدا ئەیبزڕکاند : (ڕۆشنا . ڕۆشنا . ڕۆشناگیان !! . دڵەکەم . ئازیزەکەم . ژیانم . خۆزگەم بەساڵی ڕابوردو .! ئاگرە . ! مەترسە .! مەترسە !. ئەتپارێزم ) .بەوشێوەیە گیانی ڕێبازی عاشقی بەئاکام نەگەیشتوو ، بەرەو ئاسمانی جاویدانی بەرزبووە وە ، چووە ڕێزی دڵدارانی بێبەش لەژیان ، دوا وشـەی لـــەژیانیـــدا ئـــەوەبـــوو نـــاوی (ڕۆشـــنا )ی هێنـــا وگیـــانی لـــەدەســـتدا . لەگەڵ ڕۆشنای ڕۆشنکەری ژیانیدا وزەبەخشی خۆشی وگیانیی ، ئەم جارە بـەنیـازو

ئومێدی خۆشی هەتایی بوون ، لەچاو تروکاندنێکدا ئەو ئاواتەیان چووە ژێرگڵەوە .
ناویان بەیەکەوە جووە ڕێزی ، دڵدارانی بەئاکم نەگەیشتوی مێژوو ، وەک ئـەوانـەی
هەتا هەتایە ناویان بە زیندویی ئەمێنێتەوە ، چوونە ڕێزی نەمرانـەوە ، داسـتانێکی
دڵداری وخۆشەویستی کەم وێنەی بێئاکامی وسەردەم وزیندویان بۆخۆیان تۆمارکرد.
وەک مەم وزین ،شیرین وفەرهاد ، رۆمێۆو جولێت ، خەج وسیامەند ، کەهەموویـان
داستانێکی جاویدانی دوانەهاتوی زیندویان لەناوکۆمەڵگەی کوردو گەلانیاندا لەمێژەوە
تۆمارکردوە. هەردوکیان بوونە نمونەی دڵداری وعەشقی پاک وبێوێنـەی سـەردەم ،
کەژیانیان پڕبوو لە نەهامەتی و کارەسات و مەینەتی وخەم وئـازار ، تامـەزرۆبـوون
بەئاواتەوە بوون لەژیانێکی بەختەوەری و سەرتاسەری و هاوسەرگیریدا بەیەکەوە بژین
هـەر بـەو تاسـەو نائومێدیـەوە ئەمڕۆسـەرینایـەوە ، بێبـەش بـوون لـەژیـان .
وەک هـەمـوو لاو وگـەنجـانی تـری کـورد ، کـەهـەردەم بـەدەسـت داگیرکـەران
وڕەگەزپەرستان وشوفێنزمی عەرەبی ودوژمنانی تـرەوە لەکوردسـتان ، بـەهـەمـوو
شـیوەیـەکـی نامـەردی ودڕنـدەیـی ڕەوشـت نزمـی بـەدەردەی ئـەمـان بـران .
بەم شێوەیە پەردە دادرایەوە لەسەر داستانێک وئەفسانەیەک وتراجیدیایەکی دڵداری
وئەڤینی دولاوی سەردەم ، کە ئەو دولاوە بەئاکام نەگەیشتوەی کورد تۆماریانکرد ،
هەردەم ناویان لەسەر دەم بێت ولەیاد نەکرێن .
داستانێکی پاکی خۆبەختکردنیان بۆ مێژوو بۆ نەوەی نوێ تۆمارکرد ، وەک هەمـوو
لاوەکانی کورد کەلە گێژاوی ئەنفالی بەدناودا ،لەوێنەی ئەم کارەساتەیان بەسەردا هات
کە کاروانی شەهیدان وبریندارانی کارەساتی ئاگرکەوتنـەوەکـەی ڕێگـەی سـلێمانی .
کەرکوک ، گەیشتە نەخۆش خانەی سلێمانی ، خەستەخانە جمەی ئەهات ، لە کەس
وکاری خنکاوان ومـردوان وسـوتاوان ، هـاوارو گریـان شـین وشـەپۆڕی ئەو خەڵـکە
لەوناوەدا بەرزئەبووەوە بەردی ئەهێنایە گفتار. ڕۆشنایان بەبۆراوەیی گـەیانـدبوو ،
ئەوەی پێویست بوو بۆ تیمارکردن وچارەسەری بۆ هەموویان بەخێرایی ئەنجامدرا .
دوای ماوەیەک کە ڕۆشنا هاتەوە هۆشخۆی ، بەدەم ئازارو سـوتاویەوە هـاواریبوو ،
ئەکروزایەوە، کە چاوی هەڵهێنا وخۆی بینیەوە لە خەستەخانەدا کەوتـوە وسـوتاوی

پێوەیە ، ڕێبازی دەستگیرانی لەدەورنیە ، دەستیکرد بەگریان وهاوارو لاواندنـەوە و ئەیبزرکاندو داوای ڕیبازی ئەکرد.(ڕێبازگیان ! کوا ڕێباز ! دڵەکەم ! : هـاوڕێکەم ! دڵدارەکەم ! تاکە خۆشەویستەکەم ، هۆی ژیانم ! ڕێباز لەکوێیە ؟. کوا بـابیبینم ! توخوا بمبەن بۆ لای ڕیباز با بیبینم ) . باری خراپی دەرونی ڕۆشنا لەنەخۆشخانەدا بـەردەوام زۆرخراپبـوو ، بەدەم ئـازاری برینەکـانیەوە ئەکـروزایەوە هـاواریبوو . داوای ڕێبازی ئەکرد، ئاخ وئۆف وهاوارو ناڵەو نـزاو گریـانیبوو ، بـەنـاوی ڕیبـازەوە ئەیلاواندەوە ، فرمێسک لەچاوەکانیەوە بۆ سەر رومەتی زەردی هەڵبزرکاوی ڕێچکەی ئەکرد ، ئەیوتەوە : ڕێباز گیان بەچی ئازارێک وهەوڵ وهێلاکی و مەترسیەک ، خەفەت وزەحمـەتێـک ، پێـت شـادبوومەوە ، کـەوتمـەوە دنیـایەکی خۆشـی نوێـوە . نەخێر خەوێکبوو خەیاڵێکبوو، تارماییەکبوو ، لەپڕ هات وخۆی پیشاندام ، وەک هەڵم وپەڵە هەورێک زوو بەزو ڕەویەو لەبەرچاوم نەماوە .

لەوە ئەچوو سوسەی شەهید بوونی ڕیبازی کردبێت ،بەلام زۆر لێی روننـەبـوو وردە وەردە لەڕێی چرپەو قسەی خەڵکەوە ، دڵی لێیداوبوو ، دوایی ئەوگومانە ڕەویەوە ، زانی خۆشەویستەکەی سوتاوەو گیانی لەدەستداوە ، وەک هەموو ئەوانەی کەلە نـاو لۆریەکەدا بوون سووتاون گیانیان لەدەستداوە ، هەموو هیوایەک وخۆشی ژیانی لەگەڵ ناشتنی ڕێباز چووە ناو گڵەوە .ڕۆشنا بەردەوام ئەیلاواندەوە ئەگریاو شیوەنی ئەکرد ڕیبازگیان ئای ئەوساتە کەخۆشبوو خۆتت پیـشاندام خەوبـوو خەیـاڵبوو ، ئـەی بـۆ لەبەرچاوم ونبوویت ! ئەی چۆن ، بۆ والەپڕ نەمایت ! لەدەستم چوویـت ، ئەی بـۆ کوێ چوویت !! ؟. دەک دەستی شکاوم خەونەبوو ، نەخێر نەخێر ڕاستبوو ، بەدواما هاتیت ، دوایی ئاسمان بەزەیی هاتەوە ، بەیەکی گەیاندینـەوە ، کـەچـی وازو تـۆی لەدەست سەندمەوە !. ئای چەند بەدواما وێڵ بوویت !.هەرداو هەردو وشاخ ودەشت وشارەو شارتکرد ، بەشوێنما گەڕایت تامنت دۆزیەوە . پێت شادبوومەوە ، بۆ چەند ساتێک لەگەڵت دڵـم ئـارامبووەوەو حەوایەوە ، لەگەڵـت کـەوتمـەوە دنیـای دڵـداری ژووانەوە ، ئومیدو هیواکانمان ، نوی بوونەوە ، ئەی ئیستا لەکوێیت ؟ ، دەک دەستم بشکێت ونەمێنم ، هەروا زو دورکەوتیتەوە . دوای تۆ من ئیتر بۆ بمینم ، چۆن بژیم ،

ژیانم بۆ چیە ؟. یارەکەم دڵدارەکەم ، ئیتر چۆن شیاوە من بمێنم ، لەپێناوی مندا ژیانت بەخشی ، سوتایت ! تەنها منم گوناهبار ، چۆن ئەتوانم لەم ژیانەدا بێتۆ لەم مەینەتی و پەژارەیەدا بەتەنیایی بمێنمەوە وگوزەرانبکەم ، جاچی ژیانێکە ، چی نرخێکی هەیە !؟. بەدەم گریان وشیوەن ولاواندنەوە وە ئەپارچە شێعرەی ئەخوێندەوەو ئەیوتەوە :

چۆن پێ بکەنم جارێکی تر
نائومێدی لەڕیگامە
ئەگەر گریان عیبادەت بێ
بەهەشت دواهەمین جێگامە
لەوڕۆژەوەی تۆ ڕۆیشتوی
بۆساتێ پێ نەکەنیوم
خەمەکانت پەیتا پەیتا
دەرگایان لەروو تەنیوم
من چیبکەم لەخۆشی ژیان
تەمەن پڕ دەردو خەمە
دڵنیام هەتا مردنم
هەنسک و گریان پیشەمە
لۆمەم مەکە گەر بڵێم
ئاواتە خوازی ژێر گڵم
مەگەر کەسێکی دابڕاو
هەست بکات بەژانی سەردڵم

بۆچەند رۆژێک ڕۆشنا لە خەستەخانەدا مایەوە بەگریان و بەکروزاندنەوەو لاواندنەوە وشین وشەپۆڕەوە خەریکبوو .لەو ماوەیەدا شەهیدە سوتاوەکانی کانی ناو لۆریەکە ،

له دوا دوعا خوازیەکی پڕشکۆدا وئاپۆڕای کەس و کاروخزمان دوستان وهاوڕییانەوە ، تەرمەکیانیان بەکۆمەڵی بەڕێکران بەخاک سپێرران ڕیبازیش لەگۆڕستانی سەیوان نزێک شێخەکەی کاسەوکەوچک بەخاک سپێرارا .ڕۆشنا لەنەخۆشخانە کەوتبوو ، لەبەرناساغی وبرین وزامەکانی لەشی بەباری وباری دەرونی ناجێگربووی مۆڵەتی ئەوەی نەبوو لەڕێ ورەسمی بە خاک سپاردنیدا هاوبەشبێت .
ئەم کارەساتەیش چووەپاڵ تاوانەکانی تری ڕژێمی ، بەعسی فاشیست وجاهیلەکانی عەرەب دژی نەتەوەی کورد .
ڕۆشنا لەوڕۆژانەدا کەلەخەستەخانەی سلێمانیدا مایەوە ، هەر بەگریان وشێوەن ولاواندنەوە خەریکبوو ، دەمێک بۆ دەستگیرانەکەی بگری ، دەمێک بۆ دایک وباوک وبرا بچکۆلەکەی وساتێک بۆکەس وکارو هاونیشتمانی وخەڵکی ئاوایی بگری ، کەهەموو بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن .ڕۆژ بەڕۆژ زام وبرینەکانی ڕۆشنا بەرەو چاکبوونەوە ئەهات ،کەس وکاری وخەڵکی هەردەم لەدەوری بوون دڵیانئەدایەوە و بەسەریانئەکردەوە دەوریان چۆڵنەئەکرد .ڕۆژانە بەدەم گریان وشیوەن وزایەڵە ولاواندنەوە وتێکەڵاو بەهاوار بۆ ڕیبازی هاوڕێی ژیانی و خۆشەویستی ودلداری لەدەستچووی . باسی بەسەرهات وتراجیدیای ، ژیانی خۆی ودڵدارەکەی وگەلەکەی بۆ کەس وکارو خەڵکی ئەگێرایەوە ، هەردەم خەریکی گێڕانەوە وباسکردنی دڵداریە ئەفسانەییەکەی وژیانیانبوو لەگەڵ باسی ڕوداو وکوێرەوەری ومەینەتی وکارەسات وبەدبەختی وژیانی لەگەڵ ئەنفالکراوەکاندا ، هەمووی وردەوردە بۆ خەڵکی ئەگێڕایەوە ، باسی ئەوەشی ئەکرد ، چۆن لەدواکاتدا لە چوارچێوەی بەندیخانەی ناو ماڵێ عەرەبێکدا بێدەرتان وتەنیایی گوزەرانیکرد ، لەلایەکی کەوە چۆن لەگێژاوی ئەم هەموو بەسەر هاتەدا ودورکەوتنەوەدا ، بە لێکدابڕانی لەگەڵ ڕێبازی دڵداری لەوماوە زۆرەدا بەرگەیگرت ، چی ئازارێک وخەفەت وتاڵی ژیانی چێشت ، بەهیوایەوە ژیا .تارماییەکی ڕەش ونائومێدی دەرونی باڵیکێشا بەسەر بیرو خەیاڵ وژیانی ڕۆشنادا ، وازی لەهەموو خۆشی ژیان هێنا ، خەم وخەفەتی هەتایی دایگرت ، دواسوێندی خوارد : کەتاماوە بەیادی ڕێبازەوە ،بەتەنیایی ژیان بەسەربەرێت ، هەموو خۆشیەکی دنیایی بەلاوە بنێت ، خەو وخۆراکی یادی

ڕیبازبێت ، هەتاماوە بەرگی ڕەش بپۆشێت ، سوێند بێت ئەوچاوە کوێربێت کەسێکی کەی پێ ببینێت .
هەموو ڕۆژێک بەڕێی گۆڕستانەوەبوو هەرجارە کە ئەچوو بۆ سەردانی گۆڕەکەی تۆپەڵێک قوڕی لە سەری هەڵئەسو ، سەرپۆشێکی شینی ئەدا بەسەریدا ، زۆرترین کاتەکانی بەگریان ولاواندنەوە لەسەر گۆڕەکەی بەسەرئەبرد ، شێعری بەسەردا هەڵئەدا، گوڵی جوانی لەسەری ڕواندبوو ، چەپکەگوڵی زیادەی تریشی ئەخستە سەر گۆڕەکەی ، فرمێسکی بەردەوامی بۆ هەڵئەڕشت کە بەسەر ڕۆمەتی هەڵبزڕکاوی زەردیدا ڕێچکەیئەکرد ، بەوشێوەیە ڕۆشنا ژیان وکاتی بەسەربرد . بەدەم گریانەوە شێعری هەڵئەدا بە سەریداو ئەی وتەوە ، ڕێباز گیان : هەمیشە چاوم لەڕیی هاتنی تۆیە دەبا کوێراییم دابێ گەر تۆ نەبینمەوە لەوڕێیە .
هەر جارێک کە لەگەڵ کەسوکاری بۆ سەردانی گۆڕەکەی ڕێباز ئەچوو ، هۆنراوەیەکی نوێی پێبوو بەسۆزوگریان ولاواندنەوە ئەیخوێندەوە . ئەم جارە پارچە شێعرێ شاعیرێ پڕ لە هەست وناسکی ناسک حەمە غەریبی پەیداکردبوو لەسەر گۆڕەکەی خویندیەوە :

کە بیـــر لە تـــۆ ئەکەمەوە بەئاســـتەم خـــۆم بـــۆ ئەگیـــرێ
هەر لەخۆشەویـــستی تـــۆیە کەواشـــیعرم بـــۆ ئەنووســـرێ
دەســـا ئـــازیز ســـاتی وەرەو لەم بێـــدەنگیە دەرمبێـــنە
وەکـــو کـــزەی بـــای شـــەماڵی تـــۆزێ دڵـــم بلاوێـــنە
خـــۆزگەمنیش وەک پەپـــولە گـــشت تەمەنـــم وەرزێ بـــووایە
ئەو کـــاتەی کەتـــۆم بەجـــێ هێـــشت ، ئیتـــر مەرگـــم بهاتـــایە
خـــۆ ژیـــانم بـــێ مانـــایە لەدوری تـــۆ ئـــازیزەکەم
چـــۆن بێتـــۆ بـــێ نیـــشتمانیش ، تەمەنێکـــی تـــر بەڕێـــکەم
تـــا کەی لە غوربەتـــا بـــژیم هەمیـــشە خەم میـــوانم بـــێ
هەمـــوو کەس خـــاوەن نیـــشتمان ،بـــۆمن نیـــشتمانم نەبـــێ

به ناچـــــاری ڕێگـــــا دەگـــــرم فرمێـــــسک ڕشـــــتن دادم نـــــادا
ئەوەی لەدڵـــــی منـــــدایە بەس خواوەنـــــد هەســـــتی پێـــــدەکا
بـــــۆیە دەڵـــــێم ئەی خـــــودایە خـــــاوەن دەســـــتەڵاتی مەزن
نیـــــشتمانم ئـــــاوەدان بـــــێ و ئاســـــودەبێ ئـــــازیزی مـــــن
ئـــــاخر چـــــۆن بیـــــری تـــــۆ نەکەم کەتـــــۆ شـــــازادەی دڵـــــم بـــــی
ئـــــاخر چـــــۆن نـــــاوی تـــــۆ نەبەم کەتـــــۆ هەســـــت وئەویـــــنم بـــــی
ئـــــاخر چـــــۆن بڵـــــێم مـــــن ئیتـــــر تـــــۆم لە بیـــــر خـــــۆم بردەوانـــــێ
کەس نەزانـــــێ خـــــۆت ئەزانـــــی عەشـــــقت بـــــووەتە نیـــــشتمانێ
نـــــا نـــــا ئـــــازیز مـــــن هـــــیچ کـــــاتێ نـــــاوت لە دل ناســـــڕمەوە
دوای مردنیش داوائەکەم گەر ڕازیبیت تۆم بەنەوە

باسی بە سەرهات وبێئاکامی عەشقی بێوێنەی ڕۆشناو ڕێباز ، بووە باس وخوازو گێرانەوەی خەڵکی شاری سلێمانی ، لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانیش وکەنال ومیدیاکانـدا دەنگیـدایەوە ، کەمـاوەیەک بەڕۆمـاڵکردنی وگێرانـەوەی داسـتانی خۆشەویستی ، شێرین وفەرهادی سەدەمی کوردەواریەوە خەریک بوون ، کاتێک لەگەڵ یەکێک لە کەنالەکاندا کەوتە گفت وگۆ لەپرسیارێکدا کە لێی کرا : بەتەمای چیت وپڕۆگرامت لەم ژیانەدا چیە ، تاخۆتی پێوە خەریکبکەی ، بۆ ئەوەی دوای ئەو هەموو کارەسات ونەهامەتی وکوێرەوەری ومەینەتیەی لەژیانتا بەسەرتا هات ، بیکەیتە هۆی تەسەلاو سەبووری دڵت .لەوەرامدا وتی : ئەگەر خێرەو مەند سەرمایەدار ، هەبێت بنکەیەکی خێرخوازی دروستبکەن ، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دارایی وئاگاداری ئەوبنکەیە بخەنە ئەستۆ ، سەرچاوەیەکی دارایی بۆ دەستەبەر بکەن ، منیش ژیانی خۆم تەرخانئەکەم بۆ خزمەتکردن لەوبنکەیەدا ، کەخزمەتی لێقەوماوانی ئەنفال ومنداڵانی سەرگەردان ولانەوازو بێکەس بکەم و لەوبنکەیەدا کۆیانبکەمەوە بەسەریان بکەمەوە وبەباشترین شیوە خزمەت وپەروەردەیان بکەم . وەک (مادام ترێزا ) ی هیندی وبەشێوەی ئەو بتوانم هەڵس وکەوت وکاربکەم

، لەو بوارەدا هەموو توانام چالاکیم بخەمەکار ، تائەو لایەنەگرنگە مرۆڤایەتیە بەباشی بەڕیوەبەرم .

کە کتیبێکم پەیداکردوە باسێ چالاکی وکارەکانی دایکە ترێزا دەکات ، لە سەر ڕۆشنایی ئەوکتێبەو زانیاریەکانی ، منیش بتوانم خزمەتبکەم . دوای بڵاوبوونەوەی ئەم وت وێژە ، چەند سەرمایەدارو خێر خوازێک هاتنە پێشەوە ئامدەبوون ، بەهەموو بنکەیەکی خێر خوازی سەردەم دروستبکەن ، بەردەوام پێویستی دارایی بۆ بەڕێوەبردنی دەستەبەر بکەن ، هەموو دەست بەکاربوون بۆ ئەنجامدانی ئەوکارە خێرخوازیە . کەلەماوەیەکی نزیکدا کەوتە واری جێبەجێکردنەوە ، ئەم پرۆژەو هەنگاوە پیرۆزە بووە مایەی دڵخۆشی بۆ ڕۆشنا تاڕادەیەک سەبووری پێدائەهات وخۆی خەریک کردبوو پێوەی. مامۆستاکانی ئاواییەکە ، کە ئەهاتن بۆ سەردانی ڕۆشنا ، بەسەر هاتی ئاواییەکە وئەنفالکردنی ناوچەکەیان بۆ ڕۆشنا ئەگێڕایەوە ، کەتا ئەمڕۆژ ئاواییەکەیان ئاوەدان نەکراونەتەوە ، خەڵکی ئاواییش تا ئەمڕۆ هەربێسەرو شوێنن ، نازانن چیان بەسەرداهاتوە ؟. هیچ سۆراخیان نیە . وتیان دوای ڕاپەڕین ، ناوەندەکانی فەرمی وپەیوەندار هەر خەریکی گەڕان وپشکنینن وپرسیارن ، بەدوای زانیاریدا ئەگەڕێن ، تاسۆراغی زیاتریان بکەن ، کەچیان بەسەردا هات ، لەکوێ جینۆسایدکران لاشەکانیان لەکوێ نێژراون یان فڕیدراون . ڕۆشناش باسی بەسەر هات ومەینەتی وئازارەکانی خۆی و ژیانی کولەمەرگی خۆی لەوماوەیەدا ئەگێڕایەوە بۆیان..مامۆستایەکیان وتی: من دەربارەی بەسەرهات وکارەسات ومەینەتی تۆ وڕیبازی دڵدارت وئاواییەکەو ئەنفالکراوان ، زانیاری زۆرم لەلایەو نووسیومەتەوە وکۆمکردوەتەوە ەوساڵانەوە کەلەوێ مامۆستابووم ، هەستمکردبوو بەئەوین ودڵداری وخۆشەویستی نێوان هەردو لاتان . لەوساوە،بیرۆکەیەک لەبیرمدا گەشەی کردبوو ، دەربارەی ئەم ڕوداوانە وبەسەرهاتە دەگمەنانەی ئێوە ، وەک یادەوەریەرکی دوعاشق وبەسەرهات وکارەساتی ئەنفال ، هەر زوو بەنیازبووم لەشێوەی ڕۆمانێکدا ، بیان نووسمەوە لەشێوەی یاداشتێک وڕۆمانێکدا ، لەڕاستیدا دەستمکردوە بەنووسینەوەیان ، کە بەکارێکی باشی ئەزانم .

هەر بەوبۆنەیەوە ماوەیەکە بـەمکـارەوە خـۆم خـەریککـردوە ، لەشـێوەی ڕۆمانێـک وتراجیدیاو داستانێکی دڵداری بێوێنە وتاک وپاکی تۆو ڕێبـازی هاوڕێـت ، گـەڵاڵـەم کردوە ،زۆرم لێنووسیوەتەوە . ئەوەی ماوە نیوەکەی تـری وکۆتـاییە ، چاوەڕوانـی دەستی تۆین وباس وگێڕانەوەی تۆیە کەلەو ماوە دورو درێژەدا کە ئەنفال کرایـت ، چێــت بەســەردا هــات وچــۆن ئەومــاوەیەت بەســـەر بـــرد ولەکـــوێ بوویـــت ؟ . ئازارو بەسەرهات و چەرمەسەری و مینەتیەکانی خۆتمان بۆ بگێڕیتەوە وتەواوییبکەیت ، تا هەموو لاکانی چیرۆکەکە تەواو ببێت لە بـەردەسـتدا بێـت .کەبەنیـازین بیکـەینـە تۆمارێکی زیندو لەبیر نەچووی دوعاشقی بەئاکام نەگەیشتوو ، وەک شیرێن وفەرهاد ، مەم و زین ئاسایی .کەئێوە نمونەی بەرکەوتوو قوربانی ئەوتاوانانەی ئەنفال بوون ، بەهۆی زوڵم وزۆری وجینۆسایدی بەعسی فاشست وعونسوریەکـانی عـەرەبـەوە ئـەم تاوانـــە نامـــەردیانـــە دژی نـــەتـــەوەکـــەمـــان بەردەوام ئـــەنجامئەدرێـــت . ڕۆشنا گفتی بەمامۆستاکانیدا کە لە گێرانەوە ونووسینەوەی ئەم بەسەرهات وکارەساتە یارمەتیان بدات وهاوکاریانبێت . مامی وئامۆژنی ڕیباز لەوێ ئامادەبوون ، لەولاشەوە گوێیان لـەم بـاس وخـوازەی مامۆسـتاکان وڕۆشـنابوو ، کەدەربـارەی نووسـینەوەی بـــەســـــەرهـــات ویـــادەوەری ڕۆشـــناو ڕێبـــاز خۆیـــان خەریـــک کـــردوە.
مامی هەڵی دایە وتی : ئێمەیش نووسراوێکی ڕێبازمان لەلاهەیە ، کـە باسـی ژیـانی وبەسەرهاتی خۆی و ڕۆشناو وکەس وکاری وخەڵکی ئاوایی وئەنفالکراوانی نەتەوەکەی بەدرێژی تیا باسکردوە لەسندوقێکدا هەڵیگرتوە، بەو یادەوەری ونووسراوەی ئەویش هەموو لاکانی ڕوداو وبەسەرهاتەکانی هەردوکیان تەواو ئەبن .
کۆتایی بەژیانی ڕیبازی داماودا هـات ، بـەنائومێـدی سـەرینایـەوە ، هـەمـوو ئـاوات وخۆشیەکانی دڵـداری و خۆشـەویـستی وژیـانی ، لـەگـەڵ خـۆی بـردە نـاوگۆڕەوە ، یادگارێک وتارماییەکی ڕەشی پرڵەتاریکی بۆ ڕۆشنای ئازیز ودەستگیرانی ، بەجێهێشت پەردە دادرایەوە لەسەر ئەو کارەسات ونائومێدی وناهەمواری بێبەش بوونەی دولاوی عاشقی بەئاوات نەگەیشتوو .

هەموو لاکانی ئەم عەشقە پاکەی دولاوی خێرنەدیو وداماوە نووسرایەوە ، بۆ ئەوەی وەک گێرانەوەیەک و چیرۆکێکی نووسراوی زیندو لەلاپەڕەکانی مێژووی عاشقان ، لەناو لاپەڕەکانی کتێب ومیدیاکاندا بۆ نەوی نوێ بمێنێتەوە . وەک گێرانەوەیەک دەربارەی دڕندایەتی ودوژمنایەتی حیزبی بەعس وعەرەبی ڕەگەزپەرست ، تاوانەکان وباسەکانی جینۆسایدو کاولکاریان هەردەم یادو دوبارە بکرێتەوە تاوانەکانیان لەبیر نەکرێن .:

.

## وەك ئەمڕۆ لەم كتێبەدا كە لەبەردەستدایە

هەموو ئازارو خەم وتەنیایی وتاڵاوی ژیان وفرمێسک بۆ ڕۆشنا مایەوە، داستانی ئەودو عاشقە بووە سروودی وڵاتی کاولکراوی خوێنین و بۆ ڕۆڵەکانی ئەنفالکراو وکیمیاباران وڕەوپێکراو وکۆمەڵکوژکراو ...... بۆ کوردستانی خۆشەویستی ژێردەستەو خوێناوی .

# بەشی کۆتایی

## دوا تێبینی

کاتێک دەستمکرد بەنووسینەوە وگێڕانەوەی تراجیدیای ( ڕێباز و ڕۆشنا ) لەوەپێش لەکاتی خۆیدا چەند ساڵێک لەمەوبەر لەبیرو مێشکمدا گەڵاڵەمکردبوو ، بەکورتی نووسیبوومەوە جارێک لەگۆڤاری (ئەمادۆ ) دا بڵاومکردەوە، دوایی وام بەباش زانی ، بەناوی مامۆستایەکی ئاواییەکەیانەوە ، بینووسمەوە ، وەک ئەو ئاگای لەهەموو لاکانی بەسەرهات وڕوداوە تراجیدیاکە بووبێت ، لەدەمی هەموو بەشدارانی ئەم کارەساتە زانیاری وەرگرتبێت ، لەگەڵ یادەوەریەکانی ڕێباز کەلەدوای خۆی بەجێماوە . منیش هەر بەوشێوەیە نووسیمەوە ، تاخوێنەری بەڕێز وابزانێت ، چیرۆکێکی ڕاستیەو لەسەر زەوی بەیەکەوە لەیەک کاتدا هەموو بەشەکان ڕویانداوە ، لەسەر زمانی هەریەکێکیان ئەگێررێتەوە ، هەرچەندە بەش بەشەو هەمووی لێرەو لەوێ ، وەک وێنەیک و جیا جیا لەهەڵمەتەکان وهێرشەکان وتاوانەکانی ئەنفالدا لەڕاستیدا ڕویان داوە ، کە بۆقرانی میللەتەکەمان ئەنجامدراون لێردا هەموو بەشەکان ڕوداوەکان کۆکراونەتەوە و ڕیکخراون.ئەم داستان وڕۆمانە، دڵداریە تراجیدیەی ڕۆشنا وڕێباز بەناوی (ڕۆشناو ڕێباز، یان فرمێسکی رۆشنا)ی لێهاتوەتە بەرهەم . کە بەشێکە لەئەنفال وکۆمەڵکوژی ، کەبەدەستی نەژادپەرستانی بەعس وعەرەبە ئەم تاوانانە ئەنجامدراون ، کەتا ئەمرۆژ ئەو مێشکە پوتەیان ، پڕن لەبیرو ڕەفتار وڕەوشتنزمی جاهیلیەتی عەرەبی ڕەگەز پەرستی ، سەدەها سالە گەلی کوردمان بەدەستیانەوە توشیبووە ، کەتا ئەمرۆژ بەردەوامە وپەیڕەوی ئەکەن . کارەسات وکۆمەڵکوژی (جینۆسایدی ) وئەنفاڵ و کیمیاباران و ڕەوی بەکۆمەڵی کورد لەمێژووی سەردەمی مرۆڤایەتیدا بێوێنەبوو ، بەدرێژایی مێژوو کورد تائەم ساتە بەوشێوەیە بەسەریدا نەهاتوە ، وبەسەرهاتی هەموو کوردێکە . بیرۆکەی گێڕانەوەی ئەم بەسەرهات وکارەساتە ، وەک کورتە چیرۆکێک : لەتاوانەکان وهێرشەکانی ئەنفالچیەکانی عەرەبەوە و لەشکری بەعسەوە ، سەرچاوەی گرتوە، کەدڕندانەو بێ بەزەیی ودەرلە ئایین وبیری مرۆڤایەی یاسای نێودەوڵەتی ، بەناوی ئایەتێکەوە کەناوی (ئەنفالە ) ، ئەنجامدراوە .

ئەوئایەتە لەکاتی بڵاوبوونـەوەی ئیـسلامدا دژی کـافران بـوو ، بـەپێـی فـەرمـودەی ئەوئایەتە: هەرچی ماڵ وژن ومنداڵی کافرانەو وهەرچیان هەیە بۆموسوڵمانان حەڵاڵەو ئەمەیە ڕێگەی جیهادی ڕاستی لەپێناوی ئایینی ئیسلامدا ، گوایە ئەم تاوانە ئەمڕۆ لەلای خوای گەورەوتاکەوە جیهادە. بەوپێیـە سـەدام وکاربەدەسـتانی بەعس گەلـی کوردیان بەکافر ومورتەد دانا ، کە ئێمـەی کـورد کـافرین ، بەڵام عـەرەبـە کـافرە ڕەگەزپەرستەکان موسوڵمانن ، بەوهۆیەوە گوایە ئیسلام ئەمرئەکات وجیهادە ، بۆیە هێرشی کوشتن ومەرگیان هێناوە ، ژیان وموڵک وماڵ وژن ومنداڵمان بۆیان حەڵاڵکراوە ، هەر بۆیە کوردستانیان کاول وێرانکرد ، وەک بیابانیان لێکرد کەم خانوو بەپێوەما ، خـەریکبـوون نـەتـەوەی کـورد لـەخـواروی کوردسـتان بـەیـەکجـاری قڕبکـەن .

ئەم نووسراوە بەسەرهاتی هەمـوو تـاکێکی کـوردە ، تایبـەت نیـە بـەکـەسێک یـان ناوچەیەک . هەرناوێک لەم نووسراوەدا هاتبێت وەک : مامە وەیسە ، مام ڕۆستەم ، ڕۆشنا ، ڕێباز ، خونچە ، ناوی دانراون ، هەرچەندە نـاوی وا هـەیـەو زۆرە ، نـاوی کەسێکی ئاماژە پێکراو نیە کە بەسەری هاتبێت ،بەلکو هـەر(بـەنـاوە) زادەی بیـرو خەیاڵی خۆمە .یان کە ناوی دێی دەرتووم هیناوە ، لەوانەیە دێیەک هەبێت بەو ناوەوە بەڵام لێرەدا مەبەستم ئەو دێیە نیە ، لەوانەیە نەزانم لەکوێیە ،بەباشم زانی بینووسم ،نمونەیەک بێت بۆهەموو دێهاتەکانی تری کوردستان ، کە باسی هەڵکەوتنی دێیەکە کراوە ئەوەش هەر خەیاڵەو دروستکراوە وەک دێیەکی ئاسایی نموونەیی کوردسـتان باسکراوە، شوێنی دەستنیشان کراوی نیە . ئەگـەر لـە هـەنگـاوەکـان وبـەشـەکـانی ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال وردبینەوە باسـیان بکەیـن ، تـوێژینەوە لە سـەر هەمـوو تاوانەکانی، ڕژێمی بەعسی سەدامی تاونکاری خوێنڕێژ بکەین ، روداوی تیا هەڵبژێرین وبـۆلبژێر بکـەیـن، بیکـەینـە نمونـەیـەک بـۆ باسـکردن وتۆمـارکردنی تـا بـۆ مێـژوو بینووسینەوە، سەدەها کتێب ولاپەڕەکانی گۆڤارو ڕۆژنامەکان پڕئـەکـەن لـەزانیـاری وتەواو نابن .ئێمەیش ئەوەی داوامانە لەڕۆڵەکانی کورد وهیوامانە ، هەردەم یادی ئەو تاوانانە بکەنەوە ، بەنووسین بێت ، لەپەڕاو وگۆڤـارو ڕۆژنامـەکانـدا،یان باسـکردنی لەکەناڵە ئاسمانیەکاندابێت ، یان وەک یادەوەری مێژوویی ساڵانە یادیبکەنەوە ، یان

بەهەر هۆیەکی تر، هەر لەیاد بێت ، تا نەوەکانی نوێ ، لەبیری نەکەن ، کەبزانن بەدەستی ئەم خوێنرێژە درندە کافرانەوە چیمان بەسەردا هات. زۆر جار بەناوی ئەودینەوە بەودەردەیان بردوین ، بەپێچەوانەوە خۆیان فرپیان بەسەر ئاینی ئیسلامەوە نەبووە .

هەربەو ناوەوە لەورێگەیەوە تاوانەکانیان ئەنجامداوە، ئێمەیش واقمان ورمابوو ، زۆر جار نەمان ئەزانی چیبکەین ، چون وەک ئەوان بەشێوەی ئەوان ، بەرپەرچیان بدەینەوە وەرامی بەرێ وجێمان هەبێت بەهەمان چەکی ئەوان بەرەو رویان ببینەوە (نەک لەرێی تاوانکاریەوە).

لەوانەیە نەوەی نوێمان ، ئەو هەموو زوڵم وزۆرو کۆمەڵکوژیەیان ، نەچێشتبێت وئاگایان لێنەبووبێت ، نەبیستبێت یان لەو ساڵاندا منداڵ بوون نەیان بینیبێت ، ئەوهەستەی ئێمەیان لادروست نەبووبێت ، هەست بەوکاریگەریە وتاوانانەو ئازارانەی ئێمەنەکەن ، کە ئەو زوڵم وزۆرو جینۆسایدو کاولکاری وتالانی وکوشتن وبرێن وئەشکەنجە وئازارو کیمیاباران وکۆرەو رەوپێکردنی کوردو بە بەعسکردنی بەزۆرو سوتاندنی باخ بیستان ورەزو وشککردنی سەرچاوەی ئاوەکان ، تەختکردنی هەزارەها خانوو ماڵ وشارو دێهات ،سەدەها تاوانی تریان نەدیبێت . لەوانەیە هەبێت بڵێت زەمانی سەدام خۆشتربوو ئاواتی بۆبخوازن . بائێمە هەردەم باسی ئەو تاوانانەیان بۆبکەین و بیریان بخەینەوە ، وەک تاوانێکی بێوێنە لە مێژووی نەتەوەکەماندا ، پەندی لێوەربگرین ،هەردەم لەبیرمان بێت هاندەرو عێبرەت وپاڵ پێوەنەرمان بێت بۆ یەکبوون ویەک ڕێزی تەبایی و یەک هەنگاو لەکاتی چارەنووسیدا هەرچەندە بیرکردنەوە وبیرو باوەڕمان وبۆچوونمان جیابێت ، بەڵام ئاسایشی نەتەوەیی یەکمان ئەخات ، پێمان ئەڵێت بەیەک بوونتان ژیانتان ئاسودەو بەرقەرارتر ئەبێت ، هەر لەورێگەیەوە تەنها لەورێگەیەوە بەیەک بوونی ماڵی کورد بەئاوات ئەگەن ، سەروەری وسەربەخۆیی بەدەست ئەهێنین . لەدواوشەدا داوای لێبوردن ئەکەم لەو بەڕێزانەی کەئەیخوێندنەوە ئەگەر هەڵەیەکیان بەدیکرد ، وشەیەک بەهەڵە نووسرابوو ، ڕەخنەیان هەبوو ، بەچاوان وەریئەگرێن وپێمان خۆشەو بەکەڵکەو ڕاستکردنەوەی هەڵەیە .

ئەگەر هەبێت کتێبەکەو بیرۆکەکانی بەدڵنەبێت ، لەوەرامدا ئەلێم هەر ئەوەنـدەم لەتوانادا هەیە دواجار ئەوەی ئەمەوێت بیڵێم ،کە لەنێـوان نووسـراو وتیکـستەکاندا دێڕەشێعری شاعیرانم نووسیوە هی کۆنەکان وشاعیرانی نـوێە ، داوای لێبوردنیـان لێئەکەم کەلەکاتی نووسیندا پرسم پینەکردون وکارێکی خراپم نەکردوە .

***



# شاعیری هەستیار و هەڵگەوتوو ( دکتۆر ئەمین )

هەر بەوبۆنەو ومانایەوە ، هاڕیی سەنگین وبەڕیزم دوکتۆر ئەمین شاعیری هەڵکەوتوو خاوەن بیری وردو پرماناو ڕازاوە بەوشەی کوردی سادە لەشیعرەکانیدا ، کاتێک ئەم نووسراوەی خۆێندەوە، هەستی شیعری بزوت جۆشیخوارد بەوشەی کوردی پەتی سادە بەم چەند دێڕە کورتە ، بەسەرهاتەکەی بەرجەستەکرد ، منیش بەسوپاسەوە والەخوارەوە ئەینووسمەوە:

لەوێ ڕۆژێ ئاسمان تاریک
ڕێگای دەربازبوونیش باریک
چاوی زەق وگوێچکەی گەورەی میدیای جیهان کوێرو کەڕبوو
والی بەغدا گورگی برسی وگەلی کوردیش ڕانەمەڕ بوو
چێشتەنگاو بوو لەشەرماندا خۆر ئاوابوو
ڕۆشنا...! چرای بێنازی ناو بەنگەڵەی تۆپزاوا بوو
دێوەرەیەک بەکۆترێکی قەلیدا نامەیەکی پڕ ئەسرینی
مێخەک ڕێژی گەیاندە دەست ڕێبازەکەی لەسلێمانی
ئەزمڕ گریا ، بەرانان سەری نەوی کرد ، گۆیژە باهۆزی هەڵکرد
پیرە مەگرون بڕیاری دا بەناو تەلی دڕکاویدا
پێ بنێ لەژێڵ بەپەنهانی
بچێتە باستیل لەگەرمە سێر
نە سەدای ئەڵا وەیسی دێ

نەخورشیدی نەقەتارێ

لەدەشت مۆڵگە

لە ڕێ بازگە

لەسەرکانی ولەسێبەری هەموو دارێ

پەپکەی دابوو بۆرە مارێ

لەدوا وێستگەی گەڕانەوە بەرەو باوان

ئەفسوس سوتان

بۆ فەرهەنگی

میژووی گەلێکی ژێر دەستە

بوون بەدیرۆک

بوون بە داستان



## کورتەیەکی ژیانی نووسەر مامۆستا
## محەمەد باقی سەعید بەرزنجی

*لەساڵی ١٩٣٥ دا لەسلێمانی لەگەڕەکی گۆیژەدا (سابوون کەران ) لە دایک بووم .
* لەساڵی ١٩٤٢ دا خرامە بەرخوێندنگە لە قوتابخانەی غازی سەرەتایی .
* لەساڵی١٩٥١ دا ، چوومە دار المعلمین لەبەغداد.
* لەساڵی ١٩٥٢دا ، هاوبەشیَ ڕاپەڕینی بەغدادمان کرد ، بەهۆی هەڵوێستی نیشتمانی ، بۆماوەی ساڵێک لەگەل کۆمەڵێک هاوڕیَ لە مەکتەب دورخراینەوە .
* لەساڵی ١٩٥٥ دا بەپلەی ئیمتیاز بەبی تاقیکردنەوەی کۆتایی نومرەی بەرزم هێنا .
* لەساڵی ١٩٥٦ دا بۆ یەکەمجار لەماوەت بەمامۆستا دانرام .
* بەهۆی هەڵوێستی نیشتمانیمەوە چەند جار گوێزراومەتەوە.
* لەساڵی ١٩٥٨ دا ، گوێزرامەوە بۆناو شاری سلێمانی بۆ قوتابخانەی بارزانی سەرەتایی .
* لەساڵی ١٩٦١ دا هاوکاری شۆڕشی ئەیلولی مەزنم کرد ، ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بووم.
* لەساڵی ١٩٦٢ دا ، یەکێک بووم لە دامەزرێنەرانی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) ، لەیەکەم کۆنگرەی دامەزراندنیدا ،بوومە ئەندامی سکرتاریەت وئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ئامانج.
* لەساڵی ١٩٦٢دا ، بەئەمری زەعیم سدیقی خوێنرێژ ، لەئینزیباتخانە گیرام وئازاری زۆر درام ، لەدوای ئینقیلابی بەعسەوە لە ١٩٦٣/٢/٨ ، بەهۆی ڕیک کەوتنی سەرکردایەتی کورد لەگەڵیاندا بەربووین .

* لەسـاڵی١٩٦٣دا بەهـۆی شـەهیدبوون وگیرانـی ئەنـدامانی سـکرتاریەتی یەکێتـی مامۆستایان ، ناچار بوومە سکرتێری یەکەمی یەکێتی مامۆستایان ، تاکۆنگرەی دوەمی یەکێتی مامۆستایان بەوشیوەیە مامەوە، کەلەهاوینی ساڵی ١٩٦٧دا گیرا ، تا ئەوساڵە بەردەوام سکرتێر بووم .

* هەتا لیستەکانی یەکێتـی مانۆسـتایانی کوردسـتان لە هەڵبژاردنەکـانی نەقـابەی مەرکەزی مامۆستایانی عێراقدا سەرئەکەوت ، بەسـەر پـارتی کۆمۆنیـست و لیـستی بەعسدا ئێمە کەبراوەبووین ، بەوهۆیەوە لەزۆرترین دەورەکاندا ئەندام بووم ، نوێنەری فەرمی نەقـابەی مامۆسـتایانی سـلێمانی بـووین لەکۆنگرەکـانی بەقـابەی مەرکەزیـدا لەبەغداد. بەردەوام بووین تاساڵی١٩٧٤و هەڵگیرسانەوەی شەر لەگەل ڕژێمی بەعسدا .

* لەســاڵی ١٩٧٣دا ، لەدوای ئەوەی ، لەدەورەی ئیـدارەی مەدرسـیدا (بەیەکەم وبەنومرەی ئیمتیاز) دەرچووم ناچار کردمیان بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئەمین زەکی لەکارێزی مەجید بەگ .

* لەســـــاڵی ١٩٧٤دا پەیوەنـــــدیم کــــرد بەشۆڕشـــــی ئەیلـــــولی مەزنەوە .

* لەساڵی ١٩٧٥دا دوای ڕێکەوتنی جەزائیری بەدناو بۆماوەی (٥) پێنج ساڵ نەفی دیوانیە کرام .

* لەسـاڵی ١٩٨٣ دا بەهـۆی کـاری نـامەردانەی بەعـس ، خـۆم خانەنـشین کـرد ، بەوهۆیەوە ، لەناو مامۆستایاندا کەمترین موچەی خانەنشێنی مامۆسـتایانم هەیە .

* لەڕوی چـالاکی کـۆمەڵایەتی وڕۆشـنبیری ونووسـیندا ، لەزۆر گۆڤـارو ڕۆژنـامە کوردیەکاندا هاوبەشبووم نووسینم هەیە دەربـارەی مێـژوو ، پەروەرە ، سیاسـەت . تائەمڕۆ لەسەرئەرک وپارەی خۆم ، چەند کتێبێکم بەچاپ گەیاندوە هەموو بەناوی ( بۆ مێژوو) :

١/ بۆمێژوو، ئینزیباتخانەو تاوانەکانی ، زەعیم سدیق (بیـرەوەری). چـاپی سـیەم

٢/ بۆمێژوو، چەند خاڵێکی چاکسازی ، بۆ بەردەم کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

٣/ بۆمێژوو ، یادەوەریم دەربارەی ، دامەزراندنی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان).
٤/ بۆمیژوو ، کەرکوک ونەتەوەکانی دەوروپشتی وژیانیان ، بەدرێژایی مێژوو .
٥/ بۆمێژوو ، ئاسایشی نەتەوەیی کورد وخاکی کوردستان ، پەندە میژووییەکان وعیبرەت .
٦/ بۆمێژوو ، پوختەیەک لەمێژوو، ساغکردنەوەی مێژووی (نەورۆز وکاوەی ئاسنگەرە)، توێژینەوەیە .
٧/ بۆمێژوو ، کتیبێک بەناوی (فرمێسکی ڕۆشنا) دەربارەی تراجیدیای ئەنفالە . (کەلەبەر دەستایە)
* لەساڵی ١٩٦٤ دا ، ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێناوە : سێ کوڕو کچێکم هەیە بەناوی :
١/ پشتیوان ١٩٦٥ ئەندازیار ، زانکۆی موسێل (موسڵ) .
٢/ ئاری ١٩٦٧ ئەندازیار ، زانکۆی تەکنۆلۆجی بەغداد .
٣/ دیاری ١٩٦٩ بەشی یاسا ، زانکۆی سەلاح الدین ، هەولێر.
٤/ جوان ١٩٧٦ ئەندازیاری ، زانکۆی سلێمانی (کشت وکال) .
* بەدرێژایی ژیانم بەهۆی هەڵوێست وچالاکی کوردایەتی ونیشتمان پەروەریەوە، ( ٣ سێ ) جار ماڵم تالانکراوە زەرەرمەند بووم : لەسالانی ١٩٦٢ . ١٩٧٤ . ١٩٩١ ، دا سێ جار ماڵەکەم ، کتێبخانەکەم ، بەتالانی براوە . لەگەڵ سەیارەکەم (بەژمارە ٥٩٠ سلێمانی کەلەلایەن بەعسەوە براو لەمەزادا فرۆشرا) ، بەڵگەو نووسراوی فەرمیم هەیە لەوبارانەوە . بەم شێوەیە :
١/ لەساڵی ١٩٦٢ دا لەلایەن سەربازە درندەکانی زەعیم سدیقەوە ، بەشیک لەماڵ ومەکتەبەکەم بەتالانی بران وهەندێکیان ، شکینران .
٢/ لەساڵی ١٩٧٤ دا ماڵەکەم ، کتێبخانەکەم لەلایەن بەعسەوە خرانە ناو زیلی عەسکەریەوە بەتالانی بران ، سەیارەکەم (ژمارە ٥٩٠سلێمانی) ، بەتالانی برا ،خانووەکەم حیجزکرا ، درابەعەرەبێک .
٣/ لەساڵی ١٩٩١دا لە ڕاپەڕینەکەدا ، کاتێک ئەمنە سورەکە داگیرکرا ، لەبەر ئەوەی دیواری ماڵەکەم لەگەڵ ئەمنە سورەکدا یەک دیواربوو ، هەرچی لەماڵەکەمدا هەبوو ،

بەتالانی بران ، وایان زانی بەشێکە لە ئەمنە سورەکە. خانوەکەیشم بە (ئار . بی . جی ) زیانی زۆری بەرکەوت ، بەپارەیەکی زۆر بۆم چاک کرایەوە لەدەربارەیانەوە لەدادگادا ڕاپۆرتم هەیە ، قەرەبوو نەکرامەوە.

* لە ژیانمدا لەلایەن بەعسی فاشستەوە توشی گرتن وئازارو ئەشکەنجەی زۆرو چەرمەسەری ونان بڕین ونەبوونی ودەربەدەری بووم ، توشیماڵکاولی وتالانوبڕی بووم ، بۆماوەی پێنج ساڵ نەفی دیوانیەکراوم ، لە ئێران لەساڵێک زیاتر دەربەدەر بووم ، کەبۆ هەمووی بەڵگەی ساغکراوە وشاهیدم هەیە.

* لەگەڵ ئەم هەموو لێقەومان ونان بڕین ونەبوونیەدا . بەدرێژایی ژیانم بەپوڵێک یارمەتی نەدراوم ، قەرەبوو نەکراومەتەوە ، کەنزیکەی پەنجاساڵ ، لەناوحیزبەکاندا لەڕێزەکانی ڕێکخستنی حیزبدا کارم کردوە ، بەدوایانەوە ولەگەڵیاندا بووم ، برادەرانم ئەم ڕاستیە ئەسەلمێنن کە بەدڵسۆزی وچالاکی وپاکی ودەستپاکی کارمکردوە . لەسەرو ئەوەشەوە زۆرجار بیستومەو هاتوەتە گوێم ، گوایە من بەهۆی حیزبایەتی ویەکێتی مامۆستایانی کوردستانەوە ورێکخراوەکانەوە ، لەسایەو سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ، سوودمەند بووم ویارمەتی دراوم .

لەوەرامدا ئەڵیم : بە هیچ شێوەیەک ئەم قسەیە ڕاستنیە. ئەتوانم بڵێم ، بەدرێژایی ژیانم یارمەتی پولێک نەدراوم ، لەئەنجامی ماڵ کاولی تاڵانکراوی ونەبوونی، قەرەبوو نەکراومەتەوە ، نەمادی نە مەعنەوەی. تابۆ چاپکردنی کتێبەکانم نە بەفەرمی نە بەتاک یارمەتی نەدراوم .

*هەر بەڕاشکاوی ئەڵێم : سوپاسی کەسێک ئەکەم ، کە بێت بڵێت ئەمە وانیەو ڕاستنیەو یان بڵێن ڕاستناکەیت . دەبا حیزبیک ، ڕیکخراوێک ، ناوەندێک ، کەسێک ، تاکێک ، هەبوونبێت بێت بڵێت ڕۆژێک لە ڕۆژان لەکاتی نەبوونی ولێقەوماندا یارمەتیمان داویت ، دەستمان گرتویت ، ئەوسا ئەڵێم ئەوەی پێیاندابم ، بابێن لێم وەربگرنەوە ، بابلاوی بکەنەوە ، بێمنەتم . هەرچیم هەیە وەک خەلکی ئەڵێن بەوریایی خۆم بەڕەنجی شانی خۆم پەیدامکردوە.

* بۆپلەو  پایەو  وەرگرتنی زەوی  وبەرژەوەندی تایبەتی خۆم ، لەژیانـدا هەڵـپەم نەکردوە ، هەوڵم نەداوە  درگام بەکەس نەگرتوە ، چاوم لەدەستی کەسەوە نەبووە .
تا ئەمڕۆ بایی پولێک لێیان سودەمەند نەبووم.
*بەپێچەوانەوە بەدەستیانەوە توشی زیانی مـادی وئـازاربووم کە بەڵـگەم لەلا هەیە لەگەڵ شاهید ، ودژی هیچ لایەنێکیش نیم.
* بەڵام بەرژەوەنـــدی و ســـەرکەوتنی نەتەوەکەم لەلام لەبەرتـــرە لە بەرژەوەندی گیرفانم .

محەمەد باقی سەعید  مستەفا بەرزنجی
نەرویج  ساڵی  ٢٠١٣

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پیشکەش | ٣ |
| پێشەکی | ٤ |
| **بەشی یەکەم** | ٧- ٢٤ |
| ئاوایی دارە توو | ٩ |
| ژیان لە ئاوایی دارە توودا | ١٦ |
| باخ و بێستانەکەی ماڵی ڕۆشنا | ١٩ |
| **بەشی دووەم** | ٢٥ — ٤٠ |
| شاییەکەی ناو دێ | ٢٧ |
| ساڵی خوێندن دەستی پێکردووە | ٣٢ |
| **بەشی سێیەم** | ٤١ — ٥٦ |
| ژیان و گوزەرانی ناو ئاوایی | ٤٢ |
| بەفر باری | ٤٥ |
| ڕۆشنا گوڵێکە بووکی بەهارە | ٤٨ |
| دڵە ڕاوكێی دانیشتوانی ئاوایی | ٥٢ |
| **بەشی چوارەم** | ٥٧ — ٧٧ |
| خەمی دانیشتوانی ناو دێ | ٥٩ |
| ڕۆشنا و دەستە خوشکەکەی | ٦٨ |
| هەواڵی ڕۆشنا و دەستە خوشکەکەی | ٧١ |
| **بەشی پێنجەم** | ٧٩ — ٩٩ |
| بەهارێکی نوێ | ٨١ |
| هیوایەك ... چاوەڕوانی | ٨٧ |

## ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| گوزەرانی ڕێباز | ٩٢ |
| خەمناكی | ٩٤ |
| **بەشی شەشەم** | ١٠١ — ١٢٣ |
| ڕۆشنا و ڕاسپاردەكەی | ١٠٣ |
| ڕێباز كرێكارە | ١٠٨ |
| ڕۆژێكی ناوازە | ١١٤ |
| **بەشی حەوتەم** | ١٢٥ — ١٤٩ |
| بازگەی كەركوك | ١٢٧ |
| ڕێباز و ڕۆشنا سوار ئەبن | ١٣٤ |
| **كۆتایی** | ١٥١- ١٥٦ |
| دوا تێبینی | ١٥٣ |
| **شاعیری هەستیار و هەڵگەوتوو( دكتۆر ئەمین )** | ١٥٧ |
| **كورتەیەك لە ژیانی نووسەر** | ١٥٩ |
| **ناوەڕۆك** | ١٦٤ |